# داستانی کۆڕێ
# شانـازیی نەتەوەیەک

نووسینی

میرزا ئیبراهیم قادر

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی
کوردستان

٢.٢٢

ناوی کتێب: داستانی کۆڕێ شانازیی نەتەوەیەک.

نووسینی:  میرزا ئیبراهیم قادر.

پێداچونەوە و دیزاین: دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

شوێن و ساڵی چاپ: هەولێر - ٢٠٢٢.

چاپخانە: رۆکسانا.

تیراژ: ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٣٢٩) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

# پێرست

پێشـەکی ---------------------------------------------------- ٧
عێـراق وڵاتـی پێکهاتـەکان یـان دەوڵەتـی نەتـەوەی سەردەسـت ----- ١٣
بارودۆخـی کوردسـتان لـە قۆناغی پاش عەبدولکەریم قاسـم ------------ ٢٣
بارودۆخـی کوردسـتان دوای کودهتـای ١٧ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٨ ---- ٢٧
شۆڕشـی ئەیلـوول وەرچەرخانێـك لەمێـژووی خەباتـی چەکـداری کـورد - ٣١
ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ ---------------------------- ٣٣
هەڵگیرسـانی شۆڕشـی گـوڵان ---------------------------------------- ٣٩
بەرەی کوردستانی سەرەتای قۆناغی ئاشتەوایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ------------------------------------------------- ٤٣
بیرۆکـەی ڕاپەڕیـن و هەوڵێـك بـۆ خۆئامادەکـردن ------------------- ٥٥
ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی خەباتی کورد ------- ٥٩
پەلامـار و لەشکرکێشـییەکانی سـوپای عێـراق بـۆ داگیرکردنـەوەی کوردسـتان ------------------------------------------------------------ ٦٣
هەڵکشـان بـەرەو پیرمـام و سـەرەتای سـەرکەوتنێکی گـەورەی هێـزی پێشـمەرگە ------------------------------------------------- ٦٩
یەکەم هێرشـی سـوپای عێراق بـەرەو کـۆڕێ ------------------------- ٧٧
دووەم هێرشی سوپای عێراق بەرەو کۆڕێ ----------------------------- ٨٣
پلانی یەکەم هێرش بۆ زنجیرە چیاکانی سەر کۆڕێ --------------------- ٨٣
هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە بۆ سەر بنکە سەربازیەکانی سوپای عێراق ٩١
پلانی دووەمی هێرش بۆ دەربەندی کۆڕێ ------------------------- ٩٥
هۆکارەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی کۆڕێ ------------------ ١٠١
دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق ------------------------ ١٠٩
دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٩١ ----- ١١٣
بڕیـاری ٨٨٦ و نـەوای ئارام بـۆ کـورد ------------------------------ ١٢٧
ئەنجام ------------------------------------------------------------ ١٣٥
پاشکۆ و دۆکیۆمینتەکان -------------------------------------------- ١٣٩
لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان ------------------------------------ ١٨١

## پێشکەشە

بـە گیانـی پاکی شـەهیدانی کوردسـتان و ئەو پێشـمەرگە قارەمانانەی بە خوێـن و جوامێـری خۆیـان ئـەو شـانازییەیان بـۆ گەلی کوردسـتان تۆمـار کرد تـا هەمـووان لە سـایەیدا بە ئـازادی بژین...

## پێشەکی

لە ساڵی ١٩٦٨ حزبی بەعسی عەرەبی لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی لە عێراق گرتە دەست و لە سەردەمی صەدام حوسێن لە دوای ساڵەکانی ١٩٧٩، وەك هێزێکی گەورە و کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوت، بەڵام دوای دەستگرتن بەسەر تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و بەکارهێنانی چەپۆکی ئاگر و ئاسن، تووشی لە خۆبایی بوو و خۆی لە لووتبەرزییەکی بێ وێنەدا بینیەوە تا بەو ڕادەیە گەیشت بوو بە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە. ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی مەترسییەکانی حزبی بەعس بوو، نەك هەر لەسەر عێراق و کوردستان، بەڵکو لە سەر وڵاتانی هەرێمیش، دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ هێرشیکردە سەر وڵاتی کوێت و داگیریکرد، زەرەر و زیانێکی ئێجگار گەورەی لە ئابووری و سەروەری ئەو وڵاتەدا. سەرەنجام لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کارکەنار کرا و گلۆڵەی بەختی دەسەڵاتداریی کەوتە لێژی. واتە دوای دەرپەڕاندنی لە وڵاتی کوێت ئەو هەژموونەی جارانی لەدەست چوو. لە ئەنجامی ئەو شەڕە سوپای عێراق بەتەواوی تێکشکا، ئەو هێز و توانایەی جارانی نەما، خەڵك و پارتە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی هەلومەرج بۆ ڕاپەڕین دژی ئەو ڕژێمە لەبارە. سەرەتا ڕاپەڕین لە باشووری عێراق دەستیپێکرد و توانی گورزێکی کوشندە لە حکومەتە تێکشکاوەکەی سەدام بدات.

باشووری کوردستان کە لە ململانێ سەربازی و سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا گوزەری دەکرد، ڕۆڵی کارای هەبوو، بە تایبەتی قوربانی هێرش و نەهامەتییەکانی گرتن و کوشتن و تاڵانکاری لەشکرکێشی و سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هاتبۆوە، بۆیە ساڵی ١٩٩١ لە دژی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم ڕاپەڕی و توانی تەواوی جوگرافیای باشووری کوردستان ڕزگار بکات. ئەو ڕاپەڕینە مێژووییە بەرهەمی یەکڕیزی هێزە سیاسییەکان و بەرەی کوردستانی بوو.

بێگومـان ڕاپەڕینـی جەمـاوەری کوردسـتان زادەی تووڕەیـی خەڵکـی کوردسـتان و تۆکمەیـی پـلان و بەرنامـەی سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بـوو کـە ڕاسـتەوخۆ لە لایـەن سـەرۆك مەسـعود بارزانیوەک سـەرۆکی بەرەی کوردسـتانی سەرپەرشـتی دەکـرا، بـەڵام دوای ئـەوەی حکومەتـی عێراق خۆی یەکخسـتەوە و هێرشـی کردەوە سـەر کوردسـتان و توانی شـارەکان بگرێتەوە، بـەڵام لـە ئەنجامـی پێداگیریـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لەبەرگریکـردن لـە ڕاپەڕیـن و وەسـتانەوە بەرامبـەر پێشـڕەوییەکانی سـوپای تێکشـکاوی ڕژێـم، هێزەکانـی بەرەی کوردسـتانی لە دەربەندی شـارۆچکەی کـوڕێ هێلی بەرگری دانـا کـە دواتـر بـە «داسـتانی کـوڕێ›› نـاوی دەرکـرد، لـەم شـەڕە نابەرابـەرەدا هێـزی پێشـمەرگە توانـی گورزێکـی کەمەرشـکێن لـە هێـزی هێرشـبەری ڕژێـم بـدات. شـەڕێك، هەرچەندە لـەڕووی توانای سـەربازی زۆر ناهاوسـەنگ بـوو، بـەڵام پێشـمەرگە بـە خوێـن ڕێگەی لـەو پێشـڕەوییە گرت.

بـەم ڕاوەسـتانەوەی پێشـمەرگە لـە دەربەندی کـۆڕێ «داسـتانی کۆڕێ›› گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە هاوکێشـەی سیاسـی لـە عێـراق و باشـووری کوردسـتان هاتەکایـەوە و بـوو بـە خاڵـی وەرچەرخـان و بڕیـاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی لێکەوتـەوە کـە ئەنجـام نەوای ئـارام بۆ کـورد پێکهێـنرا، کەدواتـر لەسـاڵی ١٩٩٢ بوو بەهەوێنـی دامەزراندنـی ئۆرگان و دەزگا گرنگەکانـی هەرێمـی کورسـتان.

پێشـمەرگە لـە داسـتانی کـۆڕێ چۆکی بـە سـوپایەک دانا کـە یەکێک بوو لـە بەهێزتریـن و دڕندەترین سـوپای ناوچەکـە و لەڕووی توانا سـەربازییەکان زۆر پێشـکەوتوو و پـڕ ئەزمـوون بـوو، بـەڵام ئیـرادەی هێـزی پێشـمەرگە و سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد بەتایبەتـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی کـە بـە هەمـوو شـێوەیەك جەختـی لـە بەرگریکـردن دەکـردەوە، زۆر لـە چەکـی پێشـکەوتوو بەهێزتر بوو. هەر ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی پێشـمەرگەکانی بـەرەی کوردسـتانی لـە شـەڕی یەکەمـی کـۆڕێ قارەمانیەتییەکـی بـێ وێنـە بنوێنـن و سـوپای عێـراق تووشـی سەرسـوڕمانێکی گـەورە بکـەن، هەرچەندە

بۆ قۆناغەکانی پاش ٧ی مانگ سوپا چەندین هەوڵیتریدا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی، بەڵام هەموو هەوڵەکانی شکستیانهێنا و نەیتوانی بە مەرامەکانی بگات.

هەڵبژاردنی ئەو بابەتە «داستانی کۆڕێ» بۆ توێژینەوە، وێڕای ئەوەی کارێکی گرانە، هاوکات کارێکی ئاڵۆزیشە، چونکە زۆرێك لەو پێشمەرگانەی بەشداری کارایان لەم داستانەدا هەبووە، ئێستا لەژیاندا نەماون. بۆ ساغکردنەوەی ئەم بابەتە پشت بەو چاوپێکەوتنانە بەستراوە کە پێشووتر لەگەڵیاندا ئەنجامدراوە. ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، لە لایەک نووسینەوەی داستانە بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگەیە، لە لایەکی دی دەرخستنی ڕاستییەکانە. لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، شەڕی یەکەمی کۆڕێ لە لایەن بیست و چوار[١] پێشمەرگەی هێزی بارزان و هێزیکی تر بەفەرماندەیی حالی دۆلەمەری، لەگەڵ سێ پێشمەرگەی سۆسیالیست ئەم داستانە نەبەردە تۆمارکراوە، بەڵام لە قۆناغی دووەم کە لە ١١ی نیسان دەستپێدەکات زۆربەی پارتە سیاسییەکانی ئەوکاتی کوردستان بەشداری شەڕەکە دەکەن. لەوبارەوە عومەر عوسمان لە چاوپێکەوتنێکیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پاش سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە بەرگریکردن، کۆسرەت ڕەسوڵ پێی گوتووە: ''دووبارە بارزانییەکان سەلماندیان کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەن''.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە گێڕانەوەی زارەکی بەستراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی گرنگ، کە هەندێکیان پلەی زانستی بەرزیان هەیە، لەگەڵ ژمارەیەک لەو چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەوانیانەی دواتر لە ساڵیادەکەدا ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ بەشداربووانی شەڕەکە ئەنجامیان داوە.

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕاپەرین، دەرفەت و ئاستەنگەکان ١٩٩١-٢٠٠٢، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٨٤

بێگومـان هیـچ کارێـك بـێ کەموکورتـی نابێت، بـەو هیوایـەی توانرابێت ڕاسـتی ڕووداوەکە و گیانی بەرخودانی پێشـمەرگە ئاشـکرا بکرێت، بۆ ئەوەی ڕاسـتییەکان چەواشـەنەکرێن.

# بەشی یەکەم

## دۆزی کورد و حکومەتەکانی عێراق

## عێراق وڵاتی پێکهاتەکان یان دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست

کێشـەی کـورد لـە عێـراق پێگەیەکـی گرنگ و گـەورەی هەیە لـە مێژووی نوێـی ئـەو وڵاتـە، شـۆڤینییەکان پێیانوایـە ئـەم کێشـەیە بەرەنجامـی پـلان و ڕێوشـوێنی بێگانەیـە، بـۆ ئـەوەی سـەقامگیری لـەو ناوچەیـە نەیەتەئـارا[1]، سیاسـەتی بەریتانـی لـە عێـراق پێـش سـەربەخۆیی، پێداگیـری لەسـەر بەهێزکردنـی دەوڵەتـی ناوەنـدی یەکگرتـووی بەهێـز دەکـردەوە، چونکـە ئـەوان لـەو بڕوایەدابـوون عـەرەب و کـورد لـەو وڵاتـە نوێیـە ناسـنامەیەکی تـری نیشـتیمانی بـۆ عێـراق دروسـت دەکـەن و پێکـەوە دەتوانـن بەرژەوەندییەکانیـان لـە وڵاتـە نوێیەکـە بە شوناسـێکی نوێوە بپارێـزن[2]، پاش ڕاگەیاندنـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراق و دانانی فەیسـەڵ کوڕی حوسـێن بـە پاشـای ئـەو وڵاتـە لـە سـاڵی ١٩٢١، کوردیـش ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو لـە دامەزراندنـی ئـەو وڵاتـە نوێیـە، چونکە تـەواوی خەڵکی کوردسـتان بێجگە لە پارێـزگای سـلێمانی دەنگیـان بـۆ پاشـا دا[3].

پـاش تێپەڕبوونـی یـەك سـاڵ بەسـەر دامەزراندنـی ئـەو دەوڵەتـە، لـە سـاڵی١٩٢٢ بەریتانییـەکان ڕێگەیـان بـە شـێخ مەحمـود حەفیـد دا کـە ئـەوکات دوور خرابوویـەوە بـۆ وڵاتـی هنـد، بگەڕێتـەوە شـاری سـلێمانی[4]

---

(١) ماجـد عبـد الرضـا: اضـواء علـى القضيـة الكورديـة، مجلـه الثقافـه الجديـدة، بغـداد، عـدد٢، ١٩٦٩م، ص٧.

(٢) مجيد خدورى، العراق الجمهورى، ط١، مطبعة امير، ايران، ١٩٨٨م، ص٢٣٤.

(٣) محمـد طاهـر محمـد، القظيـة الكرديـة فـى العـراق وحـق تقريـر مصيـر، مكتبـة مدبولـى، مـصر، قاهـرة، ٢٠٠٨م، صـص ١٢٤-١٢٥.

(٤) احمـد عبدالرحيـم مصطفـى، الآكـراد والوحـدة الوطنيـة فـى العـراق، مجلـه السياسـه الدوليـة، قاهـره، عـدد٢٣، مجلـد٧١، ١٩٧١م، ص٢٨.

و لـە ڕێکەوتـی ٢٢ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٢ حکومـەت ڕاگەیانـرا[1]، زۆری نەبـرد لـە مانگـی١١ی سـاڵی ١٩٢٢ خـۆی بـە فەرمانڕەوا و پاشـای کوردسـتان ناسـاند[2]. ڕەزامەندیـی بەریتانیـا لەسـەر سـەرکردایەتی شـێخ مەحمـود ئەوەنـدە پرۆسـەیەکی دادپەروەرانـە نەبـوو بۆ کـورد، وەک ئـەوەی کۆنترۆڵی کوردسـتان بـکات و ڕێگـری بـکات لـە پێشـێلکردنی ئـەو ئاگربەسـتەی لەژێـر سـایەیدا ئاگربەسـتی مـودۆرس ئەنجامـدرا لـە سـاڵی ١٩١٨، شـێخ مەحمـود لەچەنـد مانگێـك زیاتـر نەیتوانـی پارێـزگاری لـە دەوڵەتـە نوێیەکـەی بـکات، بەهەمـوو شـێوەیەك بەریتانیـا دژایەتـی دەوڵەتەکـەی دەکـرد[3]، بـەردەوام بـوو لـە هێرشـی سـەربازی بـۆ سـەر ئـەو ناوچانـەی ژێـر دەسـەڵاتی شـێخ مەحمـود و توانـی پایتەختـی دەوڵەتەکـە داگیـر بـکات، بەریتانیـا هـەر زوو لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە توانـی شکسـت بـەو داخوازییـەی کـوردان بهێنێـت و کوردسـتان بگەڕێنێتـەوە نـاو بازنـەی ئـەو دەوڵەتەی پێـی دەگوترا عێراق[4].

پـاش واژۆکردنـی پەیماننامـەی بەریتانی-عێراقـی لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٠، قۆناغێکـی تـری سیاسـەتی بەریتانـی بەرامبـەر بەگەلـی کـورد و پرسـە نیشـتیمانی و نەتەوەییەکـەی دەسـتپێکرد، لـەم قۆناغـەدا پێشـێلکردنی ڕێککەوتنامـەی دەسـتەبەرکردنی مافـی کـورد (پەیمانـی سـیڤەر[5]) کـە

(١) تومـاس بـوا، تاريـخ الاكـراد، تـر: محمـد تيسـير خـان، ط١، دار فكـر العربـى، بيـروت، ٢٠٠١م، ص٢٠٤.

(٢) نـوری کەریـم، پانۆڕامـای دیرۆکـی دێریـن و نوێـی کـورد ٤٠٠٠پ.ز- ١٩٧٥ز، بەرگـی دووەم، سـلێمانی کوردسـتان، ٢٠١٦ز ل ٣٠٥.

(٣) عبد الحسين مهدى عواد، محنة العراق الى اين، بيروت، ٢٠٠٤م، ص١٠٧.

(٤) صـلاح سـعدالله، المسـألة الكورديـة فـى العـراق، دار المثنـى للطباعـة والنـشر، بغـداد، ٢٠٠٣م، ص٨٥.

(٥) پەیمانـی سـیڤەر لـە کات و گەرمـەی بەڕێوەچوونـی کۆبوونەوەکانـی کۆنگـرەی ئاشـتی

خۆی لە چوارچێوەی دانان بە مافی نەتەوەیی کورد دەبینیەوە، لە تەواوی کوردستان و عێراقی بەزۆر دروستکراو کۆت و بەند کرا، عێراق لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا مایەوە، ئەم قۆناغە بۆ گەلی کورد دژوارترین و ناخۆشترین قۆناغ بوو، پاش ساڵی ١٥١٤ بۆ جاری دووەم کوردستان لەنێوان چەند وڵاتێك دابەشکرایەوە، بەبێ ویست و ڕەزامەندی کورد خۆی، بەپێی ڕێککەوتنامەی لۆزان[1] دابەشی سەر چوار پارچە و چوار

پاریس (١٩١٩ - ١٩٢٠ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی سیاسەتی جیهانی دوای جەنگ) لە ڕێکەوتی ١٩٢٠/٨/٢٠ لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمانانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ -١٩١٨) و دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرا، بە پێی ئەم پەیمانە، کە بەگشتی لە (٤٣٣) مادده پێک هاتووە. کۆمەڵێک مەرجی قورس لە بوارەکانی گەرووە ئاوییەکان و مافی وڵاتانی بیانی و کاروباری دارایی عوسمانی و چارەنووسی گەلانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی وەکو کورد و عەرەب و ئەرمەن و .....هتد بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپێنرا.

- لەبارەی کوردستان لە پەیمانی سیڤەردا:

پەیمانەکە (٣) ماددەی بۆ بارودۆخی کوردستان تەرخانکردبوو، کە ئەوانیش ماددەکانی (٦٢، ٦٣ و ٦٤) بوون.

ماددەی ٦٢ تایبەت بوو بە کاری ئەو لێژنە بەریتانی و فەڕەنسی و ئیتاڵییەوە، کە دەبوو بێنە ناوچەکەوە بۆ دیایکردنی سنووری ئەو ناوچەیەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، تا بگەن بە مافی ئۆتۆنۆمی خۆیان، ماددەی ٦٣یش ئاماژە بە ڕازیبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەو ئەنجامەی لیژنەکە پێی دەگات، و هەرچی ماددەی ٦٤یشە باسی ئایندەی ئەو ناوچەیە دەکات، کە بەپێی ماددەی ٦٢ دیاریکراوە، بەوەی ئەگەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دوای ساڵێک خواستی جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی هەبێت، دەتوانن داواکاری بۆ ئەو مەبەستە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز بکەنەوە. بڕوانە: ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، چاپەمەنی مانگ، بانە، ٢٠١٨ز ل ٢٠٣.

(١) پەیمانی لۆزان ئەو پەیمانەیە کە دوای جەنگی چاڵدێرانی سەفەوی وعوسمانی

وڵات کرا[1].

لە تەموزی ساڵی ١٩١٩ شێخ ئەحمەدی بارزان لە دژی سیاسەتەکانی بەریتانی بەرامبەر مافەکانی گەلی کورد وەستایەوە، هەریەکێك لە کۆڵۆنێل بێل حاکمی بەریتانی لەموسڵ و کاپتن سکۆت حاکمی ئاکرێ، بەتوندی دژی شێخ ئەحمەد بارزانی بوون، هەڕەشەی توندیان دەکرد و سەرانەیەکی زۆریان خستبوویە سەر خەڵك و هەموو دانیشتوانی

بۆجاری دووەم کە کوردستانی گەورەی تێدا بەشکراو بوو بە ژێر دەستەی دەوڵەتە گەورەکان و زلهێزەکانی جیهان، پاش ئەوەی (کەمال ئەتا تورك) سەرۆك و دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا، بە هەوڵی دیپلۆماسی و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران توانی (پەیمانی سیڤەر) هەڵوەشێنێتەوە، لە ڕێکەوتی ٢٤-٠٧-١٩٢٣ کۆنفرانسێکی نوێ لە لایەن دەوڵەتانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتاڵیا و رووسیا، لە شاری «لۆزانی وڵاتی سویسرا بەسترا»، مەبەست لە بەستنی ئەو کۆنفرانسەش، کە بە (پەیمانی لۆزان) ناوی دەرکرد، دارشتنەوەی سەرلەنوێ قەوارەی سیاسی و جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لەو رۆژەدا بوو بڕیارێکی نامرۆڤانە و دوور لە هەموو یاسا و پرەنسیپێکی مرۆڤی و نێودەوڵەتی لە دژی نەتەوەی کورد درا، بەبێ ویست و ئاگاداری نەتەوەی کورد خاکی کوردستان و تێکڕا دانیشتوانەکەی لە نێوان هەر چوار دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دابەشکرا. پارچەی پێنجەمی کوردستانیش کە بە کوردستانی سوور ناو دەبرا، کەوتە ژێر دەستی یەکێتی سۆڤیەتەوە، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، پاش دارشتنی قەوارەی سیاسی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆیان لە ناوچەکەدا، دەستیان کرد بە یارمەتی دانی سەربازی و فرۆشتنی چەك و پشتیوانی کردنی سیاسی و دیبلۆماسی لەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا بوو. بڕوانە: ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، چاپەمەنی مانگ، بانە، ٢٠١٨ز ل٢٠٤.

(١) ماجد عبد الرضا، القظية الكرديه فى العراق، بغداد، ٢٠٠٣م، ص٧٠.

ناوچەکەیان هەراسان کردبوو[1]، بۆیە سەرۆکەکانی هۆزی سورچی و زێباری پلانێکیان بۆ کوشتنی هەردوو گەورە بەرپرسی بەریتانی دانا لەو کاتەی بەناوچەکەدا دەگەڕێن، داوایان لە شێخ ئەحمەد بارزانی کرد بۆ ئەوەی پلانەکەیان پەسەند بکات، شێخ ئەحمەد پلانەکەی پەسندکرد بە مەرجێك هەموو لایەك پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان بن، لەکاتی گەڕانی هەریەك لە کۆڵۆنێل بێل حاکمی بەریتانی لەموسڵ و کاپتن سکۆت حاکمی ئاکرێ لەناوچەکە کەوتنە کەمین و لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ کوژران[2].

ساڵی ١٩٣٣ شێخ ئەحمەد بارزانی دژی سیاسەتی قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی کورد و تواندنەوەیان لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا دەستیکرد بە شۆڕش، ، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، بۆیە بە فەرمانی حاکمی بەریتانی لە عێراق دوور خرایەوە بۆ شاری کەرکووك و لەوێشەوە گوازرایەوە بۆ شاری سلێمانی تاکو ساڵی ١٩٤٥ لەو شارە مایەوە. سیاسەتی بەریتانیا هەنگاوێکی ئیمپریالیزمیانە بوو بەرامبەر بە مافی گەلی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنی عێراق لەسەر بنەمای عێراقێکی عەرەبی پرۆژەیەکی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە سەقامگیری لێنەکەوتەوە[3]، دەکرێت بڵێین هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بوو، چونکە دوو نەتەوە و دوو شارستانی جیاواز بوون، بەزۆر بەیەکەوە لێکندران و بە ناچاری پێکەوە لەوڵاتێك نیشتەجێکران.

لە ساڵی ١٩٤٣ دا مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداری کرد دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق، پاش چەندین شەڕ و

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢٠ز، ل ٢٥.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٦ .

(٣) توماس بوا، المصدر السابق، ص٢٠٦.

پێکدادن لەنێوان سوپا و پێشمەرگەکانی بارزانی دانوستانی نێوان بارزانی و حکومەت بە سەرۆکایەتی نوری سەعید[1] دەستپێکرد، لەچوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەدا، ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندن و پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان درا، کە پێك دەهات لە هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و قەزاو ناحیە کوردنشینەکانی شاری موسڵ[2]، بەڵام بەداخەوە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە لایەن وەزیرەکانی نوری سعید و چەند سیاسییەکی عێراقی ڕەتکرایەوە، ئەمەش بوو بەهۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی نوری سەعید[3]، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٥ مەلا مستەفا بارزانی بڕیاری پاشەکشەی دا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی ئەو فشارەی خرابوویە سەر خودی خۆی و شۆڕگێڕان[4]. پاش ئەوەی گەیشتە

(١) نوری سەعید لە ساڵی ١٨٨٨ لەبەغدا لە خێزانێکی مام ناوەند لەدایك بووە، باوکی لەیەکێك لە فەرمانگەکانی سەردەمی عوسمانی وەك مدقق کاری دەکرد، نوری سەعید لە ئەکادیمیای سەربازی ئەستەنبۆڵ خوێندوویەتی و پەیوەندی کردووە بە سوپای عوسمانی و پلەی ملازم بووە، هەروەها لە کۆلێژی ئەرکان خوێندنی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩١٦ پەیوەندیی بە شۆڕشی عەرەبی گەورەوە کردووە، مەلیك فەیسەڵ باوەڕ و متمانەیەکی زۆری پێ هەبووە، بۆیە ڕای سپاردووە بۆ ئەوەی دەزگای پۆلیس و ئاسایش دابمەزرێنێت، پاشان بەڕێوەبەری پۆلیس بووە، لەزۆربەی وەزارەتەکانی سەردەمی مەلیك وەزیری بەرگری بووە، کەسێکی چالاك بووە، لەناوەڕاستی بیستەکانەوە دەستە ڕاستی مەلیك فەیسەڵ بووە، سیاسیەکان زۆر لە هەنگاوە ترسناکەکانی دەترسان، لە ساڵی ١٩٣٠ بۆیەکەم جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە، لەنێوان ساڵی ١٩٣٩ تاوەکوو ساڵی ١٩٥٨ چواردە جار سەرۆکایەتی حکومەتی پێ سپێردراوە، بڕوانە: حامد الحمدانی، نوری سعید رجل المهمات البريطانية الكبرى، بغداد، ٢٠٠٤، صص ١١-١٤.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

(٤) صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص٨٩.

ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زۆری نەبـرد کۆماری کوردسـتان لە شـاری مهاباد وەك یەکەمیـن نۆبـەرەی کۆمـاری کـورد دامـەزرا، بارزانـی و هاوڕێکانـی ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـوو لـە کۆمـار، بـەڵام بەداخـەوە زۆری نەبـرد کۆمـار لەژێـر کاریگەریـی بارودۆخـی هەرێمـی و ناوچەیـی ڕوخـا، لـە ئەنجامـدا پـاش مشـتومڕێکی زۆری مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هاوەڵەکانـی ڕویانکـردە یەکێتی سـۆڤیەت[1]، چونکـە هیـچ تروسـکایەکی هیـوا و ئومێـد نەمابـوو، وڵاتانـی هەرێمـی دژی مانـەوەی بارزانـی بـوون لەوڵاتەکانیـان.

دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٤٦ بـە ڕێنوێنی و سـەرکردایەتی مـەلا مسـتەفا بارزانـی وەرچەرخانێکـی گـەورەی مێـژووی بوو لـە دیرۆکـی کـورد، چونکە پارتی لـە قۆناغێك دامـەزرا، هیواکان بـەرەو نەمان چووبـوون و خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی بێ ئومێـد ببوو.

## شۆڕشی ١٤ تەموز و سەردەمی کۆماری یەکەم و قۆناغێکی نوێ

لـە ١٤ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨ وەرچەرخانێکـی گەورە لەمێـژووی عێراق ڕوویدا، کۆمەڵێك ئەفسـەر و سیاسـی عێراق شۆڕشـیان دژی ڕژێمی پاشـایەتی هەڵگیرسـاند و توانیـان سـەرکەون، لەیەکـەم هەنگاویشـدا سیسـتەمی فەرمانڕەوایـی پاشـایەتی لـەو وڵاتـە بـۆ هەتاهەتایـە سـڕایەوە، قۆناغێکـی نـوێ دەسـتپێکرد ئەویـش قۆناغـی یەکەمـی حکومەتـی کۆمـاری بـوو[2]، گەلـی کـورد هیـوای لەسـەر حکومەتـی کۆمـاری هەڵچنـی بـوو، پەیوەنـدی نێـوان کـورد و عـەرەب تا ئاسـتێکی زۆربـاش چووە پێشـەوە[3]، ئەمـەش بووە هـۆی هاتنەکایـەی دەسـتورێکی نـوێ بـۆ عێـراق، کـە دەسـتووری کاتیـی بوو لـە ٢٧ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨، کـە تێیـدا بەڕوونـی دان نـرا بـە مافـی گەلـی

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

(٢) جەلال تاڵەبانی، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، ٢٠١١ز، ل ٢٦٦.

(٣) عبد الحسين مهدی عواد، المصدر السابق، ص١٠٧.

کورد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لەعێراق، لە مادەی سێی دەستورەکە بەو شێوەیە ئاماژەدرابوو: کیانی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای هاوکاری هەموو هاوولاتیانی عێراق دامەزراوە[1]، بە ڕێزگرتن لە مافی تەواوی پێکهاتەکان، عەرەب و کورد هاوبەشن لەو وڵاتە، لەدەستوردا دان نرابوو بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. لێبوردنێکی گشتی دەرکرا بۆ هەموو ئەو کوردانەی دوورخرابوونەوە، بەتایبەتی بۆ هەڤاڵانی بارزانی و خودی مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەبوو بارزانی لە ڕێکەوتی ٦ی تشترینی یەکەمی ١٩٥٨ بەشێوەیەکی شکۆمەندانە و لەنێو ئاپۆرایەکی مەزنی جەماوەر و پێشوازییەکی فەرمی گەیشتەوە بەغدای پایتەخت[2]، لە ڕێکەوتی ١٦ی نیسانی ١٩٥٩ بارزانی خۆیشی پێشوازی لە هاوەڵانی کرد لە بەندەری بەسرە، خودی شیخ ئەحمەد بارزانی لە هەولێر چوو بۆ پێشوازی و دیدەنی هەڤاڵانی بارزانی[3].

زۆری پێنەچوو، ڕەوشی عێراق بەهۆی سیاسەتە دەرەکییەکانی عەبدولکەریم قاسم لەژێر کاریگەریی نەتەوە پەرستەکان، بەرەو خراپ بوون چوو، ئەوەبوو لەگەڵ تورکیا پەیوەندی تێکچوو، هەروەها لەگەڵ ئێرانیش بەهۆی ناکۆکی لەسەر ویلایەتی ئەهواز[4]، لە هەمان کاتیشدا داوای کوێتی دەکرد وەك بەشێك لە عێراق[5]، ئەمانە و دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ناوچەکە، بەتایبەتی هەوڵی

(١) توماس بوا، المصدر السابق، ص١٨٣.

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم، ل ٥١.

(٣) مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

(٤) سناء جاسم الكعبي، الاحواز الحائرة بين العراقية و الايرانية، مجلە ميزوبوتاميا، عدد٤، بغداد، ٢٠٠٥م، ص١٦٨.

(٥) نوری عبدالحميد العاني، تاريخ الوزارت العراقية في العهد الجمهوری، ١٩٥٨-١٩٦٨، جزء٥، بغداد ٢٠٠٥م، صص ٢٧٠-٢٧١.

خۆماڵـی کردنی نـەوت[١].

پێشـبینی دەکـرا شۆڕشـی ١٤ تەمـوزی ١٩٥٨ ببێتـە مایـەی دروسـتبوونی سـەقامگیریەکی تـەواو لـە عێـراق، بەتایبەتـی هەڵوێسـتی حکومەتـی کۆمـاری بەرامبـەر پرسـی کـورد و سـەرکردایەتیەکەی، داواکردنـی گەڕانەوەی بارزانـی و هاوەڵەکانـی لـە پەناهەندەیـی، هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی بـوو لـە لایـەن کاربەدەسـتانی ئەوکاتـی حکومـەت[٢]، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە فەرمـی تۆمارکردنـی پارتـی وەك حزبێکـی سیاسـی مۆڵـەت درا و بـە ئـازادی بتوانێت لـە هەمـوو عێـراق کاری سیاسـی خـۆی بـکات[٣]، بـەڵام بەداخـەوە هـەر زوو ئـەم هیـوا و ئاواتانـە چوونـە ژێـر گڵ و لەژێـر کاریگەریی نەتەوەپەرسـتەکان و عەرەبـە تونـد ئـاژۆکان نێوانـی حکومـەت و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تێکچـوو، ئەمـەش بـوو بـە سـەرەتای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول[٤].

---

(١) چارلــز تریــب، چەنــد لاپەڕەیــەك لەمێــژووی عێــراق، و: محمــد حســێن، عەبدالقــادر کەلهــور، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٣ز، ل ٢٠٨-٢٠٩.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەوی پێشوو، ل ٤٩.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

(٤) جەلال تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو ل ٣١٤-٣١٥.

## بارودۆخی کوردستان لە قۆناغی پاش عەبدولکەریم قاسم

دوای ئـەوەی عەبدولسـەلام عـارف بـە هـاوکاری بەعسـیەکان لـە ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ توانـی بگاتـە کورسـی دەسـەڵات، سـەرکردایەتیی سیاسـیی کـورد لـە پەرچەکردارێکـدا خۆشـحاڵی و پشـتیوانی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئـەو حکومەتـە نوێیـە، بـەو هیوایـەی سـەرەتایەك بێـت بـۆ وەلانانـی هەمـوو ئـەو کێشـە ناوخۆییانـە و گەیشـتن بـە ئەنجامێکـی بـاش بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ڕەوای گەلـی کـورد[1]، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـاندێك لەسـەر ئاسـتێکی بـەرز لـە لایـەن سـەرکردایەتی کـورد ڕەوانـەی بەغـدا کـرا، بـۆ نیشـان دانـی نیازپاکـی کورد سـەبارەت بە چارەسـەرکردنی کێشـەی نێوان حکومـەت و شـۆڕش، شـاندەکە لەگـەڵ عەبدولسـەلام عـارف کۆبوویـەوە و پیرۆزبایـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی پێگەیانـد، سـەرکردایەتی بروسـکەیەکی پیرۆزبایـی بـۆ عەبدولسـەلام عـارف نـارد، ناوەڕۆکـەی بـەم شـێوەیەی خوارەوە بوو: «کورد دڵخۆشـە بـە کەوتنی ڕژێمی قاسـم، چاوەڕێـی هەنـگاوی پۆزەتیـڤ لـە شۆڕشـی نـوێ دەکات، سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لەسـەر بنەمـای مافـی ئۆتۆنۆمی کـە ببێتە مایـەی بەردەوامـی برایەتـی نێوانمـان» لەبەرامبـەر ئـەم دەستپێشـخەرییەی سـەرکردایەتی کـورد، حکومەتـی عێـراق لـە وەڵامـی بروسـکەکە بەم شـێوەیە هەڵوێسـتی خـۆی دەربـڕی: هـەوڵ دەدەیـن بـۆ بەرقەراکردنـی ئـازادی و دیموکراتـی بـۆ هەمـوو عێـراق، ئێمە بـە چاوێکی یەکسـان دەڕوانینـە هەموو نەتەوەکانـی عێـراق، هیـچ جیاوازیـەك لەنێـوان عـەرەب و کـورد نابێـت نـە لـە مـاف و نـە لەئەرکـدا، هەموویـان لەبەرامبـەر ئـەرك و مافـدا یەکسـانن، حکومەتیـش بـۆ خـۆی چاودێری ئەمـە دەکات، هەر لەم بروسـکەیە داوایەکی ئاڕاسـتەی کـورد کـرد، بۆ ئەوەی دەسـت بەگفتوگـۆی فەرمی بکەن سـەبارەت

(١) مەسعود بارزانی، بەرگی دووەم سەرچاوی پێشوو، ل ١٥٣.

بـە چارەسـەرکردنی ئـەم دۆخـە بـۆ کۆتاییهێنـان بـەو ڕەوشـە نالەبـارە[1].

حکومەتـی عێـراق لەسـەردەمی عەبدولسـەلام عـارف هەوڵێکـی زۆری دا لەگـەڵ کـورد بگاتـە ڕێککەوتـن، بـەڵام بەهـۆی باڵادەسـتی عەقڵیەتـی سـەربازیی لەنێـو ئـەم حکومەتـە، سـەرەنجام هەمـوو ئـەو هەوڵانـە بـە بنبەسـت گەیشـتن، لـە سـاڵی ١٩٦٤ دانوسـتان لـە نێـوان حکومـەت و شـۆڕش دەسـتیپێکرد[2]، بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگاچارەیـەك بـۆ کێشـەی کـورد، لـە چوارچێـوەی ئـەم گفتوگۆیانـە، لە لایەن سـەرکردایەتی کورد پرسـی ئۆتۆنۆمی بـۆ کوردسـتان پێشـنیازکرا، کەچـی وەڵامـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق کـە ئـەوکات تاهیـر یەحیـا بـوو، بـەم شـێوەیە بـوو: «ناکرێت بـە باکـووری عێراق بگوترێـت کوردسـتان، بەبـێ ئـەوەی ڕێـگای جیابوونـەوەی بـۆ بکرێتـەوە[3]».

جـەلال تاڵەبانـی کـە وەک ئەندامـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان یەکێك بـوو لـە ئەندامـانی شـاندەکە، بـەم شـێوەیە باسـی ڕێککەوتنەکـە دەکات: « دانوسـتان لەنێـوان شـۆڕش و حکومەتـی عەبدولسـەلام عـارف دەسـتیپێکرد» مـن نێـردراو و باوەڕپێکـراوی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و مەکتەبـی سیاسـی بـووم، هەردووکیـان بـاوەڕ و متمانەیـان پـێ بـووم، بـۆ ئـەوەی دانوسـتان بکەیـن لەگـەڵ حکومەتـی نـوێ، چاومـان کـەوت بـە گـەورە بەرپرسـەکان و داواکاری و داخوازیـی کوردمـان پـێ ڕاگەیانـدن، بەداخەوە کە ئەم دانوسـتانە سـەری نەگـرت و دووبـارە شـەڕ و کوشـتار لەنێوانمـان دەسـتیپێکردەوە[4].

وێـڕای ئـەوەی دانوسـتان لـە نێـوان شـۆڕش و حکومەتـی نوێـی عێـراق

(١) علیـاء محمـد حسـین الزبیـدی، التطـورات السیاسـیة فـی العـراق ١٩٦٣-١٩٦٨م، اطروحـە دکتـوراە غیـر منشـورة، کلیـة التربیـة للبنـات، جامعـة بغـداد، ٢٠٠٦م، ص٣٨٣.

(٢) نفص المصدر، ص٣٨٤.

(٣) منـذر الموصلـی، القظیـة الکردیـة فـی العـراق البعـث والاکـراد، دمشـق، ٢٠٠٠م، صـص١٧٠-١٧٣.

(٤) جەلال تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٤-٣١٥.

سەرینەگرت، کەچی بۆ پیشاندانی نیازپاکی، حکومەتی عێراق بە ڕواڵەت وای نیشاندا کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات، بۆیە لە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ دەستورێکی کاتی پێشنیازکرد، لەو دەستورەدا بەتایبەتی لە (بەندی١٩)[١] ئاماژەی بە هەبوونی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دابوو کە لە ئەرك و ماف یەکسانن بەبێ جیاوازی، ئاماژە بەوەش درابوو، هەموو گەلانی عێراق یەکسانن بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و بنەچە و زمان و ئایین، لەناو ئەو دەستورە دان نرابوو بە مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا[٢].

پاش سەرنەگرتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەت لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی عەبدولسەلام محمد عارف، دووبارە شەڕی چەکداری دەستپێکردەوە، توێژەر و چاودێرانی بارودۆخەکە لەو باوەڕەدان هۆکارەکانی دەستپێکردنی شەڕی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد، هەمان هۆکاری سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بوون[٣]، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە کورد سووربوو لەسەر بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی، کەچی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات زۆر بەگەرمی پێشوازیان لە شاندەکانی کورد دەکرد و هەڵوێستی ئەرێنیشیان پیشان دەدا بۆ چارەسەکردنی کێشەی کورد و فەراهەم کردنی داخوازی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد[٤]، بەڵام بە

(١) قانون الدستور المؤقت لسنة ١٩٦٤م، قانون عراقی، تاریخ التشریع ١٩٦٤/٤/٢٩م، مادة ١٩.

(٢) نفس المصدر، ص ١٩.

(٣) خلیل محمد طاهر البرواری، مصطفی البارزانی دوره فی نشوء وتطور الحرکة القومیة التحرریة الکردیة، رسالة ماجستیر غیر منشورة، الاکادیمیة العربیة فی الدانمارك، ٢٠١١م، صص ٦٧-٦٨.

(٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی سێیەم

تێپەڕبوونـی کات، دوای ئـەوەی حکومەتـەکان شـوێن پێـی خۆیـان بەهێـز دەکـرد لەژێـر کاریگەریـی شـەقام و هەندێـک جاریـش سیاسـییە تونـد ئاژۆکانیـان، دەسـتبەرداری چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد دەبـوون.

لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە نێـو سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کورد دووبەرەکـی درووسـت بـوو، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دابـەشی سـەر دووبـەرە بـوو، بـەرەی شـۆڕش و بـەرەی مەکتەبـی سیاسـی کـە ئیبراهیـم ئەحمـەد سـەرکردایەتی دەکـرد، ئـەم دووبەرەکیـە ڕاسـتەوخۆ ئێران لەپشـتی بـوو، لـە ڕێگـەی عیسـا پژمـان[1] کـە لـە هەوڵی بـەردەوام دابـوو تاوەکـو بڕوا بـۆ سـەرانی ئێـران دروسـت بـکات کـە بەشـێکی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان لەژێـر دەسـتی ئیبراهیـم ئەحمـەدە. ئیبراهیـم ئەحمـەد و هاوڕێکانـی بـە هەمـوو شـێوەیەك خەریکی دروسـتکردنی پڕوپاگەنـدە بوون دژی بارزانـی، خۆشـیان وەك شـارەزا لـە بـواری سیاسـی و فەرهەنگی..هتـد نیشـان دەدا، بـەڵام نەیانتوانـی بـە ئاواتەکانیـان بگـەن، هەرچەنـدە هەوڵـی بەسـتنی کۆنگرەیانـدا لـە مـاوەت، مەبەسـتیش لـەو کۆنگرەیـە دەرکردنـی بارزانـی بـوو لـە سـەرکردایەتی کردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و سـەرۆکایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان[2].

بەشی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢٠ز، ل ١٥٤.

(١) عیسـا پژمـان یەکێـك بـوو لـە ئەندامانـی سـاواك، خەڵکـی شـاری سـنە بـوو، کوردێکـی خۆفـرۆش دژی گەلـی کـورد و خەباتـە رزگاریخوازەکـەی بـوو، بڕوانـە مەسـعود بارزانـی، هەمـان سـەرچاوە ل ١٦٥-١٦٦.

(٢) مەسعود بارزانی، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.

## بارودۆخی کوردستان دوای کودەتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨

لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ لە عێراق گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە ڕوویدا، بەهاوکاری هەریەکێك لە عەبدولڕەحمان نایف و ئیبراهیم داود و سەعدون غەیدان، توانرا کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف بهێنرێت، هەر زوو خۆی دابەدەستەوە و دوورخرایەوە بۆ لەندەن[١]، ئەم کودەتایە سەرەتای هاتنی حزبی بەعس بوو بۆ سەر کورسی دەسەڵات، گۆڕانێکی جێگیرتری خستە پێکهاتە و ئاڕاستەی حکومەت لە عێراقدا، پێشتر لە ساڵی ١٩٦٣ نەیانتوانی بوو بەو شێوەیەی ئەو جارە سیستەمی حوکمڕانی دابمەزرێنن[٢]، حوکمڕانییەکی توند و تیژ و سەرەتایەکی خراپی فەرمانڕەوایەتی لە عێراق دەستی پێکرد، لە یەکەمین هەنگاوەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن بە تیرۆر و تۆقاندن و پاکتاوکردنی دۆست و یارانی خۆیان دەست پێکرد، بێگومان هەر ئەمەش بوو وای کرد ئەم ڕژێمە هەر زوو ببێتە مایەی ترس و تۆقاندنی خەڵك[٣].

پاش ئەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان دامەزراند، ئەم ئەنجوومەنە ئەحمەد حەسەن بەکری وەك سەرۆك کۆمار و سەدام حوسێن بەجێگری سەرۆك دیاریکرد، ئینجا کارنامەی حکومەتیان بڵاوکردەوە و بەشێوەیەك باسی کێشەی کورد لەنێو ئەم کارنامەیە هات، وەك ئەوەی کێشەیەکی زۆر ئاسایی بێت[٤]، هەرچەندە لە سەرەتای

(١) ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ز، لا٤٩٨، مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥١.

(٢) فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل ٢٢٣.

(٣) هەمان سەرچاوە ل ٢٢٣.

(٤) ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو ل ٤٩٩، مەسعود بارزانی، ل ٢٥١.

پێکهێنانی کابینەی وزاری، عەبدولڕەزاق نایف ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەکە لە ڕێگای ساڵح یوسفی داوا لە بارزانی کرا ناوی پێشنیازکراوانی خۆی ڕەوانە بکات بۆ کابینە نوێیەکە، بەڵام ئەم هەوڵەش هەر زوو لەبار چوو، بەشی هەواڵگری شۆڕش زانیاری لابوو کە دووبارە کودەتا ئەنجام دەدرێت، ئەوەبوو لە ٣٠ی تەموزی هەمان ساڵ عەبدولڕەحمان نایف دوورخرایەوە[(١)].

تا دەهات ڕەوشی عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٨ هەوڵی کودەتا بەسەر حکومەتی ئەوکات درا، دووبارە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ کودەتا بەسەر حکومەت و ڕژێمی ئەوکات، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، بۆ خۆدەربازکردن لەو مەترسییانە حزبی بەعس هەوڵی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتیمانی پێشنیازکرد بۆ کۆتایهێنان بەو ڕەوشە نائارامە، ئەم هەنگاوەشی وەك پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی وڵات بوو، داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش کرا بۆ ئەوەی بەشدار بێت لەو بەرەیە، لەبەرامبەردا پارتی داواکاری هەبوو بۆ ئەوەی بێتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە، یەکەمیان ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی، دووەم هێنانە کایەی کەشێکی ئارام بۆ ئەوەی ئازادی بیروڕا فەراهەم بکرێت، ڕێگا لەچالاکییە حزبییەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان نەگیرێت[(٢)]، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ شاردنەوەی سیاسەتە تیرۆر و توند ئاژۆکانی بوو، چونکە گرنگترین میکانیزمی بەعس بۆ گەیشتنە دەسەڵات، ئەوەبوو زنجیرەیەك خەڵکی دادگایی کرد، ئینجا نەك هەر ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن بوون، بەڵکو پێگەی سیاسیەکانیشی ئەوەندە لاواز کرد، کە بووبوو بە مایەی شەرمەزاری بۆیان. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو تاوانی ناپاکیشی دەدانە پاڵ، بەوەی سیخوڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بوون، ئەمە وای کرد

---

(١) مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٢.

(٢) ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٠.

دەسەڵات تەنیا لە دەستی چەند کەسێك قەتیس بێت[1].

(١) فیبی مارڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

## شۆڕشی ئەیلوول وەرچەرخانێک لەمێژووی خەباتی چەکداری کورد

پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسم توانی سەرکەوتوو بێت لە شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ و گۆڕینی ڕژێمی پاشایەتی بۆ کۆماری، ئەم قۆناغە و ئەم ڕژێمە نوێیە بوو بە مایەی ئومێدی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دا، بڕیاری دا لە چوارچێوەی عێراق هەموو مافێکی کورد دەستەبەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر زوو هەوڵی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی دا لە یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمە وای کرد ئەوەندەی تر متمانەی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی بە حکومەتی کۆماری عێراق بەهێز ببێت[1]، بەڵام زۆری نەبرد گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ڕوویدا، هەڵوێستی توندی بەرامبەر بە گەلی کورد نواند، دوای ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی کرد، لەوێش لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە گفتوگۆی کرد سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندی کورد و عەرەب لە عێراق، کەچی عەبدولکەریم قاسم بە گومانەوە دەیڕوانیە ئەم گەشتەی بارزانی[2]، بۆیە هەر زوو نیشانەکانی دژایەتی بەرامبەر گەلی کورد دەرکەوتن، کە بریتی بوو لە هەنگاو و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و چەوساندنەوەی گەلی کورد لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، وێڕای هەموو ئەوانە بەفەرمی شەڕی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕاگەیاند[3].

وەك پەرچەکردارێك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بڕیاری

---

(١) مەسعود بارزانی، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(٢) مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(٣) د. کاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية فی کردستان العراق 1963-1958م، سليمانية، ٢٠٠٤م، ص١٥٣.

شۆڕشـیدا، بەرامبـەر هەڵوێسـتە شـۆڤێنی و دژایەتیەکانـی حکومەتـی قاسـم، شۆڕشـی ئەیلوول گەورەترین و درێژترین شۆڕشـی چەکداری و سیاسـی کورد بـوو، لـە ١١ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١ بـە ڕابەرایەتـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی هەڵگیرسـا[١]، شـۆڕش بـوو بـە هیـوا و ئومێـدی خەڵکـی، چەتری کۆکـەرەوەی ڕەنـگ و دەنگـە جیـاوازەکان بـوو، خەڵکـی کوردسـتان بەهەمـوو نەتـەوە و ئایینـە جیـاوازەکان هـەر لـە زاخـۆ تـا خانەقیـن لـە چـوار دەوری شـۆڕش کۆبووبوونـەوە، ئـەم پاڵپشـتی و پشـتیوانیەی خەڵـك بـۆ شـۆڕش ئەنجامـی متمانـە بـوون بوو بە شـۆڕش و سـەرکردایەتیەکەی، لەگەڵ ئەوەشـدا شـۆڕش داواکارییەکـی ڕەوای نەتەوەیەکـی مـاف و خـاك داگیرکراوبـوو، گەورەتریـن پـڕۆژەی نیشـتیمانی بوو، سـنووره دەسـتکردە داسـەپاوەکەی سـەر باشـووری کوردسـتانی تێپەڕانـد، ئـەم شۆڕشـە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شـێوازی خەباتـی سیاسـی و چەکداریـدا[٢].

(١) سـمر فضـلا عبدالحميـد محمـد، اكـراد العـراق تحـت حكـم عبدالكريـم قاسـم ١٩٥٨-١٩٦٣م، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، ب.ت، ص١٦٤.

(٢) د. كاوس قفطان، نفس المصدر، صص ١٥٥-٢٠٧.

## ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

یەکێك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەبوو، توانی بە نۆ ساڵ چۆك بە حکومەتی عێراق دا بدات و ناچاری بکات، دان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا بنێت، بەمەش ئامانجی شۆڕش، کە مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان بەدیهات، لە ڕێکەوتی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد، کە تێیدا دان بە مافی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی گەلی کوردستان نرا[١]، مافی خۆ بەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی دانی پێدانرا. ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی سیاسی و چەکداری کورد، یەکێك لە دەسکەوتە هەرە مەزنەکان بوو، چونکە بۆ یەکەمجار، پاش دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا، بەشێوەیەکی فەرمی دان نرا بە بوونی پرسی کورد وەك ڕاستییەکی مێژوویی، گرنگی و بایەخی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار لەوە دابوو، ئەم ڕێککەوتننامەیە بوو بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی و یاسایی لە لایەن یەکێك لەو وڵاتانەی کە بەشێکی کوردستانی پێوە لکێنراوە، وێڕای ئەوەی خرایە نێو دەستووری عێراق، کە لەڕووی یاسایی ڕەهەندێکی گەورەی پێ بەخشیوە[٢].

### گەلەکۆمەی ساڵی ١٩٧٥ و چارەنووسی شۆڕش

گەلەکۆمەی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦، گەورەیی شۆڕشی ئەیلوولی دەرخست، بەوەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق بە تەنیا نەیاندەتوانی شۆڕش سەرکوت بکەن و کۆتایی بە خەباتی

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١-٥٢.

(٢) بەهادین نوری، بیرەوەریەکانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩ز، ل ٧٩١.

کـورد بـۆ گەیشـتن بـە مافەکانـی بێنـن. لەڕاسـتیدا نسـکۆی ١٩٧٥ بەڕادەیـەك بـوو، هیـوا و ئاواتەکانـی گەلـی کـوردی بـۆ ماوەیـەك لەناوبـرد، هەرچەنـدە زۆری پـێ نەچـوو شـۆڕش بـە فۆڕمێکـی نوێوە دەسـتی بـە خەبـات و چالاکی سیاسـی و چەکـداری کـردەوە[1]. لەئەنجامـی ئـەو ڕێککەوتنامەیـە عێـراق کەوتـە ژێـر بارێکـی زۆر قـورس، زۆر شـتی لەدەسـتدا، سـەروەری عێـراق کەوتـە مەترسـی، بـەڵام بـۆ ئێـران بەتایبەتـی ڕەزا شـا دەسـکەوتێکی مـەزن و مێژوویـی بـوو، چونکە ماوەی ٣٠ سـاڵی ڕابـردوو خەونی بەم دەسـکەوتانەوە دەبینـی، سـەدام حوسـێن بـەم هەنـگاوەی کەوتـە هەڵەیەکـی گـەورەی مێژووییـەوە، چونکـە ئەگـەر بهاتبـا سازشـی بـۆ گەلـی خـۆی بکردبـا، ڕەنگـە ئـەو زیانـە گەورەیـەی پـێ نەگەیشـتبا، چونکـە شـەڕی ٨ سـاڵەی نێـوان هـەردوو وڵات ئەنجامـی ئـەو ڕێککەوتنـە هەڵەیـە بـوو[2]، لـە ئەنجامـی ئـەو پیلانـە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـە هەمـوو هـاوکاری و پاڵپشـتییەکانی شـۆڕش وەسـتان، ئەمـەش کاریگەریـی زۆری کـردە سـەر هاوسـەنگی هێـز و دواجـار باڵانسـی شـەڕەکەی گـۆڕی[3]، بۆیـە لـە ١٩٧٥/٣/١٨ بڕیـاردرا بـۆ ماوەیەکـی دیارینەکـراو شـۆڕش بوەسـتێنرێت[4].

## بارودۆخی گشتی کوردستان پاش ساڵی ١٩٧٥

بارودۆخـی کوردسـتان دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول سـاڵی ١٩٧٥ تـا دەهـات خراپـتر دەبـوو، لـە ئەنجامـی ڕێککەوتنـی ئێـران و عێـراق، بارودۆخێکـی یەکجـار ناخـۆش و دژوار بگـرە مەترسـیداریش لـە باشـووری کوردسـتان هاتـە ئـاراوە، حکومەتـی بەعـس دەسـتی بەسـەر هەمـوو شـتێك

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠-١٧٦.

(٢) چارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

(٣) ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ل ٥١٦.

(٤) کرێـس کۆچێـرا، کـورد لەسـەدەی نـۆزدەو بیسـتەمدا، و: حەمـە کەریـم عـارف، هەولێـر، ٢٠٠٧ز، ل ٤٢٥.

داگرتبـوو، چالاکییـە  سیاسـییەکانی بەشـێوەیەك قەدەغـە کردبـوو، هـەر کەسـێك سـەروکاری لەگەڵـی هەبووایـە، بـە لەسـێدارەدان سـزادەدرا، هەموو دامـودەزگا حکومیـەکان بـە بەعسـی کرابـوون، هـەر کەسـێك نەبووبـا بـە ئەندامـی حزبـی بەعـس بـێ کار و ڕووبـەڕووی سـزا دەبوویـەوە[1]، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەش سیاسـەتی بـە بەعسـیکردن و ڕاگواسـتنی کـوردی پیادەدەکـرد، گونـد و شـارۆچکەکانی کوردسـتانی خاپـور و وێـران دەکـرد، هەوڵـی شـیواندنی دیمۆگرافیـای کوردسـتانی دەدا، سیاسـەتی تەعریبـی پەیـڕەو دەکـرد، بـەزۆر خەڵکـی عەرەبـی لـە باشـووری عێـراق دەهێنایـە کوردسـتان و نیشـتەجێی دەکـردن، سیاسـەتی قۆڕخـکاری پیـادە دەکـرد، بـۆ هیـچ کەسـێك نەبـوو ئینتـما بـکات بـۆ هیـچ حزبێکـی تـر بێجگـە لـە حزبـی بەعـس، هەمـوو چالاکییـە  حزبـی و ڕێکخراوەییەکانـی تـری بێجگـە لـە هـی حزبـی بەعـس قەدەغەکرابـوون، ئـازادی ڕۆژنامەگـەری و ڕادەربڕیـن هیـچ بایەخێکـی نەبـوو بـەلای بەعسـیەکان، خەڵکـی کوردسـتانی بێ کار و کاسـبی کردبـوو، بـۆ ئـەوەی نەتوانـن لـەدەرەوەی پەیوەندیکـردن بـە حزبـی بەعـس بژ ییێن.

خەڵکێکـی زۆری کوردسـتان، بەتایبەتـی پێشـمەرگە و کادرانـی پێشـکەوتووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ باشـووری عێـراق دوورخرابوونـەوە، لەوێـش بـێ کار و کاسـبی بـوون، هەموویـان لـە ئـەرك و فەرمانبەرێتیـان دوورخرابوونـەوە، تەنیـا ئەوانـە نەبێـت کـە چووبوونـە ڕێـزی بەعـس و دژی خەڵکـی شۆڕشـگێڕ و نەتەوەیـی هەڵـس و کەوتیـان دەکـرد، مامەڵەیەکـی زۆر تونـدو تیـژ و دوور لـە هەمـوو بنەمایەکـی مرۆڤایەتـی لەگـەڵ خەڵکـی عێـراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی دەکـرا، لـە لایـەن دەسـت و پێوەندەکانـی بەعسـی تەنـگ بەخەڵکـی هەڵچنرابـوو، هەمـوو خەڵکـی لەژێـر چاودێریەکـی وورددابـوون، هاتوچـۆی خەڵکیـش

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بەرگـی چـوارەم، بەشـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٢١ز، ل ١٩.

سنوردارکرابوو، بـە وردی چاودێـری هەڵسـوکەوت و جموجۆڵـی خەڵـك دەکـرا، پـاش ئـەوەی ڕێگەیـان بـە هەندێـک لەخەڵکـی کـورد دا بگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتان بـەو مەرجـەی نەگەڕێنـەوە سـەر زێـدی خۆیـان، لـە ساڵی ١٩٧٨ بەشـێکی زۆری ناوچـە سـنوورییەکانی کوردسـتان بـۆ ئـۆردوگا زۆرە ملێـکان ڕاگوێـزران. حکومەتـی عێـراق لـەو ڕاگواسـتنە چەنـد مەبەسـتێکی هەبـوو ، شـێواندنی دیمۆگرافیـای کوردسـتان و دابڕانـدنی خەڵـك و شـۆڕش لـە یەکـتر، چونکـە شـۆڕش هـەر زوو هەڵگیرسـایەوە، ئینجا بۆ ئـەوەی خەڵك دوورخەنـەوە لە شـۆڕش، بۆ ئـۆردوگا زۆرە ملێـکان ڕاگوێـزران، لەگەڵ هەموو ئەمانـەش حکومـەت بـە ئاسـانی دەیتوانـی لە ئـۆردوگاکان چاودێـری خەڵکی بـکات، چونکـە هەمـووی وارێکخرابـوو، کـە کـەس نەیدەتوانـی کارێـك بکات لـە دەرەوەی چاودێـری دەسـت و پێوەنـدی بەعسـییەکان.

قۆناغـی دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول هێشـتا کاریگەریـی ڕێککەوتنامـەی نێـوان عێـراق و ئێرانـی پێـوە دیـار بـوو، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان بـە پەرتوبـڵاوی هاتـە گۆڕەپانـی سیاسـی، فرەحزبی لـە کوردسـتان دەرکـەوت، بەڕادەیـەك ژمارەیەکـی زۆری حزبـی سیاسـی دامـەزران[١]، هـەر یـەك لـە ئێـران و عێـراق فشـاریان خستەسـەر خەڵکـی کوردسـتان، ئێـران لـەلای خۆیـەوە هەوڵـی زۆری دەدا کە ئاوارەکانی نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول بگەڕێنێتـەوە عێـراق، بەهەمـان شـێوەش عێـراق لـەلای خۆیـەوە لەهەوڵـی بـەردەوام بـوو، تـا زۆرتریـن خەڵکـی ڕازی بـکات بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە عێـراق، بێگومـان ئەمـەش هـۆکاری هەبـوو، چونکـە عێـراق دەیویسـت بـە گەڕانـەوەی خەڵکـە ئاوارەکـە، پێگـەی شـۆڕش بێ هێز بـکات و خەڵـك چیتر پاڵپشـتی و پشـگیری نەکەن[٢]. سـەدام حوسـێن بۆخۆی سـەردانی تارانـی پایتەختـی ئێرانـی کـرد، لـە نامەیـەك کـە بەخەتـی خـۆی نووسـی بـووی دڵنەوایـی خەڵکـی کـوردی کردبـوو، بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

بـۆ عێـراق، گرێنتـی سـەلامەتی و گێڕانـەوەی بۆ سـەر کارەکانیانـی پێدابوون، لێبوردنەکـە تەنیـا ماڵـی بارزانـی نەدەگرتـەوە، بـۆ ئەمـەش داوای لـە حکومەتـی ئێـران کردبـوو، کـە کـورد لە شـارە کوردییـەکان نیشـتەجێ نەکات و ماڵـی بارزانـی بگوازێتـەوە بـۆ شـاری کـەرەج(١).

---

(١) د. علـی تەتـەر نێـروەی، بزاڤـی رزگاری خـوازی نەتـەوەی کـورد لـە سـاڵەکانی جەنگـی عێـراق و ئێرانـدا لـە سـاڵەکانی(١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانـەی حاجـی هاشـم هەولێـر، چاپـی یەکـەم، هەولێـر ٢٠٠٨ز، ل ٥٣.

## قۆناغی دوای نسکۆ
## هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، وێڕای ئەو بارودۆخە خراپەی کە حکومەتی عێراق بەسەر خەڵکی سڤیل سەپاندبووی، بێئومێدی باڵی بەسەر تەواوی خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، خەڵك لەوپەڕی بێ هیوایی دابوون، هیچ تروسکایەکیان شك نەدەبرد بۆئەوەی دڵی خۆیانی پێ بدەنەوە، هەرچەندە لێرەو لەوێ هەندێک حزبی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو و هاتبوونە ناوەوە، بەڵام خەڵك بەگشتی هیوای بە پارتی بوو، بۆیە هەریەك لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی کەوتنە خۆ بۆ خۆڕێکخستنەوە، بۆ ئەمەش پلانێکی تۆکمەیان دانا بۆ توندتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی پارتی[1]، بەرنامەو پلانی دەستپێکی خەباتێکی تازە بە شێوەیەکی نوێ گەڵاڵە کرا، سەرکردایەتی کاتی دامەزرێندرا، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ڕێکخستنەوەی پارتی بکات، لەم قۆناغەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە شێوەی فرەحزبی دەرکەوت، کاریگەریی ئەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتی و هەرێمیەی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول کرا، هێشتا کاریگەری هەر مابوو، چونکە ئێران و عێراق لە قۆناغی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەدا بوون[2].

ساڵی ١٩٧٦ بۆ کورد ساڵێکی شووم بوو، چونکە لەو ساڵەدا مەلا مستەفا بارزانی تووشی نەخۆشی بوو، چەند جارێك هەوڵیدا گەشتی ئەمریکا بکات بۆ مەبەستی چارەسەری، بەڵام ساواك بەهەموو شێوەیەك

---

(١) مەسعود بارزانی، بەرگی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، باشووری کوردستان هۆکاری دەرەکی و ڕەنگدانەوەی لە ناکۆکی ناوخۆییدا، چاپخانەی ڕۆکسان، هەولێر، ٢٠١٨ز، ل ٢٥.

دژایەتـی چوونـی بارزانیـان دەکـرد، لەهەمان کاتیشـدا چاودێرییەکـی چڕیان خسـتبوویە سـەر جموجۆڵەکانـی سـەرکردایەتی پارتـی، بەتایبەتـی بنەماڵـەی بارزانـی، ڕاشـکاوانە گوتبوویـان: ئێمـە هەسـت دەکەیـن ئێـوە لەهەوڵـی دووبـارە خۆڕێکخسـتنەوەدان[1]، لەبەرئـەوەی ئێمـە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق ڕێککەوتنـمان هەیـە، ناتوانیـن ڕێگاتـان پـێ بدەیـن، بەهـەر حـاڵ دوای ڕەزامەنـدی وەرگرتـن، مـەلا مسـتەفا بارزانـی بەیـاوەری هـەر یەکێـك لـە ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی سـەردانی ئەمریـکای کـرد، پـاش ماوەیـەك مانـەوە ئیدریـس بارزانـی بـۆ سەرپەرشـتیکردنی ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانـی شـۆڕش و حـزب، گەڕایـەوە کوردسـتان، ئەوەبـوو هەوڵەکانـی بـۆ دووبـارە هەڵگیرسـانەوەی شـۆڕش چڕکردنـەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتەش فرەنسـۆ حەریـری زۆر بەنهێنـی ببـوو بـە ڕایەڵـەی دروسـتکردنی پەیوەندیـی لەنێـوان جەمـاوەر و سـەرکردایەتی شـۆڕش[2].

شۆڕشـی گـوڵان ڕووداوێکـی گەورە بـوو لە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخوازی کـورد، چونکـە حکومەتـی عێـراق لـەو بـاوەڕە دابـوو، کـە جارێکـی تـر کـورد ناتوانێـت شـۆڕش دژی حکومـەت هەڵگیرسـێنێتەوە، سـەرکردەکانی حزبـی بەعـس بـەو تـرس و دڵەڕاوکێیـەی خسـتبوویانە دڵـی خەڵکـی، گرێنتـی هەڵنەگیرسـانی شۆڕشـیان دەکـرد، لەهەمـان کاتیشـدا لـەو کاتـدا نرخـی نـەوت تـا ئاسـتێکی زۆر بەرزبـووەوە، ئەمـەش وایکـرد بەرژەوەندیـی وڵاتانی زلهێـز بکەوێتـە عێـراق، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەش نەبوونـی پشـتگیری هەرێمـی بـۆ شـۆڕش، چونکـە حکومەتـی ئێـران فشـاری زۆری خسـتبووە سـەر سـەرکردایەتی شـۆڕش و زۆر بـە وردی چاودێـری دەکـردن، چونکـە لـە ئەنجامـی ئـەو ڕێککەوتنامەیـە دەسـکەوتێکی زۆری دەسـتکەوتبوو، کەچـی پـاش گرتنە دەسـتی دەسـەڵات لە لایـەن خومەینیەوە و گەڕانـەوەی بۆ ئێران، پرسـەکە گۆڕانـکاری بەسـەر هـات، تـا ڕادەیەکـی باشـتر کـۆت و بەند لەسـەر

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆرگیس یەڵدا تەرخان، ٢٠١٧/٧/٣٠ز شارۆچکەی دیانا.

(٢) هەمان سەرچاوە.

جموجۆڵـی حزبـه کوردیـەکان هەڵگیرا، لەسـەردەمی کۆماری ئیسـلامی ئێران هەوڵـەکان بـۆ خـۆ ڕێکخسـتنەوەی زیاتـر چڕکرانـەوە.

## بەرەی کوردستانی سەرەتای قۆناغی ئاشتەوایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان

لـە بارودۆخـی ئەوکاتـی هێـز و لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان. زیاتر لە ڕابـردوو بـاس لـە پێکهێنانی بەرەی کوردسـتانی وەك پێویسـتییەکی سیاسـی و هەنگاوێکـی گرنـگ لـە ڕەوتـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان دەکرا، زۆرێـك لـە حزبـەکان بەتایبەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەو بـاوەڕە دابـوو کـە پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـووی کوردسـتانی ئەوەنـدە گرنـگ و پێویسـت و پڕبایەخـە، ناکرێـت گیروگرفـت و کۆسـپ و لەمپـەرەکان ڕێـگای پێکهێنانـی لـێ بگـرن. پێویسـتە هێز و لایەنە سیاسـیەکانی کوردسـتان پێداچوونـەوە بـە بۆچـوون و هەڵوێسـتیان بکەنـەوە کـە لـە ڕابـردوو بوونەتە ڕێگـر لەبـەردەم پێکهێنانـی بـەرەی کوردسـتانی، بـە گیانی هەسـت کـردن بە بەرپرسـیاریەتی مێژوویـی کار بکـەن بـۆ لـە یەکـتر نزیککردنـەوەی ڕوانگـە و بۆچوونـە جیاوازەکانیـان لـە پێنـاو پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو و دیموکـرات لـە کوردسـتان، بـەرە ببێتە پەناگەیـەک کە لە نێویدا هێـز و لایەنە سیاسـییەکان بـە ئـارەزووی خۆیان و لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی هاوبەش کاربکـەن، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە نەتەوەیـی و نیشـتیمانیەکان، ئـەم ڕێککەوتنـە ببێتـە شوناسـێکی یەکگرتـوو بـۆ هەموویـان، لـە پـاڵ پارێـزگاری کـردن لـە شوناسـی خۆیـان وەك حزب.

پارتـی لـە کۆنگـرەی نۆیەمی خۆیدا لـە تشرینی دووەمـی ١٩٧٩، داکۆکی لـە سـەر پێویسـتی هەبوونـی بەرەیەکـی سیاسـی نێـوان حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان  کردبـووەوە. یەکێتـی و یەکگرتنـی بـە فاکتـەری سـەرکەوتنی هـەر گەلێـك دانابـوو، بـە لەبەرچاوگرتنـی بارودۆخـی نازکـی کوردسـتان و بڕوابـوون بەپرەنسـیپی فـرە حزبـی لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا،

هەوڵیان دەدا کە بەرەیەکی کوردستانی دروست ببێ[1]، کە ببێتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکان، چونکە پارتی باوەڕی وابوو هێز لە یەکگرتن دایە، نەك لەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پارچە پارچە بێت و ناتەبا و ناکۆك بێت لەنێو خۆی خۆیدا.

یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پارتی، پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان حزب و لایەنیە سیاسییەکان، وەك هێزێکی سەرەکی دامەزراندنی بەری جود[2] بوو، کە بوو بە فاکتەری زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتیمانی. ئەمەش سەرکەوتنێکی سیاسی گەورە بوو بۆ پارتی و بزووتنەوەی کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەناوەوە و دەرەوەی عێراقدا[3]، بەرەی جود بۆ ئەو قۆناغی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەنگاو و

(١) د. علی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

(٢) بەرەیەکی نیشتمانی نێوان چەند هێزێکی سیاسیی بوو، کە بۆ خەباتی سیاسیی و سەربازیی پێکیان هێنابوو. بەرەی جوود واتا، (الجبهە الوطنیة الدیموقراطیة العراقیە)، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە ڕاژان ڕاگەیەنرا، بەیاننامەکەیان لە کاتژمێری ١٠ی شەو واژۆ کرد. ئەو سێ حزبەی بەرەکەیان پێکهێنابوو ئەمانە بوون: پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك). دواتر (پاسۆك)یش چووە ڕێزی بەرەی جود لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ سێ حزبی تری کوردستانی و عێراقی هاتنە ناو ئەو بەرەیە کە بریتی بوون لە حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆشیالیستی عێراقی کۆبوونەوەی (التجمع) دیموکراتی عێراقی. بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١، لا١٣١، علی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، لە ١٩٥١/١/١-٢٠٠٠/١٢/٣١ ، بەرگی سێیەم -چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی لاوان، هەولێر ٢٠٠٩ز، ل ٣٤٨.

(٣) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و پێشهات و گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق[1].

لەو ماوەیەدا ئیدریس بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی کۆتایی بە ململانێی نێو خۆیی نێوان حزبەکان بهێنێت، ئەم هەوڵەشی لە پێناوی ئاشتبوونەوەی یەکەمی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ١٩٨١ بوو، بەڵام ئەم هەوڵەی پاش ماوەیەکی کەمتر لە شەش مانگ کۆتایی هات، بە تایبەتی دوای هێرشی هێزە میلیشیاکانی تاڵەبانی بۆ سەر هێزێکی حزبی سۆسیالستی کوردستانی لە دۆڵی وەرتێ لە ناوچەی ڕواندز[2]. وێڕای هەوڵەکانی پارتی بۆ ئاشتەوایی نێوان هێزە سیاسیەکان، یەکێتی و "سازکا" لە ١٩ی نیسانی ١٩٨٠ لە هەورامان و لە ١٣ی گوڵان لە باڵەك هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی، بەڵام دەنگی کوردستانی عێراق لە وتاری ١٧ی گوڵانی خۆیدا جارێکی تر داکۆکی لەسەر بەرەی کوردستانی و عێراقی دەکاتەوە و دەڵێت: (پارتی خەبات دەکات لە پێناوی بەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز لە کوردستان و سەرانسەری عێراق و بەرژەوەندی دوور و نزیکی گەلی کورد ئەم بەرەیە فەرز دەکات، داوا دەکات واز بێنن لە ڕێبازی ناکۆکی و دوو بەرەکی و براکوژی کە تەنیا لە بەرژەوەندی ڕژێمی بەغدایە و لە جیاتی هێرش بردن بۆ سەر یەکتر دەستی برایەتییان بۆ درێژ دەکات)[3].

نادر هەورامی کە ماوەیەکی زۆر هاوەڵی ئیدریس بارزانی بوو سەبارەت بە پرسی شەڕی نێو خۆی کورد دەڵێت: ئیدریس بارزانی زۆر پەرۆشی ئەوە بوو کە بتوانێت کۆتایی بەو کوشتارە نێوخۆییە بهێنێت و

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٢) سامی شورش، کردستان والاکراد الحرکە الکردیە والزعامە السیاسیە، ادریس بارزانی... نموذجا، مطبعە وزارە التربیە، اربیل ٢٠٠١ ص١٥٧.

(٣) د. علی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

ئـەم شەڕەشـی بـە نـاڕەوا دەزانی لە نێـوان ڕۆڵـەکانی گەلی کـورددا. هەروەها جەخـت لەسـەر ئـەو نامەیـەی ئیدریـس بارزانی دەکاتـەوە کە ئامـاژەی بەوە دابـوو، تەنیـا ڕژێمـی عێـراق دوژمنـی کـوردە، بۆیە پێویسـتە پێشـمەرگەکانی پارتـی نەکەونـە شـەڕی بەرامبـەر لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی پارتەکانـی تـری کـوردی، چونکـە تەنیـا کـورد زەرەرمەنـد دەبێـت، هەوڵـی زۆری دەدا کـورد هەڵوێسـتەکانیان یەکبخـەن و یەکڕیـز بـن، چونکـە تاکـە ڕێگای سـەرکەوتنی کـورد شۆڕشـەکەیەتی[1].

سـەرەنجام پـاش هەوڵێکـی زۆری پارتـی، بـە تایبەتـی ئیدریـس بارزانـی کـە زۆر بـە پێویسـتی دەزانـی هەڵوێسـتەکان یەك بخرێـن لە بەرامبـەر پیلان و سیاسـەتی ڕژێمـی عێـراق و تـەواوی هەوڵـە هەرێمیـەکان بۆ لـە ناوبردن و دووبەرەکـی خسـتنە نێـو ڕیـزی کـورد تاوەکـو لاوازیان بکـەن، بۆیـە ئیدریس بارزانـی لـە کۆبونەوەیەکـی لەگـەڵ کادرانی لقـی ٨ ی پارتی لە کەرەج باسـی لـە گرنگـی بـەرەی کوردسـتانی و یەکڕیـزی کـورد دەکاتـەوە، دەڵێـت: ئێمـە حزبـی جۆراوجۆری کوردی بە دیـدی جۆراوجۆرین و هەموومان پەیوەندیمان لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەیـە، هـەر حزبێـک بـە تەنیـا لەگـەڵ بەرپرسـانی ئێـران کۆدەبێتـەوە بـە شـێوازێك بـاس لـە پرسـی کـورد دەکات[2]، بـەر لـە چەند ڕۆژێك ئێمە وەکو شـاندی پارتی سـەردانی بەرپرسـانی ئێرانمان کـرد، بـەر لـە ئێمـە برایانـی سۆسیالسـت چووبـون، ئێمـە چوویـن و ئـەوان دەرکەوتـن، سروشـتییە ئـەوان وەکـو سیاسـەتی حزبەکەیـان بـاس لـە دۆزی کـورد دەکـەن و ئێمـەش وەکـو سیاسـەتی پارتـی، ئەمـە بـۆ دۆزی کـورد بـاش نیـە، بەرەیەکـی یەکگرتـووی کـوردی چارەسـەری ئـەم گرفتانـە دەکات، ئـەو کاتـە شـاندی بـەرە، واتـە هەمـوو پارتـەکان بـە یەکگرتوویـی دەڕۆنـە هەموو کـۆڕ و کۆبوونـەوەکان، هێـزی کـورد لەمەدایە و یەکگرتنی هەمـوو هێزەکانی

(١) سامی شورش، مصدر الصابق، ص١٥٥.

(٢) سـەعید مەموزینـی، ئیدریـس بارزانـی پیـاوی مێـژوو، چاپخانـەی منـارە، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٨ز ل ٢٧.

دژ بـه دکتاتۆریـەت، بەدیهێنـەری دیموکراسـیە[1].

پـاش نسـکۆی شـۆڕشی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـێ ئومێـدی باڵـی بەسـەر خەڵکـی کوردسـتاندا کێشـا، بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی حکومەتـی عێـراق، لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی هەوڵێکـی زۆری دا، بۆ ئەوەی بـە یەکجاری بزووتنـەوەی کـوردی لـە ناوببـات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سازشـی لەسـەر زۆر لە خاکـی عێـراق کـرد بـۆ ئێران، لـە بەرامبـەر ئـەوەی حکومەتی ئێـران هاوکاری و یارمەتییەکانـی بـۆ بزووتنـەوەی کـوردی ڕابگرێـت و داڵدەیـان نـەدات، سـەرەڕای ئـەوەی حـزب و لایەنـە کوردییـەکان لـە کوردسـتانی عێـراق لـە ناوخۆشـدا تووشـی ململانێیەکـی توونـد بووبوونـەوە، هەمـوو ئـەو هـۆکارە ناوخۆیـی و دەرەکییانـە ئۆپۆزۆسـیۆنی کـوردی بەرامبـەر بەغـدا لاواز کـرد و توانـای وەبـەر حکومـەت نـا بۆ ئـەوەی حزبـە کوردییـەکان بە گژیەکـدا ببات و بـۆ پشـتگیریش لـە باکـووردا پشـت بـە کـوردە لایەنگرەکانـی حکومـەت و میلیشـیاکانی سـەر بـە حکومـەت ببەسـتێت[2]. ئاڵـۆزی و ناکۆکی نێـوان پارتە ئۆپۆزۆسـیۆنەکانی عێـراق بـە ڕوونـی هەسـتی پێدەکـرا، لە تشرینـی یەکەمی ١٩٨١ یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە بڵاوکراوەیەکـدا بە ناوی ”سـەنگەر“ ڕەخنـەی لـەو ڕێکخراوانـە گـرت کـە لـە بـەرە جیابوونـەوە و لـە دژی بـەرەی دووەم کـە بـە بەرەی (ناکۆکی درووسـت کـەر) ناوی بردن هەڵوێسـتی نواند، ئـەم جیاوازیانـە بوونـە هـۆی دەرگیـری نێـوان یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە لایـەك و پارتەکانـی دیکـەی کوردسـتان لـە لایەکـی دیکـە، تـا سـەرەنجام ناکۆکیـەکان زیاتـر قـوڵ دەبوونەوە بەمەش پێگەی ئۆپۆزۆسـیۆنی لە بەرامبەر حکومـەت بـێ هێز دەکـرد[3].

هـزری کاری بەرەیـی بە شـێوەیەکی فراوان و کاریگەر لە کوردسـتان هەر

(١) سەعید مەموزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) فیبی مارڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨.

(٣) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣-٦٤.

پـاش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١٩٧٦ پەرەیسـەندبوو، هەمـوو ئـەو پارتانەی کە لـەم شۆڕشـەدا خەباتیان دەکـرد، داوای دروسـتبوونی بەرەیەکی نیشـتیمانیان دەکـرد و جـارێ بـەرەی کوردسـتانی و هەندێـک جاریـش بـە بـەرەی عێراقی ناویـان دەبـرد. پارتـی کە بـۆ ماوەیەکی درێژ وەکـو تاکە حزب، سـەرکردایەتی جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردی دەکرد، پاش ڕێکەوتنی جەزائیر گەیشـتبووە ئـەو بڕوایـە کـە هەلومەرجـی نـوێ پێویسـتی بـە کاری بەرەیـی هەیـە، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٧٦ ڕایـان ئـەوە بـوو کـە پێویسـتە پارتـی دان بـە باردۆخـی نـوێ دابنێـت و مەرجـی سـەرکەوتنی خەباتـی خۆیشـی لـە چوارچێـوەی خەباتـی هاوبـەش لـە بەرەیەکـی فراوانـی کوردسـتانی و هەروەها بەرەیەك لە ئاسـتی عێراق دەدیت[١].

ئیدریـس بارزانـی لـەو دەمدا کـە ئەرکێکی گرانی لەسەرشـان بـوو، تەنیا هەوڵی ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی نەدەدا، بەڵکو هەوڵێکـی زۆری دەدا کـە کەشـێکی وا بڕەخسـێت لـە بەرامبـەر گۆشـەنیگای پارتـە کوردییـەکان کـە لـە دوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ سـەریان هەڵدابـوو[٢]. یەکێـك لـە لایەنـە سـەرەکییەکانی ڕەوتـی خەبـات و تێکۆشـانی کاك ئیدریس بارزانـی مەسـەلەی برایەتی و ئاشـتی و هاوپشـتی و پێکـەوە هەڵکردن بووە، ئـەم خەسـڵەتە بـەرزە لە نێو شوناسـی ئـەودا خاڵێکی پڕشـنگدارە و هەر باس لـە تەبایـی و هاوپەیمانیەتـی و یەکڕیـزی و یەکگرتـن دەکرێـت، ئـەوا وەکـو ڕەمزێـك ئامـاژە بەناوی ئەو سـەرکردەیە دەکرێت و هەمیشـە بیـروڕاو هەوڵ و تەقـەڵای ئـەو لـەم لایەنە زۆر گرنگەدا جێگەی هەڵوەسـتە لەسـەر کردنە و پـڕە لـە وانـە و ئەزموونـی گرنگ و سـەرکەوتوو[٣].

---

(١) د. علی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

(٢) سامی شورش، نفص المصدر، ص١٥٥.

(٣) قارەمـان مهـدی، ئیدریـس بارزانـی و چەنـد لاپەڕەیـەك لـە ژیـان و تێکۆشـانی، چاپخانـەوەی وەزارەتـی پەروەردە، ٢٠١٥، ل ل ٤٨-٤٩.

سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بەتایبەتی ئیدریس بارزانی هەمیشـە بـاوەڕی بـە فـرە حزبـی و خەباتـی سیاسـی بـە کۆمـەڵ بـووە، لـە دیـدگای ئیدریـس بارزانـی زۆربوونـی پارتـەکان و ڕێکخراوی سیاسـی لەسـەر گۆڕەپانـی کوردسـتان، مانـای پێشـکەوتن و وشـیاری سیاسـی کۆمەڵایەتییـە لای کۆمەڵـگای کـوردی، ئەمـە مانـای بـاوەڕ بوونـە بـە چەمکـی دیموکراسـی، هـەروەك تێگەیشـتنی دیموکراسـی خوازەکانـی ئـەم ڕۆژگارە، هەروەهـا دیموکراسـی و فرەحزبـی و دیـدگای جیـاوازی سیاسـی سـەرچاوەی هێـزە بـۆ بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردسـتان، نەك سـەرچاوەی لاوازی کورد[١]. لەبەرامبەر ئـەم هەڵوێسـتە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردایەتییەکەی، یەکێتـی نیشـتیمانی بـە هەمـوو هێـز و توانایەکیـەوە هەوڵـی پەرواێـز خسـتنی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی دەدا، بـە هەمـوو شـێویەك دژی ئەوەبـوو پارتـی بچێتـە نـاو بـەرەی (جوقـد)، حزبـی بەعـس {سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراق}یـش هـاوکاری کردبـوو کـە پارتـی نەبێتـە ئەنـدام، بـەڵام بەبـێ پێکهاتـن و بەشـداری پارتـی و یەکێتـی هیـچ بەرەیەکی فـراوان لـە کوردسـتان و عێـراق دروسـت نەدەبـوو[٢].

پارتی هەمیشـە بە پەرۆشـەوە باسـی لە کاریگـەری نەرێنـی پەرتەوازەیی نێومالـی کـورد کـردووە، هەوڵـی زۆری داوە کـە میکانیزمێـك بدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی چاەسـەری ئـەم پرسـەی پـێ بـکات، بۆیـە لـە چاوپێکەوتنێکیـدا ئیدریـس بارزانـی زۆر بەڕاشـکاوی دەڵێـت: «بەش بـەش بوونـی بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە ڕیشـە دا مەوزوعیە، چونکە دابەشـکردنی کوردسـتان هۆیەکـی سـەرەکی جیـاوازی ئاسـتی گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و ڕۆشـنبیری نێـوان پارچەکانـە، کە دەبێتە هۆی بەش بـەش بوونی بزووتنەوەکە بەسـەر چەنـد حـزب و ڕێکخـراودا، ئەمـە سـەرەڕای بـاری کۆمەڵایەتـی کـورد لەهـەر پارچەیـەك کـە چەنـد چیـن و توێـژی کۆمەڵایەتـی چەنـد بیـروڕا و

(١) سامی شورش، نفص المصدر، ص١٥٩.

(٢) د. علی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

دەزگای سیاسی هەڵدەگرێ، بێگومان دەزانین دواکەوتن و دەست تێوەردانی دوژمنانیش باری سەربارن کە تەشەنە بەو پچڕپچڕ بوونە دەدەن»[1]، ئەمە هەڵوێستی پارتی بووە لەبەرامبەر نەبوونی ستراتیژ لە لایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە هەر حزبێك کەوتووەتە ژێر کاریگەریی لایەنێك و لەنێو خۆیاندا ڕۆڵەی ئەو گەلە بەکوشت دەدەن. لەهەمان کاتیشدا وەك لە ڕواڵەتدا دیارە هیچ وەختێك بزووتنەوەکە وەك ئەمڕۆ بەش بەش نەبووە، بەتایبەتی ئەگەر بڕوانینە ئاماری ئەو هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییانە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوون دان، چارەسەری ئێمە بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی بزووتنەوەکە و ڕیشەکێشکردنی شەڕی براکوژی ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەیە کەبە کردەوە لەسەری دەڕۆین و ئەمڕۆ لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی جوددا چوار حزبی کوردستان لەسەر یەك پەیمان و ئامانجی هاوبەش پێکهاتووین. تاقیکردنەوەی ئەم چەند ساڵە سەلەماندوویەتی کە چاکترین شێوەی یەکخستن و یەك بوونی بزووتنەوەی کورد ئەوەیە، کە پارت و ڕێکخراوە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە خەبات بکەن، گیروگرفتەکانیان برایانە و دیموکراتییانە چارەسەربکەن، لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان یەك بگرن و ئیتر هەر کەس بەپێی بیروباوەڕی خۆی و ڕێکخستن و سەربەخۆیی و تواناو کارامەیی و چالاکی خۆی[2]. کەریم ئەحمەد لە پەرتوکی بیرەوەریەکانی دەڵێت پێشنیازم بۆ کاك مەسعود بارزانی و کاك ئیدریس بارزانی کرد کە دەبێت ئێمە تەحەدای حکومەتی عێراق و سەدام حوسێن بکەین، چونکە سەدام دڵی زۆر بەو پەرتەوازەییەی کە لەنێوان هێزە کوردییەکان هەیە

(١) دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ئیدریس بارزانی یە لە ڕۆژانی ٢٢-١٩٨٥/٧/٢٤ کە لەلایەن فەرهاد شاکەلی ئەنجامدراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ لە گۆڤارێکی سویدی بەزمانی سویدی بڵاوکراوەتەوە بەناوی(srensh-Kurdisk journal )، بڕوانە: گۆڤاری (k21)، ژمارە ٧، ساڵی ٢٠١٠، هەولێر کورستان، ل ٢٩٧.

(٢) گۆڤاری (k21)، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٧-٢٩٨ .

خۆشـە، لـەو بڕوایەشـدایە کەهەرگیـز کـورد ناتوانـن یەکگرتـوو بـن، ئینجـا مەسـعود بارزانـی گوتـی: باشـە جـا چـۆن کار لەگەڵ (ینـك) بکەیـن، ئەوەبوو کاك ئیدریـس گوتـی: ئـەو ئەرکـە بەمن بسـپێرن، خۆشـبەختانە سـەفەری کرد بـۆ لای مـام جـەلال و قەناعەتـی پـێ هێنـا[1]، وێـڕای ئـەو بارودۆخـە خراپـە، پـاش هـەوڵ و تەقەڵایەکـی زۆر لـە ڕێکەوتـی ١٩٨٦/٣/٧ جـەلال تاڵەبانـی و ئیدریـس بارزانـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی داگیرکراوی ژێر دەسـەڵاتی ئێران کۆبوونەوەیەکیـان ئەنجامـدا، لـە ئاکامـی ئـەو کۆبوونەوەیـەدا ڕێککەوتنـی ئاشـت بوونەوەیـان مۆرکـرد و ڕاگەیانـد، بەیاننامـەی ڕێککەوتـن بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بڵاوکرایـەوە، کاردانـەوەی کاریگـەری هەبـوو لەسـەر تێکـڕای بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتان، بـوو بەسـەرەتایەکی بـاش بـۆ کۆتایهێنـان بـە کێشـە ناوخۆییەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان و سـەرەتایەکی باشـی کارکردنـی بەرەیـی و پێکەوەیـی[2].

لەوکاتیشـدا تاران بیری لە سـوککردنی فشـارەکانی سـەر بەرەی شـەڕی باشـوور دەکـردەوە، هەوڵـی بەهێزکردنـی بـەرەی شـەڕی باکـووری دەدا، بـۆ ئەمـەش ئێـران پێـی وابـوو بەبـێ هـاوکاری هێزەکانـی جـەلال تاڵەبانـی، ناتوانێـت کەلێنێکـی سـتراتیژی دروسـت بـکات لەبـەرەی شـەڕ لەناوچـەی سـلێمانی، لـەو سـەرو بەنـدەدا جـەلال تاڵەبانی سـەردانی پایەتەختـی ئێرانی کـرد لـە تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٦، بە ئامانجـی گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینەوە و ڕێککەوتنـی مەیدانـی، لەهەمـان کاتـدا ئیدریـس بارزانـی سـەردانی تەهرانی کـرد لەسـەر داوەتـی سـەرۆکی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی ئـەو کات کـە عـەلی ئەکبـەر هاشـمی ڕەفسـنجانی بـوو. جـەلال تاڵەبانـی داوای لـە ئێـران کـرد کـە

(١) کەریـم ئەحمـەد، ڕێـڕەوی تێکۆشـان، وەرگێڕانـی: جـەلال دەبـاغ، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣١٤.

(٢) علـی کەنـدی، ئینسـکۆپیدیای مێژوونامـە، لـە ١٩٥١/١/١-٢٠٠٠/١٢/٣١، بەرگـی سـێیەم -چاپـی دووەم، چاپخانـەی وەزارەتـی لاوان، هەولێـر ٢٠٠٩ ل ٣٩٠.

ئـارەزوو دەکات لەگـەڵ ئیدریـس بارزانـی و مسـعود بارزانـی کـۆ ببێتـەوە بۆ واژۆکردنـی ڕێککەوتنێکـی ئاشـتەوایی لەگەڵ پارتـی دیموکراتی کوردسـتان[1].

ڕەفسـنجانی دەیویسـت بـە پێکهاتنـی کـورد، بـەرەی جەنـگ فراوانـتر بـکات و هێزەکانـی عێـراق ناچار بـکات کە لـە بەرەیەکی فراوانـتردا بجەنگن، ئـەوەش لـە بەرژەوەنـدی ئێرانـدا بـوو، چونکـە ژمـارەی دانیشـتوانی ئێـران سـێ هێنـدەی عێـراق بـوو، عێـراق زۆر بـە چـڕی چەکـداری کـۆ دەکـردەوە، بـەڵام هـەردوو لایەنـی کـوردی یـەك ئامانجـی سـەرەکیان هەبـوو، ئەویـش ڕێکخسـتنی ناوماڵی کورد و کۆتاییهێنان بەشـەڕی ناوخۆ و یەکخسـتنی هێزی کـورد بـوو بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێم. پاش ئـەم ڕێککەوتنە لەسـەر داوای ئیدریس بارزانـی شـاندێکی پارتـی کـە پێکهاتبـوو لـە فـازڵ میرانـی، ئـازاد قەرەداغـی، فایـق تۆفیـق عزیـز، (فایەقـە ڕەش) عەبـدوڵا محەمـەد ئەمیـن و فرەنسـۆ حریـری لەسـەرەتای کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٦ بـۆ مـاوەی ١٢ ڕۆژ سـەردانی ناوچـەی سـەرگەڵویان کـرد[2]. ئـەم سـەردانە بـۆ دووپاتکردنـەوەی نیـاز پاکی لەسـەر ڕاوەسـتاندنی شـەڕ و پێگیـری بـە بنەماکانـی ڕێککەوتنـی نێـوان هـەردوولا و دانانـی بارەگاکانـی هـەردوو لقـی ٣، ٤ لە ناوچـە ئازادکراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتـی بـوو[3].

سـەرەنجام هەمـوو ئـەو هەوڵانـە بوونـە هەوێنـی دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی لـە باشـووری کوردسـتان کـە ئیدریـس بارزانـی ڕۆڵێکـی گرنـگ و پڕبایەخـی گێـڕا لەکۆتاییهێنـان بـە ناکۆکییـە نێوخۆییـەکان لـە ١٩٨٨/٥/٧ دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی ڕاگەیەنـرا کـە لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی

(١) سامی شورش، نفص المصدر، ص١٦٧.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ گۆرگیـس یەڵـدا تەرخـان، لـە٢٠١٧/٧/٣٠ لـە شـارۆچکەی دیانـا (ناوبـراو پاسـەوانی تایبەتـی فرەنسـۆ حەریـری بـووەو یەکێـك بـووە لـە یاوەرانـی شـاندەکە). تویـژەر

(٣) د. علی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٤.

کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لێژنەی هەرێمی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی گەل و پارتی سۆسیالستی کوردستان، لەپێناو کۆتاییهێنان بە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیاندا لە هەرێمەکەدا لە خەباتی هاوبەشدا، بەرەنگابوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق بەپێی گۆڕانکارییە بەپەلەکانی ناوچە و هەرێم و جیهان[1].

(١) علی کەندی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠٨.

## بیرۆكەی ڕاپەڕین و هەوڵێک بۆ خۆئامادەکردن

سەرکردایەتی کورد پێشبینی گۆڕانکاری کردبوو لەعێراق، مەسعود بارزانی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی خواکورك، لە وتەیەکی بۆ پێشمەرگەکان ئاماژەی بەوەدا کە لەعێراق گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو دەدات، بۆیە دەبێت ئێمەش خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادەبکەین[1]، مەسعود بارزانی هەر لەسەرەتای داگیرکردنی کوێت لە لایەن حکومەتی عێراق، لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنیەکان چاودێری بارودۆخی ناوەخۆی کوردستانی دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست دابنرێت بۆ هەر ڕووداو پێشهاتێك کە بێنە پێشەوە[2]، هیوا گەیلانی باسی ئەوە دەکات و دەڵێت: "ئێمە ئەوکات لە لێژنە ناوچەی قەڵادزێ بووین، بارەگامان لەسەر سنوور بوو، چەند مانگێك پێش ڕاپەڕین هەندێک پێشمەرگەی پارتی بەنهێنی چوونە ناوشارەکانی ڕانیە و حاجیاوا، یەکەم هێز کە چوو بۆ ناوشاری ڕانیە، مەفرەزەیەکی پارتی بوو کە پێك دەهات لە سی و حەوت پێشمەرگە، پاشان سەرۆك مەسعود بارزانی خۆیشی هاتە ناوشاری ڕانیە، بەو پێیەی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ڕاپەڕینی دەکرد، تاوەکو ئازادکردنی شاری کەرکووك لە پەیوەندی دا بوو لەگەڵ فەرماندە و هێزی پێشمەرگە"[3]. پارتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ پلانی بۆ ڕاپەڕین دارشت بوو، سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ ئەم مەبەستە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ بەرپرسی هەر چوار لق کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا، بۆ خۆ

---

(١) مەلا محمەدئەمین گوێزڵینگەیی، زیاتر لە نیو سەدە خەبات و تێکۆشان بۆ کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠ز، ل ١٣٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.

(٣) ریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕوانە: www.hawler.in.

ئامادەکردن و پەیوەندیکردن لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنیەکان، بۆ داڕشتنی پلانی دەستپێکردنی ڕاپەڕین[1]، بە سەدان نامەی نووسی بۆ خەڵکی ناو شار، هەموو ئەوانەی جێگای متمانە بوون و پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ حزب بۆئەوەی ئامادەسازی بکرێت بۆ ڕاپەڕین. خۆشی مەیدانی ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی ڕاپەڕینی دەکرد[2]. لەناوخۆی شارەکانیش زانیاری دەنێردرا بۆ سەرکردایەتی کورد، ڕێکخستنە نهێنیەکان ڕاپۆرتیان نارد بوو بۆ سەرووی خۆیان، کە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و دام و دەزگاکانی حکومەت، پێشنیاز کرابوو لێژنەی سەرپەرشتی ڕاپەڕین لەبەرەی کوردستانی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بە بەرنامە سەرپەرشتی ڕاپەڕین بکرێت[3].

پلانێکی تۆکمە لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دانرا، بۆ پەیوەندیکردن بە خەڵکی ناو شارەکانی کوردستان، لقەکان بەپێی شوێنی جوگرافی خۆیان ڕاسپێردران، تاوەکو ڕایەڵەی پەیوەندی دروست بکەن، پاش دانانی بەرنامە، شاندێکی[4] پارتی لەسەر ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی بۆ گفتوگۆکردن چوون بۆ ناوچەی قاسمەڕەش بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا سەبارەت بە پلان و بەرنامەی ڕاپەڕین[5]، نامەی سەرۆك بۆ زۆرێك لە سەرۆك فەوجی خەفیفە و مەفرەزەی تایبەت (خاصة) و کەسایەتیە گرنگەکان نێردرا، بۆ ئەوەی

---

(١) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل ١٥٥.

(٢) ریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هیوا گەیلانی، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، شانێك بەبن باری نیشتمانەوە، چاپخانەی ئەحمەدی خانی، سۆران، ٢٠٢١ز ل ٣٤٦.

(٤) شاندی پارتی پێکهاتبوو لە عومەر عوسمان، حەمید ئەفەندی، ئازاد قەرەداغی، فرەنسۆ حەریری، بڕوانە، عومەر عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥-١٥٦.

(٥) عومەر عوسمان، سەرچاوی پێشوو، ل ١٥٥.

لـە ڕۆژی دەسـپێکی ڕاپەڕیـن و هەمـوو لایـەك بەشـداری ڕاپەڕیـن بـکات، پارتـی چەنـد پێشـمەرگەیەکی خـۆی پێـش ڕاپەڕیـن ناردەوە نێـو شـارەکان، یەکێـك لـەو فەرماندانـەی ڕۆژێـك پێـش ڕاپەڕینـی سـۆران هاتـە ناوشـار حەسـەن نەجـاڕ بـوو، بۆ ئـەوەی سەرپەرشـتی بارودۆخەکـە بکات[١]. لەسـەر ڕاسـپاردەی سـەرۆك بارزانـی پێـش ٥ی ئـاداری ١٩٩١ چەنـد مەفرەزەیـەك هاتبوونـەوە نێـو شـار بـۆ ئەوەی سەرپەرشـتی ڕاپەڕیـن بکەن، چونکـە بەپێی بەرنامـەی نێـوان یەکیەتـی و پارتی بۆ هەموو شـوێن و شـار و شـارۆچکەیەك چەنـد بەرپرسـێك دیـاری کرابـوون[٢]، بـەڵام بـۆ دەڤـەری بادینـان یەکێتـی هیـچ کەسـێکی نەبـوو، بـۆ ئـەوەی وەك نوێنەری خـۆی بینێرێت، نەوشـیروان مسـتەفا ئامـاژەی بـەوەدا کـە ئـەوان کەسـێکی وایـان نییـە بـۆ ئـەوەی نوێنەرایەتیـان بـکات بـۆ دەڤـەری بادینـان[٣]. پلانـی ڕاپەڕیـن دابەشـی سـەر ڕێکخسـتنە نهێنیـەکان کـرا، بـۆ ئـەوەی سـوود لـەو هەلومەرجـە وەرگـرن کە سـوپای عێـراق تێـی کەوتـووە، چونکـە سـوپا ئەوەنـدە شـڵەژاو و بـێ هێـز بـوو، ئەگـەر منداڵیـش دوای کەوتبـان توانـای بەرگـری کردنیـان نەبـوو[٤]، لـە ئەنجامـی ئـەو کۆدەنگیـەی بـەرەی کوردسـتانی وێـڕای هەندێک جیـاوازی لە بیـرو ڕا، ڕاپەڕیـن دەسـتی پێکـرد و ئاسـۆی گەلـی کـورد کەوتـە درەوشـانەوە.

---

(١) عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٦.

(٢) عومەر عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

(٤) عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٨.

## ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی خەباتی کورد

ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ز باشـووری کوردسـتان وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو لـە ژیانـی گەلـی کوردسـتاندا[١]، ڕاپەڕیـن لە مێـژووی بزاڤـی ڕگاریخوازی کـورد پێگەیەکـی گرنـگ و شـوێنێکی گـەورەی هەیـە، قۆناغەکانـی خەبـات و بەرخودانـی گەلـی کـورد لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم تایبەتمەندیی جیاوازتـری هەبوو، کۆمەڵێك ئایدیای گرنگی شۆڕشـگێڕی و چالاکی سیاسـی و سـەربازی گـەورە و بەرچاوی بەخـۆوە بینی، لەنێو ئەم چالاکی و شۆڕشـانەدا، مرۆڤـی کـورد بە هەموو چین و توێژێکەوە بـە بیروباوەڕێکی بەهێز و متمانە و لەخۆبووردەیـی و فیداکارییـەوە گیانی دەبەخشـی، ماڵی دەبەخشـی، تەنیا و تەنیـا لـە پێنـاوی نیشـتمان و نەتـەوەو کوردایەتیـدا، لەو پێنـاوەدا خەبات و ڕاپەڕیـن دژ بـە چەوسـانەوەی داگیرکـەران بەردەوامـی هەبـوو، تـا ئەنجامـی ئـەو بەرخودانـە، ڕاپەڕینـی ئـازاری ١٩٩١ بەرهەمهێنا و کورد و سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد حکومڕانـی وڵاتی خـۆی بەخۆی گرتەدەسـت[٢].

شکسـتی سـوپای عێـراق لە شـەڕی کەنـداو لەگـەڵ هاوپەیمانـان، ڕەوتی ڕووداوەکانـی نێوخـۆی عێراقـی خێراترکـرد[٣]، لە٢ی ئابی ١٩٩٠ سـوپای عێراق بـە فەرمانـی سـەدام حوسـێن هێرشـی کـردە سـەر کوێـت، بەماوەیەکـی کەم توانـی داگیـری بـکات، هـەر زوو ڕایگەیانـد کوێـت پارێـزگای نۆزدەیەمینـی

(١) مەسـعود بارزانـی، بـۆ مێـژوو، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆکسـانا، هەولێـر، تشرینـی یەکـەم ٢٠٢٠، ل ٤٣.

(٢) هـاوڕێ قـادر ڕەسـوڵ، لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر ڕاپەڕینەکـەی بەهـاری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان، هۆڵەنـدا، ١٩٩٤، ل ٣٢.

(٣) دیڤیـد مەکـداول، مێـژووی هاوچەرخـی کـورد، وەرگێڕانـی ئەبوبەکـر خۆشـناو، کتێبفرۆشـی سـۆران، هەولێـر، ٢٠٠٥، ل ٦١٠.

عێراقـە[١]، ئـەم هەڵوێسـتەی سـەدام حوسـێن کاردانـەوەی نێودەوڵەتـی و هەرێمـی گـەورەی لێکەوتـەوە، تـا دواجـار ڕاسـتەوخۆ ئەمەریـکا و هاوپەیمانەکانـی سـنوورێکیان بـۆ فروانخوازییەکانـی عێـراق دانـا. پـاش تێکشـکانی سـوپای عێـراق لـە ٢٨ی شـوباتی ١٩٩١، زۆربـەی شـیعەکانی خـوارووی عێـراق بەجۆشـەوە دوای هەڵاتنـی سـەربازەکانی سـوپا ڕاپەڕیـن، لـە بەسـڕە دەسـتی پێکـرد تاوەکـو زاخـۆ، زۆربـەی شـارەکانی باشـوور و کوردسـتانی گرتـەوە[٢].

پـاش شکسـتپێهێنانی سـوپای عێـراق لـە لایـەن هێزەکانـی هاوپەیمانانـی نێودەوڵەتـی بـە سـەرۆکایەتی ئەمریـکا لـە کوێـت[٣]، دەرفەتێکـی زێڕیـن بـۆ خەڵکـی عێـراق لـە باشـوور و هەرێمـی کوردسـتان ڕەخسـا، بـۆ ئـەوەی سـوود لـەو دەرفەتـە وەربگـرن و دژی حکومەتـی عێـراق ڕاپـەڕن، لـە بـەسرەوە دەسـتیپێکرد کاتێـک سـەربازێک لـە ١ی ئـاداری ١٩٩١دا دەسـڕێژی لـە پەیکەرێکـی سـەدام حوسـێن کـرد لـە گۆڕەپانـی سـەعد کـە بـەس بـوو بۆ ڕاپەڕینێکـی جەمـاوەری گـەورە کـە پاشـان لـە دەوروبـەری شـاری بەغـدا زیاتـر بڵاوبـووەوە، لـەڕووی دەروونییـەوە ئـەم ڕاپەڕینـەی باشـوور هانـی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتانی دا، بـۆ ئـەوەی ئامـادەکاری بکـەن بـۆ ڕاپەڕین دژی دام و دەزگاکانـی حکومـەت لـە کوردسـتان[٤].

---

(١) عبـد الرضـا عـون، الانتفاضـة الشـعبانية فـى الحلـة، دارالفـرات للنـشر والطباعـة، الحلـة، ٢٠١٢م، ص٢٧.

(٢)فيبى مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨.

(٣) حامـد محمـود عيسـى، القضيـة الكرديـة فـى العـراق مـن الاحتـلال البريطانـى الـى الغـزو الامريكـى ١٩١٤-٢٠٠٤م، مكتبـة مدبولـى، قاهـرة، ٢٠٠٥م، ص٤٢٧.

(٤) محيـى الديـن محمـد يونـس، إنتفاضـه أربيـل ١٩٩١ .. وللاحـداث صـدى السـنين الحاكـى، شـاهد علـى الاحـداث يـروى لــ (الزمـان) أسرارا تنـشر للمـره الاولـى، جريـده الزمـان ، .www azzaman.com

ساڵی ١٩٩١ کاتێک ڕکوکینەی گەلی کوردی پشت بەستوو بە پێشمەرگەی کوردستان بە ڕووی دوژمناندا تەقیەوە و لە هەموو لایەکەوە ڕاپەڕی و توانی لە چەند ڕۆژێکدا هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە کەرکووکیشەوە ئازاد بکات(١).

یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ لە شاری ڕانیە(٢) لێیدا، دەکرێت بگوترێت ڕاپەڕینی باشووری کوردستان یەکێك بوو لەڕووداوە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم لە ساڵی١٩٩١(٣)، هەر بەخێرایی شارە سەرەکییەکانی کوردستانی گرتەوە، ڕاپەڕینەکە لە ٢٠ی ئادار گەیشتە چڵەپۆپە، کاتێک گەلی کورد توانی شاری کەرکووك کە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بۆ یەکەم جار ڕزگار بکات(٤)، دەکرێت بگوترێت ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لەڕووی ڕێکخراوەیەوە ڕێکخراوتر بوو لە ڕاپەڕینی باشوور، بەڵام ناکرێت ئەو ڕۆڵەی خەڵکی فەرامۆش بکرێت کە هەر لەخۆوە بەشداری ڕاپەڕینیان کرد، ڕاستە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەپێی بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراو نامەی بۆ زۆرێك لەخەڵکی نارد بوو، بۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراو دەست بەهەڵمەتی ڕاپەڕین بکەن دژی دامودەزگاکانی حکومەت(٥). هەرچەندە ڕای جیاوازیش

---

(١)عزەدین رەزا، لە پەراویزی بڕیاری ٦٨٨ەوە، ڕۆژنامەی برایەتی ژ٣٠٥٨، لە ٢٠٠٠/٣/٣٠ .

(٢) هەرچەندە بیروڕایەك هەیە دەڵێت: ڕاپەڕین لە ١٩٩١/٣/٣ لە قەزای خەبات دەستی پێکرد، کاتێك خەڵکی ڕاگوێزراوی ناوچەی پشدەر لەو شارۆچکەیە دژی پۆلیسی ئەو شارە نارەزایەتیان پیشان دا، بەڵام هەرزوو پۆلیس توانی نارەزایەتیەکە کۆنتڕۆڵ بکات و کۆتایی پێ بهێنێت. توێژەر.

(٣) جواد ملا، کوردستان والکورد وطن مسروق ومغتصب ومقسم، أمة مستعبدة وسجينة وبلا دولة، من منشورات جمعية غرب كوردستان، طبعة الثالثة، ٢٠٠٨م، ص١١٧

(٤) فیبی مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٨.

(٥) فیبی مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٨.

هەیە کە پێیانوایە ڕاپەڕینی باشوور و کوردستان خۆڕسك بوو، هیچ پلان و بەرنامەیەکی هاوبەشی بۆ دانەڕێژرابوو، دروشمێکی یەکگرتووی نەبوو، هەروەها ڕاگەیاندنێکی یەکگرتووش نەبوو کە لەوێوە بانگەواز بۆ هەڵمەتی ڕاپەڕین بکرێت[1]، بەڵام هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد بە هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕیو هەر زوو توانی دەست بەسەر دامودەزاگاکانی حکومەت دابگرێت، ئەم ڕاپەڕینە بەگەورەترین شۆڕشی کوردی دێتە هەژمارکردن لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو کورد بتوانێت هەموو کوردستان بە شاری کەرکووکیشەوە ڕزگار بکات[2].

ڕاپەڕین پەیامێکی دایە هەموو دوژمنانی گەلی کوردستان کە کورد چی دیکە ژێر دەستی و زۆرداری قبووڵ ناکات و دواجار ئیرادەی گەل سەردەکەوێت، زوڵم و زۆر چەند زۆر بێت، ئەو ڕژێمە داگیرکەرانەی کوردستان هەرچی بکەن، ناتوانن تا سەر بەردەوام بن، دواجار سەرکەوتن هەر بۆ نەتەوە ئازادیخوازەکانە[3]، ڕاپەڕین زۆر پەیامی تێدا بوو بۆ گەلی کورد، ئەگەر یەکگرتوو بێت، سەرکەوتووش دەبێت، چونکە نهێنی سەرکەوتن هەمیشە لە یەکگرتوویی دایە، هۆکاری سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ١٩٩١ یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان بوو، هەم لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکان، هەمیش لە ڕووی جەماوەرییەوە، لەهەمان کاتدا هەماهەنگی نێوان پارتە سیاسییەکان و جەماوەر بەیەکەوە، لەگەڵ پلان و بەرنامەڕێژی سەرکردایەتی سیاسی کورد فاکتەری سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوون.

(١) حکمت محمد کریم(ملابختیار) ثورة کوردستان ومتغیرات العصر نضال الجبال أم انتفاضة المدن، الدار سائر المشرق للنشر والتوزیع، ب،م، ٢٠١٦، ص٣٢٣.

(٢) حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٤٢٦، جواد ملا، نفس المصدر السابق، ص١١٧.

(٣) هیوا گەیلانی، سەرچاوەی پێشوو.

## پەلامار و لەشکرکێشییەکانی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان

سوپا تێکشکاوەکەی حکومەتی عێراق لە هەلێك دەگەڕا بۆ ئەوەی هێرشی پێچەوانە بکات و دووبارە شوێنە لەدەست چووەکانی بگەڕێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، لە ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ یەکەمین هێرشی دەستپێکرد بۆ سەر پێشمەرگە لە شاری کەرکووك، هەر یەکێك لە عیزەت دوری و عەلی حەسەن مەجید[١]، سەرپەرشتی و پلان داڕێژەری هێرشەکە بوون و سەرکردایەتی سوپاکەیان دەکرد کە لە لایەن خودی سەدام حوسێن بۆ گرتنەوەی کوردستان نێردرابوون، لەهەمووشی گرنگتر پڕوپاگەندەی شەڕ[٢] بوو، کە تا ڕادەیەکی زۆر ورەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانی دابەزاندبوو، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرگری هێزی پێشمەرگە، خەڵك مەترسی زۆری هەبوو لە پەرچەکرداری حکومەتی عێراق بەرامبەریان، بۆیە لە ئەنجامی ئەو هێرشەی سوپا، کۆڕەوە ملیۆنییە

---

(١) عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیایی ئامۆزای سەدام حوسێن بوو، ئەو ڕۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە قەڵاچۆکردن و سەرکوتکردنی دەنگ و ڕەنگە ناڕازییەکان دژی ڕژێمی صەدام، بۆیە خەڵك گومان و ترسیان هەبوو، سەرپەرشتی کردنی بەرەی شەڕ لەلایەن عەلی حەسەن مەجید بۆ گەلی کورد مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بوو، چونکە دەیانزانی ئەو سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوە لەدژی نەیارەکانی، بۆیە ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی ڕوخانی ورەی پێشمەرگە و خەڵکی بەگشتی و لەماوەیەکی زۆر کەم کە تەنیا چەند ڕۆژێك دەبوو تەواوی شاری کەرکوك گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق.

(٢) ئەوکات دەیان گوت تابوری پێنجەم، بەداخەوە ڕۆڵێکی زۆری بینی لە داڕوخانی ورەی پێشمەرگە و خەڵکی بەگشتی، بۆیە خەڵك لە شارۆچکەی چۆمان بەرەو سنوور دەڕۆیشت، چونکە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لەدڵی خەڵکی دا دروستکردبوو. توێژەر

مەزنەکەی خەڵکی کوردستان دەستیپێکرد، ئەمە وای کرد بە ماوەیەکی کەم زۆر شوێنی کوردستان دووبارە داگیربکاتەوە و هێزی پێشمەرگەی لێ وەدەربنێت، بە پێچەوانەی هێزی پێشمەرگە کە بەردەوام بەرەو دواوە پاشەکشەی دەکرد، سوپای عێراق بەوپەڕی ورە بەرزییەوە هێرشیان دەکردە سەر هێزی پێشمەرگە، بەردەوام بوون لە پێشڕەوی تاوەکو زۆربەی شوێنە ئازادکراوەکانیان داگیرکردەوە. ڕەنگە هەر ئەوە هۆکاری شکستی پێشمەرگە نەبێت، بەڵکو هۆکاری زۆرتر هەن، لەوانە ناڕێکی و دابەش بوونی پێشمەرگە بەسەر سەنگەرەکان و ملنەدانی پێشمەرگەی هەموو حزبەکان، یەکێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە بیرەوەریەکانی خۆی دەڵێت: «ئێمە تەنیا ٥٠ پێشمەرگەیەك لە نزیك پردێ مابووین و بەرگریمان دەکرد، من و پاسەوانەکانم، لەگەڵ پاسەوانەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ، کۆسرەت بەمنی گوت: بروسکەیەك بۆ کاك مەسعود بکە بۆ ئەوەی هێزمان بۆ بنێرێت»، منیش لەوەڵامدا پێم گوت: من بروسکە ناکەم خۆت بیکە، ئەوەبوو بروسکە کرا، هێزێکی زۆری پێشمەرگە هات، بەڵام زۆری نەبرد کەس لەو ناوە نەمایەوە، هەر خۆمانماینەوە[1].

سوپای عێراق بەردەوام بوو لەپێشڕەوی بۆ گرتنەوەی شوێنەکانی تر، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی خۆبەخش بەرەو ڕووی سوپای ڕژێم وەستانەوە، بەڵام نابەرانبەری لە هێز و توانای سەربازی، هاوسەنگی شەڕەکەی گۆڕی و لەبەرژەوەندی حکومەتی عێراق تەواو بوو، ئەوەی ڕاستی بێت ناڕێکی هێزی پێشمەرگە و نەشارەزایی لە شەڕی مەیدانی و خۆ فریودان بەوەی کە حکومەتی عێراق لە ئەنجامی شەڕی کەنداو تووشی دارمان بووە، ناتوانێت خۆی ڕێك بخاتەوە و هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە، خاڵێکی جەوهەری بوو لەوەی کە نەی توانی ڕووبەڕووی هێرشەکان ببێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر هێزەکانی پێشمەرگە

(١) عومەر عوسمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

بەناڕێکی دابەشی سەر بەرەی شەڕ کرابوون[1].

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شۆڕش ئیبراهیم پێشمەرگەی خۆبەخش لە ڕاپەڕین، ٢٠٢١/١١/٢٤ لە شارۆچکەی دیانا.

# بەشی دووەم

## دەربەندی کۆڕێ، ئەوشوێنەی بووەتە شانازی نەتەوەیەک

## هەڵكشان بەرەو پیرمام و سەرەتای سەركەوتنێكی گەورەی هێزی پێشمەرگە

پاش ئەوەی هاوكێشە سیاسییەكان گۆڕانیان بەسەر داهات، سوپای عێراق لە باشووری ئەو وڵاتە توانی شكست بە ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلی باشوور بهێنێت و ڕاپەڕین بەتەواوی دامركێنێتەوە[1]، لە كوردستانیش بەهەمان شێوە دەیویست ئیرادەی گەلی كورد تێكبشكێنێت، بەڵام بەرگری پێشمەرگە دووبارە داگیركاری ڕەتكردەوە و ئەو ئاواتەی حكومەتی عێراقی لە گۆڕنا[2]، بەرگری پێشمەرگە بۆ ئەوەبوو كە هەرگیز جارێكی تر كورد لەژێر سایەی ڕژێمێكی دیكتاتۆر نەژییت، هەروەها وەرچەرخانێكی مێژوویی مەزن بوو لە باشووری كوردستان، چونكە بەهۆی ئەو بەرگریە بوو دواجار كورد گەیشتە هەندێك ماف و ئازادی خۆی و بەدوای خۆیشی حكومەتێكی لەسەر بنەمای دیموكراتی بۆ خەڵكی باشووری كوردستان لێكەوتەوە.

پاش ئەوەی ڕژێم سەركەوتوو بوو لە دامركاندنەوەی ڕاپەڕینی باشووری عێراق، سوپا بۆ داگیركردنەوەی ناوچە ئازادكراوەكانی هەرێمی كوردستان، خۆی ڕێكخستەوە و لە ٢٨ی ئاداری ١٩٩١ هێرشیكردە سەر كەركووك، لە ماوەی دوو ڕۆژدا تەواوی شاری كەركووكی داگیركردەوە و تاوەكو ڕێكەوتی ٣١ی ئاداری ١٩٩١ گەیشتە شاری هەولێر و بەتەواوی كۆنترۆڵی كرد. هەرچەندە ئێمە چەند جارێك هێڵی بەرگریمان لە پردێ و قوشتەپە دانا بۆ ئەوەی پێش بە هێرشی سوپا بگرین[3]، پاش

---

(١) عبدالرضا عون، مصدر السابق، ص٩٤.

(٢) كەریم قادر، پێشمەرگە ئەو هێزە بەعس شكێنەی دەبێ هەمیشە بمێنێت، وتار، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٤٠٥ لە بەرواری ٢٠٠٤/٤/٧ز.

(٣) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

ئـەوەی سـوپا توانـی هەولێـر بەتـەواوی داگیربکاتـەوە، بـەرەو شـارۆچکەی پیرمـام هەنـگاوی نـا، بۆیە هێزی پێشـمەرگەی بـەرەی کوردسـتانی دوو هێڵی بەرگریـان دانـا، بەمەبەسـتی ڕووبەڕووبونـەوەی سـوپای عێـراق، بۆئـەوەی نەتوانـن بگەنـە پیرمـام کـە یەکێکیـان لـە خانـزاد و ئەویدیکەیـان لـە سـەری بڵنـد بـوو، بـەڵام سـوپای عێـراق لـە ڕۆژی ٧ی مانگـی نیسـان، بـەرەو پیرمـام پێشـڕەوی کـرد، لە ماوەیەکـی کەمدا هەموو بەرزاییەکانی ئەوێشـی داگیرکرد، بـەڵام بـێ ئـەوەی لـە پیرمام بنکـە و بـارەگای خـۆی دابمەزرێنێ، هێرشـیکردە سـەر کـۆڕێ، بـەرەو شـەقڵاوە و بـەردەوام بـوو لەپێشـڕەویکردن[1].

بـە فەرمانـی فەرماندەیـی گشـتی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق، فیرقـەی ٢٨[2] ڕاسـپێردرا هەولێـر داگیربکاتـەوە، دواتـر بـەرەو سـەرووتر پێشـڕەوی

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ باپیـر ئیسـماعیل شـێرۆکی پێشـمەرگەی هێـزی بـارزان و بەشـداربووی شـەڕەکە لـە ٢٠٢٢/٢/١٤، سـۆران

(٢) فیرقـەی (٢٨) کـە بـە هێزەکانـی حەسـەن نـاسراو بـوو، فیرقەکـە بـە فەرماندەیـی (عەمیـدی ڕوکـن حەمـەد حمـود) کـە خـۆی دانیشـتووی شـارەدێی شـەرقات و سـەرۆکی سـتادی فیرقـە (عەمیـدی ڕوکـن چـەلاب) دانیشـتووی هەمـان شـارەدێ بـوو.

فیرقەکـە لـە سـێ لیـوای پیـادە پێکهاتبـوو: لیـوای (٤١٢) بـە فەرماندەیـی (عەقیـد سـەعدی)، لیـوای (٤١٧) و لیـوای (٧٨) بـە فەرماندەیـی (عەقیـد زوهێـر)، فەوجـی مغاویـر بـە فەرماندەیـی (خـۆم)، دوو پەلـی تانـک کـە نزیکـەی ١٦ تانـک بـوو، فەوجێکـی پیادەی میکانیکـی گواسـتنەی زرێپۆشـی جـۆری بـی ئێـم بـی وەن، دوو کەتیبـەی تۆپـی مامناوەنـدی عیـار ١٠٥ و ١٣٠ملـم، کەتیبەیەکـی هاوەنـی ١٣٠ ملـم کـە هـەر کەتیبەیـەک لـە (١٨) تـۆپ و کەتیبەیەکـی دژە فڕۆکـە پێکهاتبـوو، کـە دواتـر لەگـەڵ دوو فەوجـی جاشـان بـۆ تۆپبارانکردنـی ئامانجەکانـی سـەر زەوی بەکارهێـنران، ژمـارەی سـەربازی بەشـدار (١٠٠) هـەزار زیاتـر یـا کەمـتر بـوو. ئـەم لیوایـە لـە شـەڕی کوێـت زەرەر مەنـد نەبـوو بـوو، چونکـە لەسـەر سـنوور بـوو، بۆیـە بـۆ دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕیـن گوازرایـەوە بـۆ پارێـزگای دهـۆك لـە نزیـك شـارۆچکەی فایـدە، بـەڵام پـاش ئـەوە فەرمانـی پێکـرا بچێتـە هەولێـر بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕیـن، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فـارس

بـكات و شكسـت بـە ڕاپەڕینـی جەمـاوەری كوردسـتان بهێنێت. لـە ڕێكەوتی ٥ی نیسـانی ١٩٩١ فیرقەكە فەرمانی پێكرا بە ئاڕاسـتەی هەولێر لەشكركێشـی بـكات، تاكـو لە ڕێگـەی هاوینەهەواری پیرمام بگاتە شـارۆچكەی شـەقڵاوە[1]. حكومـەت توانیبـووی بـە پشـتیوانی هێزێكـی گـەورە شـاری هەولێـر دووبارە داگیـر بكاتـەوە. هێـزی پێشـمەرگە لـە نزیـك مەلائۆمـەر هێلـی بەرگـری دانا، بـەڵام سـوپا بـەردەوام بـوو لەپێشـڕەوی، تـا دەهـات زیاتـر نزیـك دەبوویەوە لـە شـارۆچكەی پیرمـام، بۆیـە دووبـارە پێشـمەرگە لـە نزیـك خانـزاد هێـل و سـەنگەری بەرگریـان دانـا بۆ ئەوەی ڕێگری بكەن لە پێشـڕەوی سـوپا، چونكە تـا دەهـات نزیكـتر دەبوویـەوە، سڵـی لەهاتنە پێشـەوە نەدەكـردەوە، لەگەڵ نزیـك بوونـەوەی سـوپای عێـراق، پێشـمەرگە سـەنگەرەكانی دەگواسـتەوە بۆ دواوە، ئـەوە بـوو هێـزی بـارزان لـە بەسـتۆڕە دامـەزرا[2]، بـۆ ئـەوەی بەرگری لـە هاتنـە پێشـەوەی سـوپا بكات، بـەڵام لەبەرئـەوەی ژمارەی پێشـمەرگە زۆر كـەم بـوو، نەتوانـرا ڕێ لـە سـوپا بگیرێـت، وێـڕای ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە بەبـەراورد لەگـەڵ ژمـارەی سـەربازانی عێراقـی زۆر كـەم بـوو، لـەڕووی چەك و تەقەمنیـش سـوپای عێـراق توانـای باشـتر بـوو، بۆیـە بـۆ هێـزی پێشـمەرگە ئەسـتەم بـوو بەرگـری بـكات، چونكـە هەڵكەوتـەی جوگرافـی ئـەو شـوێنانە بـۆ شـەڕی پێشـمەرگە لەبـار نەبـوو، هەروەهـا نارێكـی دابەشـبوونی هێـزی پێشـمەرگە بەسـەر سـەنگەرەكانی بەرگـری، لەهەمووشـی گرنگـتر مـل نەدانـی پێشـمەرگەی پارتـە سیاسـیەكانی كوردسـتان بـۆ بەرگریكـردن، هەروەهـا ناشـارەزایی پێشـمەرگە لەشـەڕی مەیدانـی، هۆكارێكـی بەهێـزی بەرگـری نەكـردن بـوو، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا گوێڕایـەڵ نەبوونـی پێشـمەرگە بـۆ سـەرووی خۆیـان، ئەمانـە و چەندین هـۆكاری تـر بوونە هۆی

---

ئەكرەم ئەفسەری سوپای پێشووی عێراق، كە بەڕەچەڵەك كوردە، توێژەر ٢٠٢٢/٢/٩

(١) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ فـارس ئەكـرەم ئەفسـەری سـوپای پێشـووی عێـراق، كـە بەڕەچەڵـەك كـوردە، توێـژەر ٢٠٢٢/٢/٩

(٢) باپیر ئیسماعیل شێرۆكی سەرچاوەی پێشوو.

ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە پاشەکشـە دابێـت[1].

هەوڵـی بـەردەوام هەبـوون لـە لایـەن سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد، بـۆ ئـەوەی بەهـەر شـێوەیەك بێـت بەرگـری بکرێـت لەهاتنـە پێشـی بەردەوامـی سـوپای عێـراق[2]، لەبـەر ئـەوە پارتـە سیاسـیەکان بڕیاریـان دا هێڵـی بەرگـری لـە پیرمـام دابنێـن و لەوێـدا پیشـمەرگە بەرگـری لـە هێرشـی سـوپای عێـراق بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هـەر لـە پیرمـام کۆبوونەوەیـەك بـۆ گشـت لێپـرسراوە سـەربازییەکانی پارتـەکان بەسـتراو بڕیـار درا شـوێنی هێڵـی بەرگـری بکـرێ بـە دوو بـەش، بەشـی یەکـەم: لـە شـەقامی سـەرەکی هەولێـر کـە بـەرەو شـەقڵاوە دێـت، لەخـوار سـەری ڕەش کـە بـە هێزەکانـی یەکێتـی و سۆسیالیسـت درا، بەشـی دووەم: لـە شـەقامی سـەرەکی هەولێـر بـۆ شـەقڵاوە بـەرەو سـەری ئاوڕێـژ و گونـدی زیـارەت بـوو کـە بـە هێزەکانی پارتـی و شـیوعی درا، ئـەوە بـوو بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـك پێشـمەرگە لـە شـوێنەکانی خۆیـان مانـەوە[3]، لەبـەر ئـەوەی سـوپا و پێشـمەرگە دوو هێـزی هاوسـەنگ نەبـوون، بۆیـە زیاتـر نزیـك دەبوونـەوە لـە داگیرکردنـەوەی شـارۆچکەی پیرمـام، سـوپا بـەرەو شـارۆچکەی پیرمـام پێشـڕەوی دەکـرد، تـا دەهـات لـە ئامانجەکـەی نزیکـتر دەبـووەوە، زۆربـەی شـوێنە ئازادکراوەکانی کوردسـتانی داگیرکـردەوە[4]، سـوپا گەیشـتە لۆفەکانـی شـەقامی سـەرەکی پیرمـام، بەرگرییەکـی پێویسـت نەکـرا، تـا دوا جـار بەبـێ بەرگری گەیشـتە ناو شـارۆچکەی پیرمـام، هێزی پێشـمەرگە لەوێ پاشەکشـەیان کرد بـەرەو گوندی کـۆڕێ، سـوپا بـەردەوام بـوو لەپێشـڕەوی کـردن، چونکـە هیـچ بەرگریەکی وا

---

(١) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٢٠ز، ل ٤١٦.

(٢) چاوپێکەوتنـی تەلەفزیۆنـی لەگـەڵ دکتـۆر سـەعید بارزانـی لـە یـادی ١١ سـاڵەی شـەڕی کـۆڕێ لـە کوردسـتان تیڤـی.

(٣) حەمید ئەفەندی، داستانی کۆڕێ، ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ(٣٠٦٣) لە ٢٠٠٠/٤/٦.

(٤) باپیر ئیسماعیل شێرۆکی، هەمان سەرچاوە.

لـە لایـەن هێـزی پێشـمەرگە نەدەکـرا[١].

هێـزی پێشـمەرگە بەهـۆی پەرتەوازەیـی و نەبوونـی سـتراتیژ و پلانێکـی سـەربازی و کەمـی ئەزمـوون لەشـەڕی مەیدانـی نەیـان توانـی بەرگریەکـی پێویسـت بکـەن[٢]. بارودۆخـی خەڵکـی کوردسـتان سـات بـە سـات بـەرەو خراپـتر دەڕۆیشـت، تـا دەهـات خەڵـك بـێ هیـوا تـر دەبـوون و کـۆڕەوە مەزنەکـە دەسـتی پێکـرد بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـوپای عێـراق بـەردەوام لـە داگیرکردنـەوەی تـەواوی کوردسـتان نزیکتردەبـووەوە، ئومێدی پێشـمەرگە و خەڵکـی کوردسـتان بەتـەواوی لەناوچووبـوو، پێشـمەرگە بەرگرییەکـی پێویسـتی پـێ نەدەکـرا، هێزێکـی ڕێکخـراوی نەبـوو، بۆیە زۆرێك لـەو هێزانە بەرگریـان نەدەکـرد[٣]. تاکـە هێـز کە بەرگری لە هێرشـە داگیرکاریەکەی سـوپا کـرد و بەرپەرچـی سـوپای عێراقیـان دایـەوە و بەرگریەکـی بـێ وێنەیـان کرد، ئـەو هێـزە بـوو کـە لەگەڵ مەسـعود بارزانـی دابـوون، چونکە ئـەوان چەکی دۆشـکەیان پـێ بـوو، نەیانهێشـت هەلیکۆپتـەرەکان زیـان بـە پێشـمەرگە و خەڵکـی بگەیەنـن[٤]، تـا دەهـات سـوپا نزیـك تـر دەبـووەوە لـە شـارۆچکەی پیرمـام، هێـزی پێشـمەرگە لـە خانـزاد هێڵـی بەرگـری دامەزرانـد، سـەید کاکە دەڵێـت: کاتژمێـر ١٢ی شـەو نامەیەکـی کـۆسرەت ڕەسـوڵم پێگەیشـت، لـە نامەکـە نووسـی بـووی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی لـە سـەنگەری بەرگریکـردن

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فـارس ئەکـرەم ئەفسـەری سـوپای پێشـووی عێـراق، کـە بەڕەچەڵـەك کـوردە، ٢٠٢٢/٢/٩. بـە تەلەفـۆن.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ شـۆڕش ئیبراهیـم پێشـمەرگەی خۆبەخـش لـە ڕاپەڕیـن، لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢١/١١/٢٤ لەلایـەن میـرزا ئیبراهیـم قـادر.

(٣) چاوپێکەوتنـی تەلەفزیۆنـی لەگـەڵ دکتـۆر سـەعید بارزانـی، هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو .

(٤) چاوپێکەوتنـی تەلەفزیۆنـی لەگـەڵ دکتـۆر سـەعید بارزانـی، لـە یـادی ١١ سـاڵەی شـەری کۆڕێ.

لەسوپای عێراق لە مەلائۆمەر بەتەنیا ماون، پێشمەرگەکانی پارتی و سۆسیالیست و هەموو هێزەکانی تر شوێنەکەیان جێهێشتووە[1]، ئەم نامەیە منی زۆر نیگەران کرد، بۆیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك خۆم گەیاندە شوێنی شەڕەکە، بەڵام بەداخەوە کاتێك گەیشتمە شوێنەکە هیچ هێزێکی لێ نەبوو بێجگە لە قادرە سۆر ڕوستایی و نەجمەدین گۆرۆنی و پێشمەرگەکانیان[2]، لەگەڵ گەیشتنم پێیان گوتم: خاڵە سەید هەموو پێشمەرگەکانی لایەنەکانی تر بەهەی ئێوەشەوە ئێمەیان جێهێشت و ڕۆیشتن، بۆیە تۆ هاوکاریمان بکە، منیش بەیانی کاتێك کۆسرەت ڕەسوڵم دیت پێم گوت: کە هێزەکانی یەکێتی شوێنەکەیان جێهێشتووە[3]و هەڵهاتوون تەنیا هێزی پارتی لەو شوێنە ماوە[4].

لە ٦ی نیسانی ١٩٩١ هێزێکی کەمی پێشمەرگە بە فەرماندەیی دکتۆر سەعید بارزانی و حالی دۆلەمەری و چەند یەکەیەکی تری پێشمەرگە بەرەنگاری لەشکرکێشی سوپای عێراق بوونەوە لە پیرمام، بەڵام نەتوانرا ڕێگری لە هاتنە پێشی سوپا بکرێت، بەڵکو سوپا گەیشتە ناو شارۆچکەی پیرمام[5]، هێزی بارزان لە نزیك بەستۆڕە سەنگەریان دانابوو، بۆئەوەی بەرەنگاری سوپای عێراق ببنەوە، بەڵام سوپای عێراق بەردەوام بوو لە پێشڕەوی کردن، ژمارەی پێشمەرگە زۆر کەم بوو، ئەمەش وایکرد نەتوانرێت ڕێ لەو لەشکرکێشیە بگیرێت، چونکە جێگایەکە فراوان بوو، هێزی

---

(١) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو ، لا٤١٦.

(٢) هەردووکیان دوو فەرماندەی پارتی بوون. توێژەر.

(٣) ڕۆشنا عەلی، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەید کاکە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٧٥٦ لە ٢٠٠٥/٥/٧.

(٤) سەید کاکە، هەمان سەرچاوە، ل ٤١٧.

(٥) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردستان، لەلایەن هەڤاڵ ڕواندزی لە ١٩٩٦/٤/١٢ لەگەڵ دکتۆر سەعید بارزانی فەرماندەی هێزی بارزان.

پێشـمەرگە گەڕایـەوە شـارۆچکەی پیرمـام، کاتێـك پێشـمەرگە گەیشـتەوە ناو شـار سـوپای عێراق شـارۆچکەی پیرمامی بەتەواوی داگیرکردبـووەوە[١]، هێزی پێشـمەرگە بـەرەو گونـدی حوجـران کشـانەوە[٢]، دەکرێـت ئـەم پاشەکشـەیە وەك سـتراتیژێکی سـەربازی سـەیر بکرێـت، چونکە نەمان دەتوانـی بەو هێزە کەمـە ڕێگـری لە پێشـڕەوی سـوپایەك بکەین کە سـەد بەرامبـەری ئێمە بوون لـە هێـز و توانـاوە، بـەڵام دەربەنـدی کـۆڕێ بـەو پێیـەی هەڵکەوتەیەکـی جوگرافـی سـەختی هەیـە، ئەوێـمان زۆر پـێ بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی هێڵـی بەرگـری لـەوێ دابنێیـن[٣]، هێـزی پێشـمەرگە دابەشـی سـەر هـەردوو زنجیرە چیـای سـەر گونـدی کـۆڕێ بوو بـوو، لە بەشـی ڕۆژئـاوای ئـەو زنجیـرە چیایە پێشـمەرگەکانی پارتـی بـوون، لای ڕۆژهەڵاتیـش پێشـمەرگەکانی یەکێتـی بـوون، هـەر یەکێـك لە حەمیـد ئەفەندی و کۆسرەت ڕەسـوڵ دیـاری کرابوون وەك فەرمانـدەی ئـەو شـەڕە[٤].

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ باپیـر ئیسـماعیل شـێرۆکی پێشـمەرگەی هێـزی بـارزان و بەشـداربووی شـەڕەکە لـە ٢٠٢٢/٢/١٤، توێـژەر.

(٢) گونـدی حوجـران کەوتۆتـە بنـاری چیـای سـەفین و سـەر ڕێـگای هەولێـر سـۆران، نزیکـەی دوو کیلۆمەتـر لـە دەربەنـدی کـۆڕێ دووره.

(٣) چاوپێکەوتنـی تەلەفزیۆنـی کوردسـتان، لەلایـەن هەڤـاڵ ڕوانـدزی لـە ١٩٩٦/٤/١٢ لەگــەڵ دکتــۆر ســەعید بارزانــی فەرمانــدەی هێــزی بــارزان.

(٤) حەمید ئەفەندی، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە١٧٥٦ لە ٢٠٠٥/٤/٧ز.

## یەکەم هێرشی سوپای عێراق بەرەو کۆڕێ

شـەڕی کـۆڕێ لـە دیرۆکـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان بووەتـە خاڵێکـی درەوشـاوە و وەرچەرخانێکـی مێژوویـی لـە مێژووی سـەدان ساڵەی شۆڕشـەکانی کوردسـتان، ئـەو شـوێنە بەهۆی هەڵکەوتـە جوگرافییەکـەی[1] و نەبـەردی پێشـمەرگەکانی کوردسـتان و سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، توانـی چـۆك بـە گەورەترین سـوپای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دابنێـت. شـەڕێك کـە لـەڕووی سـەربازییەوە ناهەوسـەنگ و نابەرابـەر بـوو، چونکـە هێـزی پێشـمەرگە نەدەگەیشـتە پەنجـا پێشـمەرگە، کەچـی سـوپا عێـراق بریتـی بـوو لـە یـەك فیرقەی تـەواو، هەروەهـا هەلیکۆپتـەر و تانـك و زرێپـۆش و هەمـوو جـۆرە چەکێکـی تریان لـەو شـەڕە بەکارهێنـا[2]، بـەڵام بەهێزیـی ئیـرادەی پێشـمەرگە و پێداگیـری سـەرکردایەتی شـۆڕش، بەتایبەتـی مەسـعود بارزانـی کـە ئـەوکات سـەرۆکی بـەرەی کوردسـتانی بـوو، خـودی خۆشـی یـەك ڕۆژ پێـش هێرشـی سـوپا لەبـەرەی جەنـگ بـوو[3]، توانـرا سـەرکەوتنێکی مـەزن وەدەسـت بهێنرێـت،

(١) دەروازەی کـۆڕێ هەڵکەوتەیەکـی جوگرافـی سـەختی هەیـە، لەبەشـی ڕۆژهـەڵات زنجیـرە چیایـەك هەیـە، لەبەشـی ڕۆژ ئـاواش زنجیـرەی چیایەکـی تـر هەیـە، کـە دەکەوێتـە سـەرووی شـارەدێی کـۆڕێ، ئـەم هەڵکەوتـە جوگرافییـە وایکـرد، پێشـڕەوی سـوپای عێـراق بـۆ ئـەو شـوێنە زۆر ئەسـتەم بێـت، چونکـە زنجیـرە چیـاکان دەیانڕوانییـە سـەر گەڵیەکـە، هێـزی پێشـمەرگەش سـەر ئـەو بەرزاییانەیـان گرتبـوو و ئامادەباشـیەکی تەواویـان هەبـوو بـۆ ئـەوەی بەرگـری بکـەن لـە شـوێنەکە، بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە .

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئەفسـەرێکی پێشـووی سـوپای عێـراق بەنـاوی نەقیـب فـارس کـە بەرەچەڵـەك کـوردە، توێـژەر٢٠٢٢/٢/٩.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ باپیـر ئیسـماعیل شـێرۆکی بەژداربـووی شـەری کۆرێ لـە ٢٠٢٢/٢/١٤ لە سـۆران.

بێگومـان ئـەم سـەرکەوتنەی شـۆڕش ئەنجامـی گـەورەی لێکەوتنـەوە[١]، کـە دواتـر لەبەشـەکانی تـر لێـی دەدوێیـن.

سـوپای عێـراق لـە پیرمـام بـەرەو کـۆڕێ بـەردەوام بـوو لـە پێشـڕەوی کـردن، کەچـی هێزێکـی وای لەپێـش نەبـوو ڕێگـری لـێ بـکات و بەرگـری بـکات، تـا لـە دەربەنـدی کـۆڕێ نزیـك بـووەوە، شـپرزەیی و بـێ هیوایـی باڵـی بەسـەر زۆرێـك لـە پێشـمەرگەکاندا کێشـابوو، تەنیـا هێزێك کـە توانیان بەرەنـگاری ئـەو پێشـڕەویانەی سـوپای عێـراق ببنـەوە و سـەنگەری بەرگریان لێـدا، پێشـمەرگەکانی پارتـی بـوون، کـە پێـك دەهاتـن لـە مەفرەزەیـەك بەفەرماندەیـی دکتـۆر سـەعید بارزانـی و مەفرەزەیەکیـش بەفەرماندەیـی حالـی دۆلەمـەری بـوو[٢]. سـەبارەت بە شـەڕی یەکەمی کۆڕێ خالـد ئاژگەیی دەڵێـت: شـەڕی یەکەمـی کـۆڕێ هیـچ پێشـمەرگەی حزبێکـی تری لـێ نەبوو بێجگـە لـە پێشـمەرگەکانی پارتـی، ئێمـەش لـەوێ نەبوویـن[٣]، ئـەو هێـزەی پێشـمەرگە کـە لەکـۆڕێ مایـەوە بەبـەراورد لەگـەڵ سـوپای عێـراق ژمارەیـان زۆر کـەم بـوو، بـەڵام توانیـان ڕێـڕەوی شـەڕەکە بگـۆڕن و قارەمانێتییەکی بێ وێنەیـان نوانـد، کـۆڕێ بـوو بـە خاڵـی یەکلاکـەرەوەی شـەڕەکە، هەروەکـو لەپێشـووتر باسـمان کـرد. بەهـۆی هەڵکەوتـە جوگرافیەکـەی دەربەنـدی کـۆڕێ سـوپای عێـراق نـەی توانـی ئـەم سـنوورە تێبپەڕێنێـت[٤].

---

(١) مەسـعود بارزانـی لـە شـاری روانـدز ١٩٩١/٤/٣، جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە نابێـت کوردسـتان جێبهێڵیـن، بۆیـە دەبێـت دوژمـن بەسـەر لاشـەی ئێمـە بێتـەوە کوردسـتان، ئەمـەش کاریگـەری زۆر گـەورەی هەبـوو لەسـەر دەروونـی خەڵـك بەگشـتی و پێشـمەرگە بەتایبەتـی، بەشـداریی ڕاسـتەوخۆی بارزانـی کـە یـەك ڕۆژ پێـش هێرشـەکە لـەو شـوێنە بـوو، کاریگـەری زۆری کـردە سـەر ئەنجامـی شـەڕەکە، ڕاپـۆرت هەڤـاڵ نـەورۆز کوردسـتان تیڤـی.

(٢) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٧.

(٣) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی، لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگە خالد ئاژگەیی، ٢٠٠٢.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیر ئیسماعیل شێرۆکی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دکتـۆر سـەعید بارزانـی بـاس لـەوە دەکات کـە لـە ٧ی نیسـانی ١٩٩١ سـوپای عێـراق لـە شـارۆچکەی پیرمـام بەهێزێکـی زۆری پیـادە و تـۆپ و دەبابـە بـەرەو کـۆڕێ پێشـڕەوی کـرد، ئێمـە لـە ئـان و سـاتی هێرشـەکە لـە گونـدی حوجـران بوویـن بـۆ پشـوودان، بۆیـە لەگەڵ گەیشـتنی هێـزی عێراق بـۆ کـۆڕێ لەسـەر بڕیـاری فەرمانـدەی هێزەکە کە ئـەوکات حەمیـد ئەفەندی بـوو، خـۆم و پێشـمەرگەکانم و پێشـمەرگەکانی حاڵـی دۆلەمـەری چووینـە سـەر بەرزاییەکانـی ئـەو چیایـەی کـە کەوتۆتـە سـەر دەربەنـدی کـۆڕێ، بـە هەمـوو شـێوەیەك بەرپەرچـی سـوپای عێراقـمان دایـەوە، بـە هێزێکـی کـەم و توانایەکـی لۆجسـتی کـەم توانیـمان ڕێگـری لـە پێـشرەوی سـوپا بکەیـن[1].

سوپا بەژمارەیەکی زۆری سەرباز و تانك و زرێپۆشەوە بەرەو دەربەندی کۆڕێ پێشڕەوی کرد، ئێمە هێزی بارزان و هێزی حالی دۆلەمەری چووینە سەر ئەو بەرزاییەی کەوتووەتە سەر شەقامەکە، لەگەڵ نزیك بوونەوەیان دەسرێژیمان لێکردن، ئەم بەرگریەی پێشمەرگە ورەی سوپای عێراقی ڕوخاند[2]، کاریگەریی هەڵکەوتەی جوگرافی لەسەر سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە زۆر بوو، چونکە سوپا هیچ ڕێگایەکی تری نەبوو بۆ ئەوەی لە وێوە هێرش بکات[3]، عوسمان پیرانی لەسەر بەرزایی چیایەکە کە دەیڕوانیە سەر شەقامەکە بە ئارپێچی دەسرێژی لە زرێپۆشەکان کرد[4]، یەکێك لەو چوار زرێپۆشەی

(١) چاوپێکەوتنـی تەلەفزیۆنـی کوردسـتان تیڤـی، لەلایـەن هەڤـاڵ ڕوانـدزی لـە ١٩٩٦/٤/١٢ز لەگـەڵ دکتـۆر سـەعید بارزانـی فەرمانـدەی هێـزی بـارزان.

(٢) ریپۆرتـاژی تەلەفزیۆنـی کوردسـتان تیڤـی و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عوسـمان پیرانـی، لـە ١٩٩٢/٤/١٠، ڕۆژنامـەی خەبـات ژمـارە ٤٧٧٥ لـە ٢٠١٥/٤/٧ز، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عوسـمان پیرانـی، لەلایـەن ڕۆژنامەنـووس سـەفەر یوسـف میرخـان ژاژۆکـی.

(٣) لطفی عبدالوهاب یحیی، اثر العامل الجغرافی فی التاریخ أثینا، قاهرة، ١٩٥٦م، ص١٢

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ باپیـر ئیسـماعیل شـێرۆکی پێشـمەرگەی هێـزی بـارزان و بەشـداربووی شـەڕەکە لـە ٢٠٢٢/٢/١٤، توێـژەر، جەوهـەر عەزیـز شـێرۆکی، ریپۆرتـاژی کوردسـتان تیڤـی.

کردە ئامانج، ئەم بەرگریە سوپای عێراقی تووشی شڵەژانێکی دەروونی گەورە کرد، چونکە لەو بڕوایە نەبوون کە پێشمەرگە بتوانێت بەو شێوەیە بەرگری بکات[1]، پاش ئەوە ئێمەش کە نزیکەی دە پێشمەرگە دەبووین هێرشمان کرد و یەکسەر چووینە سەر زرێپۆشە تێکشکاوەکە و دەستمان بەسەری داگرت، چوار سەربازمان لەناو زرێپۆشە تێکشکاوەکە هێنانە دەر، ئافرەتێکی کورد بە برینداری لەنێو ئەو زرێپۆشە بوو[2].

لەگەڵ تێکشکانی زرێپۆشەکان ئەو هێزەی پێشمەرگە کە لەخوار چیاکە بوو هێرشی برد بۆ دەربەندی کۆڕێ، هەر لەوێ شەڕی دەستەو یەخە لەگەڵ سەربازانی سوپای عێراق دروست بوو، پێشمەرگە هیچ زیانی گیانی نەبوو، بەڵام سوپای عێراق زیاتر لە چواردە کوژراوی لە سەر شەقامەکە جێمابوون و چەندین سەربازیان لێ بەدیل گیران[3]، لەم شەڕەدا پێشمەرگە توانی سەرکەوتنێکی مەزن وەدەست بێنێت[4]، بۆیە پاش تێکشکانی ئەو هێرشە فراوانەی سوپا، فەرماندەی فیرقە بەردەوام جەختی لەسەر پێشڕەویکردن و بەردەوامبوونی هێرشکە دەکردەوە، بەڵام بەرگریکردنەکە زۆر بە هێز بوو، وەك باران گولە بەسەر هێزی عێراق دەهاتنە خوار، ئەم بەرگریکردنە دوور بوو لە پێشبینییەکانی فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق، بۆیە فەرماندەی فیرقە بۆی دەرکەوت، سوپا چیتر ناتوانێت پێشڕەوی بکات، بە ناچاری فەرمانی پاشەکشەکردنی هێزەکەی بۆ هاوینەهەواری پیرمام دەرکرد، بۆ داڕشتنەوەی پلانێکی تۆکمەتر و هێرشێکی گشتگیر بۆ سەر دەربەندی کۆڕێ و گەیشتن بە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراق بەناوی نەقیب فارس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیر ئیسماعیل شێرۆکی، هەمان سەرچاوە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیر ئیسماعیل شێرۆکی، هەمان سەرچاوە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید شێخۆ مەحمود پیرانی پێشمەرگەی بەژداربوو لە شەڕی کۆڕێ لەلایەن دیار سەعید شێخۆ.

شـاری شـەقڵاوە[1].

بەرگـری و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی هێـزی پێشـمەرگە لەبەرامبـەر سـوپای داگیرکـەری عێـراق، لەلایـەك ئـەوەی سـەلماند کـە کوردسـتان داگیـرکاری ناخـوازێ و ملکەچـی هیـچ ڕژێمێکـی خۆسـەپێن نابـێ. لەلایەکـی تـر ئەگـەر بەرگـری و شـەڕی کـۆڕێ نەبووایـە، وەك ڕاپەڕینەکـەی شـیعە بەسـەدان هـەزار کـەس دووچـاری کوشـتن و ماڵوێرانـی دەبـوون و ئێسـتاش شـتێك نەدەبـوو بـە نـاوی دەسـەڵاتی کـوردی. شـەڕی کـۆڕێ بـوو بـە خاڵـی وەرچەرخـان بـۆ کـورد، کـە تێـدا ڕێگـری لـە دڕندەتریـن سـوپا کـرد بـۆ داگیرکردنـەوەی کوردسـتان و دڵنەواییەکـی بەخشـی بـەو ملیۆن کەسـەی کە کۆچیان کردبوو لە سـەرما و سـۆڵەی سـنوورەکانی ئێران و تورکیا مابوونەوە، لـە ڕووێکـی تـردا، بەرگـری کـۆڕێ بـوو بـە هـۆکاری دامەزراندنی دەسـەڵاتی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان کە تـا ئەمـڕۆش بەردەوامی هەیـە و گەلێك قۆناغـی گرنـگ و هـەوراز و نشـێوی بڕیـوە، بۆیـە داسـتانی کـۆڕێ زۆر گرنگـە بـۆ کـورد، کـە ڕەنگـە هاوشـانی ڕاپەڕین و کـۆڕەو کاریگـەری هەبوو بێـت بـۆ کێشـەی کـورد و مانـەوەی دەسـەڵاتەکەی.

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئەفسـەرێکی پێشـووی سـوپای عێـراق بەنـاوی نەقیـب فـارس هەمـان سـەرچاوە.

# دووەم هێرشی سوپای عێراق بەرەو کۆڕێ

## پلانی یەکەم هێرش بۆ زنجیرە چیاکانی سەر کۆڕێ

سەرکردایەتی کورد باش دەیزانی سوپای عێراق دەستبەرداری گرتنەوەی کوردستان نابێت[1]، پاش ئەوەی لە شەڕی یەکەمی کۆڕێ تووشی شکستێکی گەورە بوون، ئەوەبوو پلانی بۆ دووبارە هێرشکردنەوە داڕشت، سەرکەوتنی ٧ی مانگ، فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراقی تووشی شۆك کرد، زۆر نیگەران و پەشۆکاو بوون، چونکە هەواڵگری سوپای عێراق زانیاری هەبوو لەسەر ژمارەو چەك و توانا سەربازییەکانی پێشمەرگە[2]، فەرماندەکانی پێشمەرگەی پارتی بە ڕێنمایی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و بەرەی کوردستانی، پلانی بەرەنگاربوونەوەی سوپایان داڕشت[3]، هێزێکی پێشمەرگە لە قەندیل و سپیلك جێگیرکرا، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو کە سوپا لەوێوە بسوڕێتەوەو هێرش بکاتە سەر دواوەی سەنگەری پێشمەرگە لەکۆڕێ[4]، ئەو هێزەی پێشمەرگەش کە لە کۆڕێ بوون، تەواو دەیانزانی حکومەت لە شاڵاوەکانی ناوەستێ و لەهەمان کات وابە ئاسانیش شکستەکەی پێشتری لە بیر ناکات، بۆیە سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەموو کات و ساتێك لە چاوەڕوانی هێرشێکی بەربڵاوی ڕژێم دا بوون. هەتا پێش

(١) حەمید ئەفەندی، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە١٧٥٦ لە ٢٠٠٥/٤/٧.

(٢) نەقیب فارس ئەفسەری سوپای عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لەگەڵ صادق محمەد عەلی یەکێك لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی شەڕەکە.

(٤) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لەگەڵ سەلیم ئەسعد فەرمانددەی پێشمەرگە.

دەستپێکردنی شەڕی دووەمیش، سەرەڕای شکاندنی حکومەت لە شەڕی یەکەم دا، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە هەر لە سەرکەوتن و بەرژەوەندی سوپای عێراقی دابوو. هاوکاتیش کەم کەس هەبوو لە کورد لەو باوەڕە دابێت بەبێ هاوکاری نێو دەوڵەتی جارێکی تر بتوانرێت سوپای عێراقی لە ناوچەکە بشکێنرێت و بەهۆیەوە سەرکەوتنێکی سەربازی و سیاسی بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە بەدەست بێنێ، بۆیە تا شەڕی دووەمی کۆڕێش سەرکەوتن ئەگەرێکی زۆر لاواز بوو بۆ کورد[1].

دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی یەکەم، لەژێر سەرپەرشتی و ڕێنمایی مەسعود بارزانی، فەرماندەکانی پێشمەرگە پلانێکی تۆکمەتریان دانا بۆ ئەگەری هەر هێرشێکی تری سوپای عێراق، زۆرێك لە پێشمەرگەکانی لایەنەکانی تری کوردستان گەڕانەوە بەرەی شەڕ[2]، فەرماندە و بەرپرسانی پێشمەرگە لەهەوڵی دانانی نەخشە ڕێگایەك بوون بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکەی سوپای عێراق، چونکە پێشبینی ئەوە کرابوو کە سوپای عێراق بەهۆی ئەو لوتبەرزییەی تووشی بووبوو، ڕەنگە بەلایەوە ئەستەم بێت دان بەو دۆڕانە گەورەیەی بنێت بەرامبەر بەو هێزە کەمەی پێشمەرگە.

هێڵی بەرگری دابەشی سەر دوو بەش کرا، بەرەی ڕۆژهەڵات[3] کە پێشمەرگەکانی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی زەحمەتکێشانی لێبوو، بەرەی ڕۆژئاوا[4] پێشمەرگەکانی پارتی و حزبی شیوعی و بزووتنەوەی

(١) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ وریا یونس، پێشمەرگەی بەشداربووی شەڕی دووەمی کۆڕێ.

(٢) ڕیپۆرتاژی کوردستان٢٤ لە ساڵی ٢٠١٨ و چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عوسمان بەرپرسی ئەوکاتی لقی٢ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداربووی شەڕەکە.

(٣) بڕوانە نەخشەی ژمارە ١٠.

(٤) بڕوانە نەخشەی ژمارە ٩ و ١٠.

ئیسلامی و سۆسیالیست و حزبوڵای شۆڕگێڕی کوردی لێبوو[1]، لە دەربەندی کۆڕێ پێشمەرگەی پارتی و حزبولای شۆڕگێڕی لێبوون[2]. پاش ئەوەی کە شەڕی یەکەم تەواو بوو ئێمە چووین بۆ دەربەندی کۆڕێ، ئامادەکاریمان کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای عێراق، چونکەیەکێك لە ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق لەڕێی موختاری کۆڕێ هەواڵی بۆناردین کە سوپا خۆی ڕێك دەخاتەوە بۆ دووبارە هێرش کردنەوە، چونکە ئامانجیان ئەوەبوو دەربەندی کۆڕێ بگرن و بەرەو شەقلاوەو سۆران پێشڕەوی بکەن، بۆیە لەگەڵ حەمید ئەفەندی و عومەر عوسمان و سەید کاکە و دکتۆر سەعید بارزانی و حالی دۆڵەمەری و ئیبراهیم حەمکۆ پلانی بەرپەرچ دانەوەی هێرشمان دارشت، ئیبراهیم حەمکۆ و مستەفا گۆرۆنی بۆ دەربەندی کۆڕێ دەست نیشان کران، ئێمەش چووینە سەر چیای بەری ڕۆژئاوای چیای کۆڕێ، هێزی یەکیێتی و زەحمەتکێشان بۆ چیای بەری ڕۆژهەڵات، شەڕ دەستی پێکرد، پێشمەرگەکانی سۆسیالیست شوێنی خۆیان بەرداو بۆیە لەکاتی دوبارە هێرشکرندنەوە بۆ گرتنەوەی شوێنەکە چونکە شوێنێکی ستراتیژی بوو، دوو پێشمەرگەی پارتی شەهید بوون، لەو بەری چیای ڕۆژهەڵاتیش بەهۆی بۆردومانی تۆپەکانی سوپای عێراق چەند پێشمەرگەیەکی یەکیێتی شەهید بوون[3].

فەرماندەی فرقە بە هۆی ئەو شکستە گەورەیەی لە هێرشی یەکەم بۆ سەر دەربەندی کۆڕێ بەر سوپا کەوت، دووچاری فشارێکی دەروونی زۆر خراپ بووبوویەوە، لەتاو ئەو شکستە گەورەیە و ناردنی زانیاری بۆ سەرووی کە تا شەقلاوەی گرتووەتەوە، نەیدەزانی چی بکات، زۆر پەشۆکاو بوو، تووشی دلەڕاوکێ بوو بوو، ترس و گومانی هەبوو لە

(١) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ هەڵگۆر خدر یونس، بەشداربووی شەڕی دووەمی کۆڕێ.

(٢) بڕوانە نەخشەی ژمارە ١١.

(٣) خالید ئاژگەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سـەرووی خۆی نەبادا سـزایەکی قورسـی بدەن[١]، چونکە ڕێکەوتی ٤ی نیسـان ڕاپۆرتێکـی (هەڵوێسـتی سـەربازی) بـۆ فەرماندەیـی گشـتی بـەرز کردبووەوە کـە گوایـە هێزەکانیـان گەیشـتوونەتە نزیک شـەقڵاوە، لە کاتێکـدا هێزەکانیان لـە پیرمـام بـوون، سـەرەڕای هێرشـێکی بەربـڵاو، سـوپا نەیتوانـی دەربەنـدی کـۆڕێ تێبپەڕێنێـت، بەهـۆی ئـەو بەرگریـە بەهێـزەی پێشـمەرگە، خۆشـمان ئـەو پێشـبینیەمان نەبـوو کـە بـەو شـێوەیە بەرگـری بکرێـت، ئەمـەش دۆخی فەرمانـدەی فرقـەی شـپرزە کردبـوو، ئەوەنـدە نیگـەران و پەسـت و تـووڕە بـوو، ڕقـی خـۆی بەسـەر سـەری ئەفسـەرەکانەوە دەڕشـت[٢].

پـاش ئـەو شکسـتە گەورەیـە، دووبـارە کۆبوونەوەیەکـی فراوانـی ئەفسـەرەکانی لیـواکان، بـۆ دانانـی پلانێکی تۆکمەتـر بەمەبەسـتی گرتنەوەی تـەواوی ناوچەکـە، ئەنجـام درا. بـە پێـی ئـەو نەخشـە و پلانـەی دانرابـوو بـۆ گرتنـەوەی دەربەنـدی کـۆڕێ، کاتژمێـر ٤:٤٥ خولەکـی بەرەبەیانـی ڕێکـەوتی ١١ی نیسـانی ١٩٩١ بۆردومانـی ناوچەکـە بـە شـێوەیەکی چـڕ دەسـتی پێکرد، تانـک و زرێپۆشـەکان لـە پێشـمانەوە دەڕۆیشـتن، فەوجەکەی من ڕاسـتەوخۆ لـە پشـت ئەوانـەوە بـوو، لـە پشتیشـمانەوە لیـوای ٤١٧ هەبـوو، ئـەو هێـزە گەورەیـە تاوەکـو لەپـردی لای پیرمـام پەڕیـەوە، هیـچ شـتێك ڕووی نـەدا، تەنانـەت دەنگـی گولەیەکیـش نەهـات، ئـەم هەڵوێسـتەی پێشـمەرگە بەلای منـەوە شـتێکی نامـۆ بوو، چونکە پێشـتر پێشـمەرگە بـە چەند پێشـمەرگەیەك بـە شـێوەیەکی چـڕ وەڵامـی هێرشـی سـوپایان دایـەوە، کەچـی ئێسـتا هیـچ جوڵەیـەك و پەرچەکردارێـك نابینـم[٣]، ئەفەسـەرێکی سـوپای عێـراق کـە بەرەگـەز کـورد بـوو، لەڕێـگای جەبـار کـۆڕێ هەواڵـی بـۆ ناردین و ئـاگاداری کردینـەوە لـە کات و سـاتی دەسـت پێکردنی هێرشـی سـوپای عێراق بۆ سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، بۆیـە هـەر زوو فەرماندەکانـی بـەرەی شـەڕ

(١) نەقیب فارس ئەفسەری سوپای عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) نەقیب فارس ئەفسەری سوپای عێراق، هەمان سەرچاوە.

(٣) نەقیب فارس ئەفسەری سوپای عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئـاگادار کرانـەوە لـە پلانـی سـوپا[1]، ئێمـە زانیاریـمان هەبـوو سـوپا هێـرش دەکات، هـەرزوو لەگـەڵ دکتـۆر سـەعید نـادر بارزانـی وەسـەر چیایەکـە کەوتیـن و هێزەکانمـان لـەو زنجیـرە چیایـەی بـەری ڕۆژئـاوای شـارۆچکەی کـۆڕێ جێگیـر کـردن[2]، ئێمـە شـازدە پێشـمەرگە چووینـە سـەر چیـا، لـەوێ پلانـی ڕووبەڕووبوونەوەمـان دانـا، نـۆ پێشـمەرگەم دیـاری کـرد بـۆ ئـەوەی بچنـە لای هێـزی بـارزان، چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەیان کـەم بـوو[3]، کاتێـك پێشـمەرگەکان هاتـن بـۆ لای ئێمـە گولـەی ئارپیچیـان بـۆ هێنایـن، خۆمـان مـەڵاس دا تاوەکـو پێشـڕەوەی سـوپا لێـمان نزیـك دەبێتـەوە[4]، کاتێـک تانـک و زرێپۆشـەکان گەیشـتنە بنـاری چیاکـە، لـە نـاکاو بـە هەموو جـۆرە چەکێک و لـە هەمـوو لایـەک و لـە یەککاتـدا ئاگـر بـاران دەسـتی پێکـرد، هەمـوو لا حەپەسـان، بەهـۆی چـڕی ئاگـر بارانەکـە سـوپا کۆنترۆڵـی لـە دەسـتدا و تانـک و  زرێپۆشـەکان تێکشـکێندران و هێزەکـەی هێڵـی پێشـەوەش بـە تـەواوی تێکوپێـک شـکا، سـەربازی فەوجەکانـی تـر هەموویـان ڕایانکـرد، بۆیـە فەرمانـم بـە سـەربازەکانم کـرد نەچنـە پێشـەوە و لە ڕۆخی شـەقامەکە خۆیـان پەنـا بـدەن، مـن چاوم لەسـەر لیـوای ٤١٢ بـوو، سـەربازەکانم دەبینی چـۆن ڕادەکـەن، هەروەهـا لیـوای ٧٨یـش بە هەمان شـێوە بـەرەو دواوە ڕاکە ڕاکەیان بوو، تەنانەت کوژراوەکانیشـیان لە دوای خۆیان جێدەهێشـت، دوای چەنـد کاتژمێرێـک یەک سـەربازیش لەو نـاوە نەما، منیـش فەوجەکەم بەرەو نزیـک پردەکە کشـاندەوە تا شـەو لـەوێ ماینەوە، تا کاتژمێر ٩ی شـەو لەگەڵ بـارەگای فیرقـە لـە پەیوەندیـدا بـووم، دواتـر فەرمانیـان پێکـردم فەوجەکـەم بـەرەو هاوینەهـەواری سـەڵاحەدین بکێشـمەوە، کاتێـک گەیشـتمە بـارەگای

(١) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

(٢) ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لەگەڵ عومەر عوسمان.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئیبراهیـم حەمکـۆ، فەرمانـدەی پێشـمەرگەو بەشـداربووی شـەڕەکە ٢٠١٨/١٢/٢٠ توێـژەر.

(٤) ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لەگەڵ عوسمان پیرانی.

فیرقـە، بینیـم فەرمانـدەی فیرقـە شـێت و هـار بـووە، بـە کەیفـی خـۆی جنێو بـە ئەفسـەران دەدات و هەڕەشـە دەکات و دەڵێـت: بەهـەر نرخێـک بێـت، دەبێـت بگەینـە شـەقڵاوە[١].

زنجیـرە چیـای سـەر گوندی کـۆڕێ کە دەکەوێتـە ڕۆژئاوای کـۆڕێ، وەبەر ئێمـە کـەوت و سـەنگەرمان لێـدان، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەرگـری بکەیـن، من و عوسـمان پیرانـی لـە پەنـا بەردێـك لـە کۆتایـی زنجیـرە چیایەکـە بەرگریمان دەکـرد، لەنـاکاو کۆمەڵێـك سـەربازی عێراق گەیشـتنە سـەرمان و دەسـڕێژیان لێکردیـن، هـەر لـەوێ عوسـمان برینـدار بـوو، بـەڵام مـن بـۆ ئـەوەی هـەم عوسـمان و خۆشـم دەربـاز بکەم بەرپەرچـی سـەربازەکانم دایەوە[٢]، سـوپای عێـراق لـە هـەزاران سـەرباز و تانـك و زرێپۆش و هەلیکۆپتـەر پێك دەهات، بـەو توانـا زۆرەوە هێرشـی کـردە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، وێـڕای ئـەوەی پێشـمەرگە ژمارەیـان کـەم بـوو تواناکانـی سـنووردار بـوون، بـەڵام توانـرا پێـش بـە هێرشـەکە بگیرێـت، داوای هـاوکاری و هێـزی پشـتیوانیمان لـە سـەرکردایەتی خۆمـان کـرد، بـۆ ئـەوەی هـەر هیـچ نەبێت چـەك و تفاقی شـەڕمان بـۆ بنێـرن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بـەردەوام بیـن لەبەرگـری کـردن لـە خاکی کوردسـتان[٣].

هەڵکەوتـەی جوگرافـی دەربەنـدی کـۆڕێ یەکێـك بـوو لـە فاکتەرهکانی سـەرکەوتنی هێـزی پێشـمەرگە[٤]، لەلایەکـی تـر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی مەسـعود بارزانـی کـە نزیـك بـوو لە بـەرەی جەنـگ و پەیوەنـدی بەردەوامی

(١) نەقیب فارس ئەفسەری سوپای عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ باپیـر ئیسـماعیل شـێرۆکی پێشـمەرگەی هێـزی بـارزان و بەشـداربووی شـەڕەکە لـە ٢٠٢٢/٢/١٤، توێـژەر.

(٣) ڕیپۆرتـاژی تەلەفزیۆنـی کوردسـتان تیڤـی، لەلایـەن کەیفـی شـەمزینی لەگـەڵ عوسـمان پیرانـی فەرمانـدە لـە هێـزی بـارزان.

(٤) بڕوانە نەخشەی ژمارە ١١.

لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە هەبوو، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە گۆڕینی هاوسەنگی شەڕەکە، چونکە جەختی لەسەر بەرگری کردن لە کوردستان و خەڵکی کورد کردەوە[1]، پێشتریش ئاماژەی بەوە دابوو کە یان دەبێت دوژمن بەسەر لاشەی ئێمە بێتەوە کوردستان، یاخود نابێت ڕێگا بدەین جارێکی تر ژێردەستە بینەوە، ئەم هەڵوێستەی بارزانی کاریگەریی زۆری کردە سەر سایکۆلۆژیا و ورەی پێشمەرگە، چونکە ئەگەر وانەبووایە، هەرگیز بەو هێزە کەمەی پێشمەرگە نەدەکرا بەر بە هێرشی ئەو سوپا گەورەیەی عێراق بگیرێت[2]. ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لەو شەڕەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر یەکگرتوویی پێشمەرگە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە[3].

سوپای عێراق بەردەوام بوو لە پێشڕەوی بەرەو دەربەندی کۆڕێ، بەو ئامانجەی خۆی بگەیەنێتە شاری شەقڵاوە، چونکە پێشتر سەرووی خۆی لەوە ئاگادار کردبوویەوە کە نزیك بووینەتەوە لە شارۆچکەکە، بۆیە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە بەهەر شێوەیەك بووبێت، دەیویست بگاتە شوێنەکە[4]، بەڵام ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بوویەوە، ئەو بەرگریەی پێشمەرگە دوور بوو لە پێشبینی فەرماندە سەربازییەکانی عێراق، چونکە زانیاری هەبوو سەبارەت بەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە ٢٠ بۆ ٣٠ پێشمەرگەیە، ئەمەش بەبەراورد لە گەڵ سوپا ١٠ هەزاریەکەی عێراق

---

(١) تێڕوانینی هیگل بۆ پاڵەوان، بڕوانە: د. مصطفى النشار، فلسفة التاريخ، بدون مكان، ٢٠٠٤م، ص٤٨.

(٢) وتاری مەسعود بارزانی لە شاری رواندز ١٩٩١/٤/٣ز، ڕاپۆرت هەڤال نەورۆز کوردستان تیڤی.

(٣) دیبەیتی کوردستان تیڤی، لەگەڵ حەسکۆ عەزیز ئیبراهیم کۆلەکی بەشداربووی شەڕی کۆڕێ، پێشکەشکار هەڤال نەورۆز.ساڵی ٢٠٢١.

(٤) نەقیب فارس ئەکرەم ئەفسەر پێشووی سوپای عێراق هەمان سەرچاوەی پێشوو.

و زیاتـر لـە ٤٠ زرێپـۆش و ٣٠ تانـك زۆر کـەم بـوو[1]، هێـزی پێشـمەرگە بـە هێـز و توانایەکـی کـەم توانیـان زەرەر و زیانێکی زۆر لە سـوپای عێـراق بدەن.

(١) نەقیب فارس ئەکرەم ئەفسەر پێشووی سوپای عێراق هەمان سەرچاوە.

# هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە بۆ سەر بنکە سەربازیەکانیی سوپای عێراق

سوپای عێراق لە شەڕی ٧ی نیسانی دەربەندی کۆڕێ شکستێکی گەورەی خوارد و زیانێکی زۆر مەزنی بەرکەوت، شکستێك بە هێزێکی کەمی پێشمەرگە کە ڕەنگە لەڕووی ستراتیژی سەربازییەوە بەراورد نەکرێت[١] ، چونکە هێزی پێشمەرگە لە بیست پێشمەرگە تێ پەڕی نەدەکرد، بۆیە سوپا لە دەرفەتێك دەگەڕا بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانە گەورەکەی خۆی بکاتەوە، بتوانێت سەرکەوتوو بێت بەپێی ئەو پلانەی دایان ڕشت بوو، هەوڵێکی چڕی دەدا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوپا لەڕووی هونەری شەڕەوە ڕێك بخاتەوە[٢]، بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەی بۆ پێشمەرگە هاتبوون، کە سوپا پلانی دووبارە هێرشکردنی هەیە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لە دەربەندی کۆڕێ و ئەو شوێنانەی هێزی پێشمەرگەی لێ جێگیر کرابوو، سەرکردایەتی کورد بەتایبەتی سەرۆك مەسعود بارزانی هەموو هەوڵێکی خۆی چڕکردنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هێزی پێشمەرگە لەبەرەی شەڕ ڕێك بخاتەوە[٣]، بۆ ئەمەش هەوڵی زۆری دا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی نێو بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی هێزەکانیان بگەڕێننەوە بۆ بەرەی شەڕ[٤] و بەرگری بکرێت لە پێشڕەوی سوپا، تاوەکوو بتوانرێت سنورێك بۆ ئەو لوتبەرزیەی بەرپرسانی عێراقی دابنرێت، بە هەوڵی سەرۆك بارزانی چەند هێزێکی تری پێشمەرگە گەڕێندرانەوە بۆ بەرەی شەڕ لە دەربەندی کۆڕێ، برایم حەمکۆ دەڵێت:

---

(١) کوردستان تیڤی، دکتۆر سەعید ئەحمەد نادر، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) نەقیب فارس، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) هەلگورد یونس، سەرچاوەی پێشوو.

(٤) ئیبراهیم حەمکۆ، سەرچاوەی پێشوو.

سـەرۆك بارزانـی لەڕێـی مـلازم دلشـاد و یونـس ڕۆژبەیانـی هەواڵـی بـۆ مـن نـارد بـۆ ئـەوەی بگەڕێمـەوە بـۆ بـەرەی شـەڕ ، بۆیـە پـاش هەمـوو ئـەو هەوڵانـە هێزێکـی زۆری پێشـمەرگە لـە هەمـوو پارتـە سیاسـیەکان گەڕانـەوە بـۆ حوجـران[1] بـۆ ئـەوەی ئامـادەکاری بکرێـت بـۆ بـەرچ دانـەوەی هێرشـی چاوەڕوانکـراوی سـوپای عێـراق، چونکـە یەکێـك لـە ئەفسـەرە کوردەکانی نێو سـوپای عێـراق بـە جەبار کـۆڕی هەواڵی دووبارە هێرشـکردنەوەی سـوپای بۆ فەرماندەکانـی هیـزی پێشـمەرگە هەناردبـوو[2].

هێزێکـی پێشـمەرگە بەفەرماندەیـی حەسـەن نەجـار لـە سـەر ڕاسـپاردەی سـەرۆك بارزانـی دەگەڕێنـەوە بۆ دەربەنـدی کـۆڕێ[3]، بۆ ئەوەی شـان بەشـانی پێشـمەرگەکانی تـر بەرگـری بکـەن لـە خاکـی کوردسـتان، ٩ی نیسـان ١٩٩١ حەسـەن نەجـار بیرێـك بەهـزری داهـات، کـە هێرشـی پێچەوانـە دەسـت پـێ بـکات بـۆ نێو جەرگەی سـوپای عێـراق لە شـارۆچکەی کـۆڕێ، مەبەسـت لـەو هێرشـە پێچەوانەیـە نیشـان دانـی ورەو توانـای هێزی پێشـمەرگە بـوو[4]، چونکـە ئـەم چالاکیـە گورزێکـی کەمـەر شـکێن دەبێـت بـۆ سـوپا، سـوپایەك کەتـەواو بـێ هیـوا بـوو بـوو لـە گرتنـی دەربەنـدی کـۆڕێ، ئـەم هێرشـە پێچەوانەیـەش ئەوەنـدەی تـر بـێ هیـوای کـردن، بـەڵام لەبەرامبـەردا کاریگـەری زۆری کـردە سـەر وەرە و توانای هێزی پێشـمەرگە[5] ، حەسـەن نەجـار پێشـمەرگەکانی دابەشـی سـەر سـێ گـروپ کـرد کـە پیـك دەهاتـن لـە پانـزە پێشـمەرگە،گروپێك کـە پێـك دەهاتـن لـە سـەید فاخـر و خالـد ئەنـوەر و سـەید ئەسـکەندەر تۆپیـان دامەزرانـد بـۆ ئـەوەی بـەری پلانـی هێـرش تۆپبارانـی سـوپای عێـراق بکـەن، گروپێکیـش بـە فەرماندەیـی زەینـەل ئەحمـەد هێرشـی کردەسـەر بنکەیەکـی سـوپا کـە کەوتبوویـە

(١) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧١.

(٣) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ وریا یونس، پێشمەرگەو بەژداربووی هێرشەکە.

(٤) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ زەینەل ئەحمەد، پێشمەرگەو بەژداربووی هێرشەکە.

(٥)چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ وریا یونس، پێشمەرگەو بەژداربووی هێرشەکە.

دەستی ڕاست، شوێنەکەی زۆر سەخت بوو، کەوتبووە نێو جەرگەی سوپا، بەڵام شوێنەکەی زۆر ستراتیژی بوو، چونکە بەبێ گرتنی ئەو ڕەبیە نەمان دەتوانی پلانەکە جێ بەجێ بکەین، گروپێکیش حەسەن نەجار خودی خۆی سەرکردایەتی دەکرد، پلانی هێرش وەك ئەوەی داڕێژرا بوو جێ بەجێ کرا، لەم هێرشەدا تۆپێکی ١٠٦ملم بەکار هات، کەڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە سەرکەوتنی ئەم پلانەدا[١].

پلان و تاکتیکێکی تۆکمە بوو، پێشمەرگە چوو بۆ ناو جەرگەی سوپای عێراق، تۆپە ١٠٦ملم یەکە ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرەکی بینی لە تێکشکاندنی ورەی سوپای عێراقی، چونکە زۆر بە خەستی بۆردومانی بنکەو بارەگاکانی سوپای دەکرد[٢]، چالاکیەکە زۆر بەسەر کەوتوویی ئەنجام درا، مەبەست لەو چالاکیە ئەوە نەبوو شوێنە دیاریکراوەکان وەدەست بهێنرێنەوە، بەڵکوو زیاتر تاکتیکێکی شەڕ بوو، چونکە ئەو شەوەی هێرش کرا فەرماندە سەربازەکانی سوپای عێراق حەپەسان و ترسێکی زۆریان لێ نیشت، لەتەواوی بنکە سەربازیەکان ڕوناکیی خامۆش کرا، حکومەت هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە هێزی پێشمەرگە هێرشی پێچەوانە بکات، بۆیە بێگومان کاریگەری نێگەتیڤی ئەو هێرشە پێچەوانەیە لەسەر ورەو توانای سوپای عێراقی لەڕۆژی ١١ی نیسان بەڕوونی هەستی پێدەکرا[٣]. سەرکەوتنی ئەم پلانەی پێشمەرگە کاریگەری زۆری پۆزەتیڤی کردە سەر ورەو توانای پێشمەرگە، بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم هێرشە فاکتەرێکی بەهێزی سەرکەوتنی پێشمەرگە بوو لە شەڕی ڕۆژانی دواتر، ئەم هێرشە زیانێکی زۆری بە سوپای عێراق گەیاند و پێشمەرگەش هیچ زیانێکی نەبوو، بەڵکوو زۆر بەسەر کەوتوویی توانی پلانەکەی جێبەجێ بکات[٤].

(١) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ زەینەل ئەحمەد، پێشمەرگەو بەژداربووی هێرشەکە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ هەڵگورد خدر، فەرماندەو پێشمەرگەی بەژداربووی هێرشەکە.

(٤) چاوپێکەوتنی کوردستان تیڤی لەگەڵ وریا یونس، سەرچاوەی پێشوو.

## پلانی دووەمی هێرش بۆ دەربەندی کۆڕێ

پلانـی هێـرش لـە لایـەن سـوپای عێراقـی زۆر بـە ڕێکوپێکـی دانـرا بـوو، بـۆ هـەر لایەکـی زنجیـرە چیـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کـۆڕێ هێزێکـی دیاریکـراو دەسـت نیشـان کرابـوو، لیـوای ٤١٢ بـەرەو زنجیـرە چیـای بـەری ڕۆژئـاوا هێرشـی دەسـتپێکرد، لیوای ٧٨ بـەرەو زنجیرە چیای بـەری ڕۆژهەڵات پێشـڕەوی کـرد، چەنـد تانـك و زرێپۆشـێك لەگـەڵ هـەردوو فەوجـی مغاویر و ئالـی بـە ئاڕاسـتەی شـەقامی دەربەند دەسـتیان کرد بە پێشـڕەوی کـردن[١]، ئامانـج لـەو هێرشـە ئەوەبـوو کـە هـەردوو زنجیـرە چیایەکـە لـە پێشـمەرگە بسـەنرێتەوە، هێـرش بـەردەوام بێـت بـە ئاڕاسـتەی شـاری شـەقڵاوە، قۆناغی یەکـەم مەبەسـتی فەرمانـدەی فرقـە ئـەوە بـوو کـە بگەینـە شـاری شـەقڵاوە، پلانەکـە لـە لایـەن کەسـانی زۆر شـارەزاو تایبەتمەنـد داڕێژرابـوو، چونکـە چەندیـن ئەفسـەری بەئەزمـوون لـە فرقەکـەدا هەبـوون[٢]، سـوپای عێـراق هەمـوو هونەرێکـی شـەڕی بەکاردەهێنـا، ئەوەنـدە بـە ڕێکخراوەیی هێرشـی دەسـتپێکرد، سـەرەتا دەسـتی کـرد بـە تۆپبارانێکـی خەسـتی ناوچەکە، پاشـان هێرشـی زەمینـی دەسـتی پێکـرد، شـەڕێکی سـەخت لـە زنجیـرە چیـای بـەری ڕۆژئـاوا دەسـتی پێکـرد، سـەرەتا سـوپا توانـی هەندێـک شـوێنی پێشـمەرگە دەسـت بەسـەر دابگرێـت[٣]، بـەڵام زۆری نەبـرد پێشـمەرگە دەسـت و بـردی کـرد و سـوپای عێراقـی بـەرەو خـوارەوەی چیاکـە ڕاونـا، بۆیـە لەگـەڵ سـەرکەوتنی دەسـپێکی سـوپا بەرەو دەربەندی کۆڕێ، دەسـتی بە پێشـڕەوی کـرد[٤]. بـەو نیـازەی ئـەو جـارە سـەرکەوتن وەدەسـت بێنێـت، هەرچەنـدە

(١) بڕوانە نەخشەی ژمارە ١١.

(٢) نەقیب فارس ئەکرەم ئەفسەر پێشووی سوپای عێراق هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیر ئیسماعیل شێرۆکی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤) دیبەیتـی کوردسـتان تیڤـی، لەگـەڵ خەمـەد میـر حەمـەد، بەشـداربووی شـەڕی کـۆڕێ،

سەرەتا تارادەیەکی باش توانی سەرکەوتوو بێت، چەند شوینێکی لە هەردوولای زنجیرە چیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گرت[1]، بەڵام هەر زوو پێشمەرگە توانی سەنگەرەکانی خۆی بگرێتەوە، بۆیە بەهۆی ئەو بەرگرییە بەهێزەی پێشمەرگە کردی، هەموو پلانەکانی لێ تێك چوون و سەرباز و ئەفسەرانی سوپا ئەوەندە شڵەژان[2]، توشی دارِمانێکی دەروونی خراپ بوونەوە، ئەم شکستە بۆ سوپا کەمەرشکێن بوو، چونکە زۆر نزیك بووبوویەوە لە گرتنی هەردوولا لە چیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هێرشی پیادە و تانك و زرێپۆشەکان لەشەقامی گشتی دەستی پێکردبوو، کە دواتر دووچاری گەورەترین شکست و تێکشکانی سەربازی بووەوە لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگە لە سەر شەقامی دەربەندەکەدا[3]، ئەو هێزەی لەدەربەندی کۆرێ بەرگریان کرد توانیان سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست بێنن[4]، هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بەڵێنی ‹‹یان کوردستان یان نەمان››یان دا، ئەوەندە سووربوون لەسەر بەرگریکردن، چونکە هاتنی سەرۆك مەسعود بارزانی[5] بۆ بەرەی جەنگ کاریگەری زۆری لەسەر ورەی پێشمەرگە دروست کرد، هەموو پێشمەرگەیەك ئامادەی گیان فیدایی بوو[6].

پێشکەشکار هەڤال نەورۆز.٢٠٢١.

(١) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، سەید حکمەت، پێشمەرگەی بەشدار بوو لە شەڕی دووەمی کۆڕێ.

(٢) ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی، لەلایەن کەیفی شەمزینی لەگەڵ عوسمان پیرانی فەرماندە لە هێزی بارزان.

(٣) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لەگەڵ حەمید ئەفەندی.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم حەمکۆ، فەرماندەی پێشمەرگە و بەشداربووی شەڕەکە ٢٠١٨/١٢/٢٠ توێژەر.

(٥) کارلایل، توماس، الابطال، تر: محمد السباعی، دار الکتاب العربی، ٢٠١٧م ص٢٢٧.

(٦) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ لەگەڵ هەڵگورد خدر بەشداربووی شەڕی کۆڕێ.

پێش دەسپێکردنی شەڕی١١ی مانگ، لەسەر فەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی، زۆرێك لە هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی گەڕانەوە بۆ بەرگریکردن لە پێشڕەویەکانی سوپای عێراق، ئێمە پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشان کە ٢٨ پێشمەرگە بووین، گەڕاینەوە بۆ کۆڕێ، دکتۆر سەردار فەرماندەمان بوو، ڕۆژی ١٠ی مانگ هاتینەوە حوجران، بۆ ئەوەی بۆ هەر ئەگەرێك خۆمان ئامادە بکەین[1].

سەرۆك مەسعود بارزانی هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی دا، بۆ ئەوەی بەرەی شەڕ لە دەربەندی کۆڕێ ڕێك بخاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە ئێمە کرد بەهێزی خۆمان بەشداری لە بەرگریکردنی پێشڕەوی سوپا بکەین، بۆ ئەوەی نەهێڵین چیتر حکومەتی عێراق پێشڕەوی بکات[2]. بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی هەموو حزبەکان، شوێنی بەرگری شەڕ بەسەر هێزەکان دابەشکران، هێزەکان دابەشی سەر ئەو شوێنانە کران کە دیاری کرابوون بۆ بەرگری[3]، ئێمە لەدەربەندی کۆڕێ بووین، هێزی ئێمە لە ٦٠ پێشمەرگە پێك دەهات، تانك و زرێپۆشەکانی سوپای عێراق تا دەهات لە سەنگەری پێشمەرگە نزیکتر دەبوونەوە، خۆمان ئامادەکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی سوپا، لە شوێنی خۆمان لە ئامادەگی دابووین بۆ هەر هێرشێك کە بکرێتەسەرمان، من ئیبراهیم حەمکۆ ئارپیجیم پێبوو لەگەڵ کلاشنکۆف و تەواوی پێداویستی، بەرە بەیانی زوو منیان ئاگادارکردەوە کە هێرش دەستیپێکرد، بینیم لە سەرووی ئێمە بەرەو ڕووی ئێمە دەسڕێژی گولە دەکرێت، ئەو شوێنە

(١) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ئێستا لەگەڵ پێشمەرگە: هاوڕێ ڕەوەند و هاوار و شەیدا مەنتك.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم حەمکۆ، فەرماندەی پێشمەرگە و بەشداربووی شەڕەکە ٢٠١٨/١٢/٢٠ توێژەر.

(٣) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، فەرهاد عەبدوڵلا (فەدۆ مەخمووری)، پێشمەرگەی بەشدار بوو لە شەڕی دووەمی کۆڕێ.

هێـزی حزبـی سۆسیالیسـتی لێبـوو، مـن هەمـوو پێشـمەرگەکانم ئـاگادار کـردەوە کـە ئۆتۆمۆبێلـەکان بێننـە پێشـەوە بـۆ ئـەوەی بچینـە ئـەو شـوێنەی کـە بـۆ بەرگری کـردن دیاریـمان کردبـوو[١]، پێشـمەرگەی حزبـەکان زۆربەیان شـوێنی خۆیـان جێهێشـتبوو، لەوانـە پێشـمەرگەکانی یەکێتـی بەسـەر چیاکـە کەوتبـوون و شـوێنی خۆیـان جێهێشـتبوو! ئێمـە وارێککەوتیـن تـا مـن گولـە ئارپیجـی نەتەقێنـم کـەس تەقـە نـەکات، تانـك و زرێپۆش و سـەربازێکی زۆر بـەرەو ڕووی ئێمـە دەهاتن، ترسـێکی زۆرم لێ نیشـت، چونکە هێرشـێکی زۆر بەربـڵاو بـوو، هەمـوو جـۆرە چەکێکیـان پـێ بـوو، زرێپـۆش و تانکـەکان لـە پێشـەوەی سـەربازەکان دەڕۆیشـتن[٢]، ئێمـەش بـەو هێـزە کەم و توانـا کەمە، چـۆن بتوانیـن ڕووبەڕوویـان ببینـەوە!، سـێ زرێپـۆش و پیکابێك لێـمان نزیك بوونـەوە، دەسـرێژمان لێکـردن، بە هەمـوو ئەو چەکانەی پێـمان بوو تەقەمان لێکـردن، لەنـاو ئـەو گەلیـە تەنهـا هاشـە هـاش بـوو، بەرپەرچدانـەوەی ئێمە، وایکـرد هەرچـوار تانـك تێکبگیرێـن و سـەریان لـێ بشـێوێت، سـەربازەکان حەپەسـان و ئاڵۆزییەکـی زۆر لەناویـان درووسـت بـوو، چونکـە چاوەڕێـی بەرگرییەکـی ئەوهایـان نەدەکـرد، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان وایـان دانابـوو کـە بـەردەوام دەبـن لەپێشـڕەوی، بـەڵام ئـەو بەرپەرچدانەوەیـەی ئێمـە، سـوپای عێراقـی ناچـار کرد، پاشەکشـە بکـەن، سـەرەنجام گەڕانەوە شـوێنی خۆیان[٣]، سـەربازەکان نەهاتنـە پێشـەوە، بەڵکـو خۆیـان حەشـاردا، دیـار بـوو لەترسـی گیانـی خۆیـان، چووبوونـە چۆمـی ڕووبـاری گوندی کـۆڕێ و لەنێـو چەمەکان خۆیـان حەشـاردا بـوو[٤]، ئـەم شکسـتە فەرمانـدەی فرقەکـەی بێ ئومێـد کرد، حکومەتـی عێـراق گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی چیـتر ناتوانێـت بـەردەوام بێـت لە پێشـڕەوی کـردن، بۆیـە بەناچـاری شـاندێکی خـۆی نـارد بـۆ ئـەوەی دەسـت

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم حەمکۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) نەقیب فارس ئەکرەم ئەفسەر پێشووی سوپای عێراق هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم حەمکۆ، هەمان سەرچاوە.

(٤) نەقیب فارس ئەکرەم ئەفسەر پێشووی سوپای عێراق هەمان سەرچاوە.

بکرێـت بـە دانوسـتان و گفتوگـۆ بکرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد لە چوارچێوەیەکـی یاسـاییدا[1].

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ باپیر ئیسماعیل شێرۆکی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## هۆکارەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی کۆڕێ

سـەرکەوتنی هێـزی پێشـمەرگە لە شـەڕی کۆڕێ، وێڕای ئـەوەی کە هیزی پێشـمەرگەو سـوپای عیـراق لـەڕووی ژمـارەو چـەك و توانا سـەربازیەکان زۆر ناهاوسـەنگ بـوون، کەچـی بـە ژمارەیەکـی کەمـی پێشـمەرگە توانـرا بەرگری لەبەرامبـەر هێزێکـی زۆری سـوپای عێـراق بکرێـت، دیـارە کۆمەڵێـك هـۆکار هـەن بـۆ سـەرکەوتنی هێزی پێشـمەرگە، کـە بەم شـێوەیەی خـوارەوە ڕیزیان دەکەین:

### ١- ڕۆڵی سەرکردە

لەبـەر ئـەوەی سـەرکردە لوتکـەی هەسـتیاری و گرنگتریـن کۆڵەکـەی شـەڕە، بۆیـە پێویسـتە بـەر لـە هەرشـتێك توانـای بڕیاردانـی ڕاسـتی هەبێـت و لـە جێبەجێکردنیشـیدا بـە ورەو ئـازا بێـت و دەبێـت بزانێـت چـی دەوێـت و بـەر لـە دیتنـی ئامانجەکـەی بەڕوونـی، هەوڵـی بەدیهێنانـی نـەدات[1]. سـەرکردە سـەربازییەکان و تیوریزانەکان کۆکن لەسـەر ئەوەی کە کەسایەتیی فەرمانـدە بەرپرسـە لـە هەمـوو وردەکارییەکانـی یەکـەی سـەربازی، لـە وەدەسـت هێنانـی سـەرکەوتن یان شکسـت لـە کاتی جەنگدا، ئەمەش پشـت بـە دڵڕەقـی و پتەویـی ئـەو دوو شـتە نابەسـتێت، وە وێناکردنـی خۆیـان بـۆ تاکـەکان وەک بوونەوەرێکـی تۆقێنـەر، وەک هەندێـک لـە ئەفسـەرانی بیـری نەریتـی ئاسـایی دەیبینـن و پشـت بـە میتـۆدە مۆدێرنەکانـی دەروونناسـی و

(١) محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵڵا، شەڕی گۆگامێلا (ئەربیلا)٣٣١پ.ز، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٠٨.

کۆمەڵناسـی و بەڕێوەبـردن دەبەسـتن[1]، کـە وردە وردە پێشرەوی دەکەن و بە سـەردەمێکی هێمنـی و کاری ڕۆتینـی ڕۆژانەوە دەسـت پێ دەکـەن. لەڕێگای زنجیرەیـەک ڕێـکار و ڕاهێنـان و کارلێـک لەگـەڵ تاکەکانـدا بـۆ دروسـتکردنی یەکەیەکـی تـەواو و هاوتەریـب، کـە تیمێکـی هەیـە توانـای پاراسـتنی ئاسایشـی یەکـەی سـەربازی هەیـەو ڕێگـە دەگرێـت لـە هـەر مەترسـیەك کـە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، سـەرکردە بـە بوێـری و کارامەیـی و لێزانـی، ئـەرك و بەرپرسـیاریەتیەکان دەخاتـە سـەر شـانی بەرپرسـانی خـوار خـۆی، ئەمـەش وادەکات کـە هەموویـان پێگـەو گرنگـی ئـەرك و بەرپرسـیاریەتیان بـە باشـی بزانـن لـە هەمـوو بارودۆخێکدا[2]، سـەرکردە پێویسـتە بـە ئیرادەوە سـەرکردایەتی شـەڕ بـکات و ڕێنوێنـی و ئاراسـتەکانی ڕوون بـن و کەشـێکی وا درووسـت بـکات کـە هەمـوو فەرماندەکانـی خـوار خـۆی جلـەوی سـەرکردایەتی و ئاراسـتەکردن بگرنـە دەسـت و کەسـایەتی و توانایـان هەبێـت لـە بڵاوکردنـەوەی متمانـە لەنێـوان ئەوانـەی لەژێـر دەسـتیان دان[3].

ڕۆڵی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە شەڕی کۆرێ، ڕاستەوخۆ و لێزانانە بوو، چونکە لە نزیکەوە ئاگاداری بەرەی شەڕ بوو، بۆ هەموو پێشهاتێك پلان و بەرنامەی هەبوو، هەروەها پێداگیری لەسەر بەرگری کردن و متمانەی لەبەرەی شەر یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لەشەڕەکە[4]، چونکە لەگەڵ فەرماندەی لایەنە سیاسیەکان بەردەوام لەسەر هێل بوو، بۆ ئەوەی بەهەر باجێك بێت بەرگری بکرێت و ڕێ لە پێشرەوی سوپای عێراق بگیرێت، وێڕای ئەوەش بانگەواز کردن بۆ ڕای گشتی جیهان و ئاگادار کردنەوەیان لە مەرگەساتی گەلی کورد و بە ئامانج

(١) هشام العلي ،خبير مختص بالعلوم العسكرية، دراسات ما بعد المعركة، المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والإستخبارات ـ المانيا وهولندا، يونيو ٢٩، ٢٠١٨؛
/https://www.europarabct.com.

(٢) هشام العلي، نفس المصدر.

(٣) محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

(٤) دکتۆر سەعید ئەحمەد نادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گرتنی خەڵکی سڤیل لەلایەن سوپای عێراق[١]. چونکە سەرکردایەتی ئەوپەڕی هەست کردنە بە بەرپرسیاریەتی و پایەیەکی گرنگی شەڕە، مەسعود بارزانیش هەموو تایبەتمەندی سەرۆکێکی بەهێزی تێدابوون، چونکە تایبەتمەندی سەرکردەی بەهێز بریتین لە دەرکردنی بڕیاری ڕاست و دروست لە کاتی تەنگانەو پەشۆکاویدا، هەروەها ئازایەتی و بوێری زۆری هەبوو لە دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیار[٢]. لەهەمان کاتیشدا سەرکردەیەکی بلیمەت و لێهاتوو بووە لە سەرکردایەتی کردنی هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەکی ئازا بووە، ئەزمونێکی زۆریش هەبووە لە بواری سەربازی، هەموو ئەمانە وای کرد بە باشی بتوانێت هاوسەنگی شەڕەکە لە بەرژەوەندی گەلی کورد ڕابگرێت.

## ٢- هەڵکەوتەی جوگرافی دەربەندی کۆڕێ

جوگرافیای جەنگ یان جوگرافیای جەنگی ،هەندێک جار بە جوگرافیای سەربازی ناسراوە، لقێکە لە جوگرافیای سیاسی، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ڕۆڵی فاکتەری شوێنەوە هەیە لەململانێ و شەڕی چەکداریدا، پێویستە فەرماندەی سوپا هونەری جەنگ باش بزانێت تاوەکوو سوود لە بنەماکانی جوگرافیا ببینێت بۆ ئەوەی بتوانێت سوود لە هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکە وەرگرێت، چونکە هەڵکەوتەی جوگرافی پەیوەندی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ دەرەنجامی جەنگ، بۆ ئەمەش دەبێت بەداناییەوە هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەربازی[٣]. هەڵکەوتەی جوگرافی دەربەندی کۆڕێ کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر تێکشکاندنی هێرشی سوپای عێراق، دەربەندی کۆڕێ بەو پێیەی ڕێڕەوێکی تەسکە، لەڕووی جوگرافیەوە شوینێکی سەختە، لە

(١) ئیبراهیم حەمکۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) الفیلد مارشال مونتجمیری، الحرب عبر التاریخ، تر، فتحی عبدالله النمر، مکتبة الانجلو المصریة، قاهرة، ٢٠٢١، ص١٧.

(٣) دکتور، محمد عبدالسلام، جغرافیة الحرب و السلام، مکتبة نور، ٢٠٢١، ص١٢.

هەردولا بە چیای بەرز دەورە دراوە، ئەمە یەکێك بوو لە فاکتەری بەهێزی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە[1]، چونکە چیا سەختەکان هەمیشە وەك پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە بوونە لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەروەها شارەزایی هێزی پێشمەرگە لەشەڕکردن لەناوچە سەختەکان و لەبەرامبەریشدا بۆ سوپای عێراق سەخت بوو لەناوچە شاخاوییەکان شەڕ بکات، لەهەمان کاتیشدا پێشمەرگە بە باوەڕە بەرگری دەکرد، کەچی سەربازانی سوپای عێراق لە ئەنجامی شەڕی هاوپەیمانان زۆر شەکەت و ماندوو بوون[2].

## ٣- بەهێزی مەعنەویاتی پێشمەرگە

گیانی مەعنوی بریتیە لە هەست کردنی هەموو ئەندامێکی گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکان، بەگرنگی کارکردن لەپێناو تەحەدی ئەو بارودۆخەی هەڕەشە لە مانەوەیان دەکات، سوربوون لەسەر وەدەست هێنانی ئامانجەکانی تاك و کۆمەڵگەو خۆڕاگری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریەکانی شکست، تێکۆشانی هاوبەش و دڵسۆزانە لە پێناو نیشتمان، بۆ بەردەوام بوونی مێژوویەکی شکۆدار[3]. بەهێزی گیانی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان پێشمەرگە بەژدارەکانی شەڕی کۆڕێ یەکێکی تر بوو لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەرامبەر ئەو هێزە زۆرەی سوپای عێراق، چونکە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەلای پێشمەرگە درووست کردبوو[4]، وره بەرزی پێشمەرگە وێڕای ئەوەی کەمینەیەکی زۆر بچوك بوون لەچاو ئەو سوپا بێ شومارەی عێراق، فاکتەرێکی بەهێزی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بوون لە سەرکەوتنی

(١) ئیبراهیم حەمکۆ، هەمان سەرچاوە.

(٢) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

(٣) دکتور سامی محسن الختاتنة، علم النفس العسكری، دار والمكتب الحامد للنشر و التوزیع، عمان، الاردن، ٢٠١٦، ص١٤١.

(٤) دکتور سەعید بارزانی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شەڕەکە و بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە بەرفراوانەی سوپای عیراق[١]، چونکە گیانی یەکگرتوویی دەبێتە فاکتەری هەستکردنێکی بەهێزی مرۆڤ بۆ بەها و پرەنسیپ و بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمانەکەی، هۆکارێك دەبێت بۆ زیاد بوونی چاڵاکی و ڕۆڵی تاکەکان لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا، هەروەها متمانەیەکی زۆر لەنێوان گروپەکان درووست دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان و هەستی بەرپرسیاریێتی و هەماهەنگی لەنێوانیان پەرەدەستێنێت، هەموویان هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن بەرامبەر ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە[٢].

(١) عوسمان پیرانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) دکتور عماد عبدالرحیم الزغلول، علم النفس العسکری، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان الاردن، ٢٠٠٨، ص٨٦.

# بەشی سێیەم

# ئەنجام و لێکەوتەکانی داستانەکە

# دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق

## دانوستان وەک کرۆکی دیپلۆماسیەت لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد

دانوستان[1] لایەنێکی گرینگی هاوکێشەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پێکدەهێنێت، چونکە پڕۆسەیەکە شیاوی ئەوەیە کە لەسایەی هەموو هەل و مەرجێکدا بەکاربرێت[2]، ئەگەر بە ئەندازەی جیاوازیش بێت، هاوکات دانوستان هونەرێکی بەرزی دیپلۆماسی و بەڕێوەبردنی ململانێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی لەنێوان کەسانی ناتەبا، دامەزراوەی ئابوری، ڕێکخراوی سیاسی، گەلان، دەوڵەتان...هتد[3]. کورد هەمیشە و بە درێژایی مێژووی خەباتی بزاڤە ڕزگاریخوازیەکەی بۆ وەدستهێنانی مافە نەتەوەییەکان و چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەی چەند جارێك پەنای بردووەتە بەر دانوستان و وتووێژ لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاری کوردستان، وەك ئامرازێك لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەی لەگەڵ داگیرکارانی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتیش لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا[4]، بەڵام بەهۆی جیاوازی دید و تێڕوانینی هەردوو لایەنی دانوستانکار، واتە لایەنی کوردستانی و حکومەتی عێراق، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ شکستهێنانی دانوستان و بێ ئەنجامی و بێ ئاکامی

---

(١) د. احمد فهمی جلال، مهارات التفاوض، قاهرة، ٢٠٠٧م، ص٣.

(٢) د.كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، اياد للطباعة، بغداد، 1987م، صص16-9.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپ و بلاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی، بەرلین، ١٩٩٩، ل٥.

(٤) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٣٤-٣٣٦ .

وتوێـژە دووردرێژەکانـی نێوانیـان.

زۆرینـەی گـەلان دانوسـتانی بەبەشـێك لـە کار و ئامـرازی سیاسـی بەکارهێنـاوە، بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی لەبەرامبـەر نەیارانی خۆیدا، دانوسـتان بـۆ خـۆی بەشـێکە لـە خەباتی سیاسـی گـەلان و پـارت و ڕێکخراوە سیاسـیەکان بـۆ گەیشـتن بـە مافـە نیشـتیمانی و نەتەوەییەکانیـان[١]، لـە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد و کوردسـتان زۆر جـاری وا هەبـووە، دانوسـتان لەسـەر داوای حکومەتـە داگیرکارەکانـی کوردسـتان ئەنجامـدراوە، بـەڵام کـورد تێڕوانینـی بـۆ ئـەم پرۆسـەیە پۆزەتیـڤ بـووە، وەك ئامـرازی چارەسـەری سیاسـی و ئاشـتییانە بەکاریهێنـاوە، بـەڵام ڕەنگە لایەنـی بەرامبەر واتـە داگیرکارانـی کوردسـتان، زۆر جـار وەك پـلان و تاکتیکێکـی کات کوشـتن سـوودیان لـەو پرسـە وەرگرتبێـت، بـۆ ئـەوەی خۆیـان ڕێـك بخەنـەوە و لـە حاڵەتـی لاوازی خۆیـان پـێ دەربـاز کـردووە[٢].

حکومەتەکانـی داگیـرکاری کوردسـتان دانوسـتانیان وەك کارت و ئامـرازی دامرکاندنـەوەی شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانـی کـورد بەکارهێنـاوە، دوژمنانـی کورد لەهـەر کات و سـاتێك هەسـتیان کردبێـت کـە بەشـەڕ ناتوانـن ئیـرادەی خەڵکـی کوردسـتان و بزاڤـە ڕزگاریخوازەکـەی تێـك بشـکێنن[٣]، ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکان دامرکێننـەوە، ئـەوا یەکسـەر پەنایـان بـۆ دانوسـتان بـردووە، هەرکاتێـك لـەو بڕوایـە دابووبـن شـۆڕش و ڕاپەڕینـی کـوردان لـە وەدیهێنانی ئامانجەکانـی نزیکبووەتـەوە، دەمودەسـت داوای دانوسـتان و وتووێژیـان لەلایەنـی کـوردی کردووە، بەم شـێوەیە شـۆڕش و ڕاپەڕینی کوردانیان سسـت

(١) اندرسـون، باربـار، التفـاوض الفعـال، تـر: احمـد بهيـج، مكتبـة هـلال للنـشر، قاهـرة، ٢٠١٤م، ص٧.

(٢) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٢.

(٣) کریـس کۆچێـرا، مێـژووی کـورد لەسـەدەی ١٩/٢٠دا، وەرگێڕانـی محمـەد ڕیانـی، چاپخانـەی کارون، تـاران، ١٣٦٩هـ.ش، ل ٤٢٢.

کـردووە، لەڕێگـەی کایـەی دانوسـتان هیـواو ئاواتـی گەلـی کوردیـان لەبـار بـردووە، لـە دیـدگای نەیارانـی کورددا دانوسـتان جگـە لە گەمەیەکی سیاسـی فریودەرانـە، شـتێکیتر نەبووە[1]، بـە چاوگێڕانەوە بۆ ڕابردووی دانوسـتانەکانی نێـوان کـورد و نەیارەکانـی لـە سـەردەمی پادشـایەتییەوە لە عێراق تـا دەگاتە سـەردەمی کۆمـاری و عەبدولکەریـم قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف و کابینـە حکومییەکانـی سـاڵانی شەسـتەکان و هاتنەسـەر کاری بەعسـییەکانیش تـا ئـەم دواییانـە، دەبینیـن دانوسـتان جگـە لـە کارتـی فریودانـی کـورد و کات کوشـتن و سـوودوەرگرتن لێ بۆ سـازدان و خۆڕێکخسـتنەوە و خۆبەهێزکردن لای نەیارانـی کـورد شـتێکیتر نەبـووە[2]، بۆیـە کاتێـك بەهێـز بـوون و خۆیـان ڕێکخسـتووەتەوە، هیـچ حسـابێکی ئەوتۆیـان بـۆ ئـەو بەڵێنانـە نەکـردووە کـە لەمیانـەی دانوسـتانەکاندا بەلایەنـی کوردیـان داوە، لەبەرئـەوە دەبـوو سـەرکردایەتی و لایەنـی دانوسـتانکاری کـورد زۆر بـە وردی بارودۆخـەکانی هەڵبسـەنگاندبایە، ئێسـتاش لەو قۆناغە و هەلومەرجە سیاسـیەی عێراقی پێ تـێ پەڕدەبێـت، گرنگـە کـورد توێژینـەوەی ورد بکات سـەبارەت بە دانوسـتان لەگـەڵ نەیارەکانـی، بـۆ ئـەوەی هەڵەکانـی ڕابـردووی دووبـارە نەکاتـەوە، لە پێنـاو سـوود وەرگرتـن لـە ئەزموونـی پێشـووتری[3].

لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردا دانوستان جێگە و پانتاییەکی فراوان و هەستیاری گرتووە، هەمیشە کورد بەچاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتیە دانوستان، بەڵام هەرگیز وەك ئالیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی سوودی لێ وەرنەگرتووە[4]، چونکە نەیارانی کورد وەك کارتی کات کوشتن و خۆڕێکخستنەوە بەکاریانهێناوە، وەك گەمەیەکی سیاسی بۆ

(١) د. واحـد عومـەر محیدیـن، دانوسـتانەکانی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـوردو حکومەتەکانـی عێـراق ١٩٢١-١٩٦٨ز، سـلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٧.

(٣) دیڤید مەکداول،سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٦.

(٤) د. واحد عومەر محیدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

فریودان و لەخشتە بردنی کورد سودیان لێ وەرگرتوە، لەهەمان کاتدا زۆر جار ئەو دەرفەتانەی لە ئەنجامی شۆڕش و خەباتی چەکداری وەدەست هاتوون، نەیارانی کورد بەشێوەیەکی خەڵەتێنەر ئەو دەرفەت و پشتگیریە نێودەوڵەتیانەیان لەناو بردووە[1]، بە پەنابردن بۆ دانوستان و گفتوگۆ لە پێناو چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد، کەچی کورد هەمیشە دانوستانی بۆ خۆی وەك کارتێکی سیاسی ئەژمارکردووە، هەوڵی داوە لەم ڕێگەیە مافەکانی وەدەست بهێنێت، بەڵام نەیارانی کورد بەتایبەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، پرسی دانوستانیان وەک کارت بەکارهێناوە بۆ خۆ ڕێکخستنەوە، لەبەرامبەردا کورد تەنیا کات کوشتنی بۆ ماوەتەوە و سودێکی ئەوتۆی لە دانوستان نەبینیوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر زەرەری کردووە و کاتی بەفیڕۆداوە، لەبەر جیاوازی دیدگای حکومەت و کورد بۆ دانوستان کورد نەیتوانیوە سود لە دانوستان وەربگرێت و لەم ڕێگەیەوە بگاتە مافە نەتەوەیەکانی خۆی[2].

(١) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٧.

(٢) واحد عومەر محیدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

## دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٩١

دوای ئـەوەی لـە ٥ی مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٩١ یەکـەم چەخماخـەی ڕاپەڕیـن لـە شـاری ڕانیـە لێدرا، بـە ماوەیەکی زۆر کەم بەشـێکی هـەرە زۆری باشـووری کوردسـتان ئـازاد کـرا، بـەڵام بەداخـەوە زۆری نەبـرد، ڕاپەڕینـی خەڵکـی کوردسـتان بـوو بـە قوربانـی بەرژەوەنـدی وڵاتانـی زلهێـز، عێـراق گڵۆپـی سـەوزی بـۆ هەڵگیرسـێندرا، تاکـو هەمـوو ئـەو ناوچانـەی ئازادکراون، جارێکـی تـر داگیریـان بکاتـەوە[١]، سـوپای عێـراق خـۆی بـۆ پەلامـاردان و داگیرکردنـەوەی کوردسـتان ئامادەکـرد و لـە ٢٨ی ئـازاری سـاڵی ١٩٩١ بـە کرداریـی ئـەو پەلامارەی دەسـتپێکرد، بێ هەڵوێسـتی هاوپەیمانان سـەبارەت بـە پێشـێلکردنی مافـی مـرۆڤ و هەمـوو ئەو دەسـت واڵاکردنـەی حکومەتی عێـراق، سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی ناچارکـرد بچێتـە نـاو دانوسـتانێك کـە گومانـی لێ هەبـوو[٢]، پـاش داگیرکردنەوەی بەشـێکی هـەرە زۆری خاکی ئازادکـراوی کوردسـتان، حکومەتـی عێـراق لەڕێـی موکـەڕەم تاڵەبانـی داوای لـە سـەرکردایەتی کـورد کـرد لەگەڵـی دانوسـتان بـکات، بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێک بـۆ پرسـی کـورد[٣]، ئەوەبوو موکـەڕەم تاڵەبانی هاتە کوردسـتان و چـاوی بـە سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی[٤] کـەوت لـە پیرمـام و پرسـی

---

(١) چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئازاد جوندیانی.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٦.

(٣) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٢.

(٤) کەریـم ئەحمـەد لـە پەرتووکـی ڕێـڕەوی تێکۆشـان بـاس لـەوە دەکات کـە لەگـەڵ موکـەڕەم تاڵەبانـی چووەتـە هاوینەهـەواری پیرمـام بـۆ دیدەنـی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی بـەرەی کوردسـتان، لـەوێ هـەر یەکـە لـە نەوشـیروان مسـتەفاو ڕەسـوڵ مامەندیـش ئامادەبوونـە، بڕوانـە کەریـم ئەحمـەد، هەمـان سـەرچاوە، ل ٣٣٢.

دانوسـتانی لەگەڵـدا باسـكردن و ئەوانیـش قبوڵیانكرد[١]، پـاش داگیركردنەوەی كەركـووك، سـەدام حوسـێن پێشـنیازی چارەسـەركردنی پرسـی كەركووكـی لەسـەر بنەمـای فیدرالیـزم بـۆ كـورد كـرد[٢].

پێـش ڕاپەڕیـن چەنـد هەوڵێـك دران بـۆ مەبەسـتی ڕەخساندنی وتووێـژ لەنێـوان سـەركردایەتی بـەرەی كوردسـتانی و حكومەتـی عێـراق، ئـەم هەوڵانـە لەڕێـگای بەرپرسـانی ڕێكخـراوی ڕزگاریخـوازی فەلەسـتین و خـودی یـاسر عەرەفاتـی سـەرۆكی ڕێكخراوەكـە بـوون، كـە ئامادەیـی خـۆی نیشـان دابـوو بـۆ ئـەوەی نێوانگیـری بـكات لـە نێـوان هـەردوولا، بـە مەبەسـتی چارەسـەركردنی پرسـی كـورد لەسـەر بنەمـای دیموكراسـی بـۆ عێـراق مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ گەلـی كوردسـتان[٣]، بەڵام یـاسر عەرەفـات دوای ئـەوەی هەسـتی كـرد سـەركردایەتی كـورد ڕازیـە بـۆ ئەنجامدانـی دانوسـتان، كەوتـە بیانـوو گرتـن و گوتـی: «ئـەم كارە هـەر وا ئاسـان نییـە، لەبـەر ئەوەی قسـەكردن لەگـەڵ سـەدام حوسـێن سـەبارەت بـەم پرسـە زۆر قورسـە، بۆیـە كات و بارودۆخێكـی تایبەتـی دەوێـت»، یـاسر عەرەفـات ئـەم هەڵوێسـتەی دوای ڕەزامەنـدی سـەركردایەتی كـورد دەربـڕی، پێدەچێـت سـەرچاوەی نیگەرانـی عەرەفـات لـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، كـە مەسـعود بارزانـی لـە چاوپێكەوتنـی ڕۆژنامەیەكـی عەرەبـی ئامـاژەی بـەوە كردبوو: «كـە لەمەودوا نابینـە پردێـك بـۆ ئـەوەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـی بەسـەرماندا بپەڕنـەوە و بگەنـە دەسـەڵات و دواتـر پشـتمان تـێ بكـەن»[٤].

---

(١) كەریم ئەحمەد، سەرچاوە ، ل ٣٣٢.

(٢) دیڤید مەكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٦.

(٣) صـلاح الخرسـان، التیـارات السیاسـیە فـی كردسـتان العـراق(١٩٤٦-٢٠٠١)، گ١، مؤسسـە البـلاغ للطباعـە والنـشر والتوزیـع، بیـروت- لبنـان، ٢٠٠١، ص٥٢٣.

(٤) نفس المصدر، ص٥٢٣.

لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا ناردنی موکەڕەم تاڵەبانی[1] بۆ کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بە مەبەستی دانوستان، کۆمەڵێك هۆکار .و ئامانجی لە پشتەوە بوو، لەوانەش هێورکردنەوەی کورد کە بە هۆی دەستپێکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی (١٩٩١)ەوە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی ئازادکردبوو، بۆیە ڕزگارکردنی شاری کەرکوك بە هۆی ئەو گرنگی و بایەخەی کە لەڕووی سەرچاوە کانزاییەکان هەیبوو، بەتایبەتی هەبوونی نەوت و بایەخ و گرنگی سیاسی و ئابووری ئەو شارە، بە ئاسانی لای حکومەتی بەعس قبوڵنەدەکرا، هەرچەندە بەعس دواتر توانی ناوچەکان داگیربکاتەوە[2]، بە ئامانجی دامرکاندنەوە و نەهێشتنی گەرم و گوڕی ڕۆحیەتی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی کوردستان، هەروەها بۆ گێڕانەوەی شکۆ و متمانەی خۆی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی. وێڕای ئەوەی دەیەویست کورد سوود لەو دەرفەتانە وەرنەگرێت، کە بە هۆی هەڵوێست و هاوسۆزیی نێودەوڵەتی بە گشتی و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە، بەرامبەر تراژیدیای کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی کوردستان کە لە ئان وساتی هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد بوو، وەربگرێت[3].

(١) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٢.

(٢) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص٥٢٨.

(٣) فەتاح تۆفیق فەتاح، ٧٦ ساڵ ژیان و ٥٩ ساڵ تێکۆشان، بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٩٩.

## سەرەتای چوونی شاندی کوردستان بۆ دانوستان

وێڕای ئەوەی هەردوو لایەنی دانوستانکار متمانەیان بەیەکتر نەبوو، بەڵام بارودۆخی ئەوکات دانوستانی بەسەردا سەپاندن، حکومەتی عێراق دەیەویست بەهۆی دانوستان کۆمەڵێك پرس لە بیر کورد بباتەوە، لەوانەش بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی سوود لەو بڕیارە وەنەگرن[١]، هەرچی لایەنی کوردی بوو بەهۆی ئەو ڕەوشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی دروست بووبوو، ئەو نەهامەتی و بارودۆخە سەختەی تووشی گەلی کورد بووبوویەوە، بەتایبەتی هەڵوێستی ناڕوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانان، دەیویست سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد لەو بارودۆخە دەرباز بکات[٢]، ئەوە بوو حکومەتی بەعس و بەرەی کوردستانی چوونە نێو وتووێژەوە. لەبەرەی کوردستانی چوار حزب بەشداری وتووێژیان کرد و بڕوایان پێی هەبوو، ئەوانیش: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیست و پارتی گەل بوون، حزبی شیوعی بەشداریی ئەو دانوستانەیان نەکرد، لەبەر ئەوەی حزب لەو باوەڕدابوو حکومەتی سەدام تەنیا مەبەستیەتی سوود لەکات وەربگرێت بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و سزادانی ئەفسەر و سوپا، ئەوانەی کەم تەرخەم بوونە لەداگیرکردنەوەی کوردستان[٣]، هەرچی حزبی شیوعی بوو بەشداری دانوستانیان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا نەکرد[٤]، بۆیە لەکاتی گفتوگۆکردن سەبارەت بە دانوستان

---

(١) جیرارد جالدیان، المأساة الكوردية، تر: عبدالسلام النقشبندی، دار اراس للنشر والطباعة، اربیل، ٢٠٠٧م، ص١٦٨.

(٢) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٤.

(٣) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

(٤) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٨.

سەرکردایەتی حزب لەگەڵ نەوشیروان مستەفا چەند جارێك تێکگیران، تاو ئەو ڕادەیەی نەوشیروان بە کەریم ئەحمەدی گوت: ئەگەر گوێڕایەڵی بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی نابن، دەبێت لەو بەرەیە بچنە دەرەوە[1]، هەڵوێستی زۆر تووند بوو بەرامبەر بە بیروارای ئازاد، حزبی شیوعی پێی وابوو دەبێت داواکاری کورد لە ئاستێکی گەورە دابن بۆ ئەوەی حکومەت هەست بە بێهێزی بەرە نەکات[2].

ئەوەبوو پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، بڕیاردرا شاندێك لە بەرەی کوردستانی بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکات لەگەڵ حکومەتی عێراق سەبارەت بە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێك کە ڕەزامەندی هەردوو لای لەسەر بێت، شاندی بەرەی کوردستانی بۆ دەستپێکردنی دانوستانی پێشوەخت هەریەکە لە فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح لە یەکێتی و فازڵ میرانی و ئازاد بەرواری لە پارتی، بەهاوکاری دارا تۆفیق ئاغا، سەردانی بەغدایان کرد و لەوێ چاویان بە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی بەعس کەوت و مشت و مڕێکی زۆر کرا، سەبارەت بە چارەسەرییەکانی بارودۆخەکە، چوونی ئەم شاندە بۆ بەغدا زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی دواتر شاندی بەرەی کوردستانی لەسەر ئاستی باڵا بچنە بەغدا بۆ گەیشتن بەچارەسەر[3].

---

(١) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

(٢) فەتاح تۆفیق فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٣) فەرەیدون عەبدولقادر، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠ز، ل ل ٦٠٨-٦٠٩.

## قۆناغی یەکەمی دانوستان

زەمینەسازی درووست بوو بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق و بەرەی کوردستانی دانوستان بکەن و بگەنە ڕێگە چارەیەك بۆ ئەوەی چارەسەری پرسی کوردی پێ بکەن، لە پاش گەڕانەوەی شاندی دانوستانکاری بەرەی کوردستانی، جەلال تاڵەبانی بەسەرۆکایەتی شاندێکی باڵا لە بەرەی کوردستانی چووە بەغدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکات، چونکە حکومەت داوای ئەوەی کردبوو، سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی خۆیان بچنە بەغدا بۆ کۆتایی هێنان بە بارودۆخەکە[1]، دواجار بە بڕیاری بەرەی کوردستانی شاندێك بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی ڕەسوڵ مامەند و نێچیرڤان بارزانی، ئازاد بەرواری، سامی عەبدولڕەحمان، فەرەیدون عەبدولقادر چوونە بەغدا[2]، سەرەتای کۆبوونەوە چەند بابەتێکیان لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی بەعسدا خستەڕوو، لەوانە: مەسەلەی دیموکراسی، ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لە کوردستان، کۆتاییهێنان بە سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن، مافی ئۆتۆنۆمی و فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چارەنوسی ئەنفالکراوەکان، ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕووخاو و خاپورکراوەکان و گێڕانەوەی جوتیارە ڕاگوێزراوەکان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا بۆ گوندەکانی خۆیان دوای بنیاتنانەوەی گوندەکان و قەرەبووکردنەوەیان. حکومەتی عێراقیش ڕەزامەندی خۆی نیشان دا کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئۆتۆنۆمی بداتە کورد[3]. لەباوەش گرتنی سەدام حوسێن لە

(١) فەرەیدون عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٩.

(٢) د.حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط، مکتبة مدبولی، ١٩٩٢م، ص٢٧٣.

(٣) د. حامد محمود عیسی، نفس المصدر، ص٢٧٣.

لایـەن جـەلال تاڵەبانـی جیهانـی توشـی شـۆك کـرد، هـەر لـەو دیـدارە گوایـە سـەدام بـە شـاندی کـوردی گوتـووە: ئامادەیـە ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش هەڵبوەشـینیتەوە، لـە ماوەیەکـی کورتـدا هەڵبژاردنێکـی ئـازادی فرەحزبـی لـە عێـراق بەڕێوەبچێـت[1]، بـەڵام ئـەوەی تێبینـی دەکـرا ئەمانـە هەمـووی بـۆ کات بەفیـڕۆدان بـوو، چونکـە سـوپای عێـراق لـە ئەنجامـی شـەڕی کەنـداوی یەکـەم تووشـی شکسـتێکی مـەزن هاتبـوو، بـە ئاسـانی نەیدەتوانـی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتان لەنـاو بەرێـت، هەرچەنـدە سـەعدون حەمـادی سـەرۆك وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق لـە ڕاگەیەندراوێکـدا ئامـاژەی بـەوەدا و گوتـی: ئامانـج لەو دانوسـتانە دۆزینەوەی چارەسـەریەکی نیشـتیمانی و بابەتیـە بـۆ کێشـەی کـورد، عێـراق لەگـەڵ کـورد بـە باشـی و دڵسـۆزی و نیازپاکـی گفتوگـۆ دەکات بـۆ گەیشـتنە چارەسـەر[2]، پـاش ئەوەی شـاندی بـەرەی کوردسـتانی بەسـەرۆکایەتی جـەلال تاڵەبانـی چەنـد ڕۆژێـك مانـەوە لەبەغـدا و دانوسـتانیان کـرد لەگـەڵ سـەرانی عێراقـی، بـەڵام بەبـێ ئومێـدی گەڕانـەوە کوردسـتان، خولـی یەکەمـی دانوسـتان هیـچ ئەنجامێکـی ئەوتـۆی لێنەکەوتـەوە کـە شـایانی بـاس بێـت، بۆیـە لەگەڕانەوەیـدا جـەلال تاڵەبانـی پێشـنیازی کـرد مەسـعود بارزانـی سـەرۆکایەتی شـاندی بـەرەی کوردسـتانی بـکات، بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق[3]. چونکـە پێـی وابـوو مەسـعود بارزانـی بـە ئاسـانی مـل بـۆ فشـارەکانی حکومەتـی عێـراق نـادات و ئەزموونێکـی باشیشـی هەیـە لـە پرسـی دانوسـتان.

(١) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٧.

(٢) د.حامد محمود عیسی، نفس المصدر، ص٢٧٤.

(٣) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص٥٣١.

## قۆناغی دووەمی دانوستان

پاش ئەوەی گفتوگۆی نێوان شاندی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و حکومەتی عێراقی هیچ پێشڤەچوونێکی بەخۆوە نەبینی، پێشنیازکرا مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی بکات، بۆ ئەوەی دووبارە بچێتە بەغدا بۆ دانوستان، مەسعود بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێك لە شەقڵاوەوە بەرەو بەغدا بەڕێکەوت، بۆ دیدار و گفتوگۆکردن سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد لە عێراق، من لە حوجران چووم بۆ دیدەنی و ماڵئاوایی کردن لێی[1]، پاش گەیشتنی زنجیرەیەك چاوپێکەوتن و گفتوگۆی ئەنجام دا لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکومەتی عێراق، ئەم خولەی دانوستان ماوەیەکی زۆری خایاند، بەرپرسانی حکومەتی بەعس لەهەڵوێستەکانیاندا زۆر توندبوون و ملیان بۆداواکارییەکانی شاندی بەرەی کوردستانی نەدەدا، ئەوەی تێبینی دەکرا حکومەت جدی نییە لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، چونکە بە داواکاریی شاندی دانوستانکاری بەرەی کوردستان زۆر پەست دەبوون، مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات[2]، ڕۆژێك شاندی بەرە پێیان گوتم: عەلی حەسەن مەجید[3] نیگەران و تووڕە بووە لە هەڵوێستی ئێمە و دەڵێت: ئێوە زێدەڕۆیی دەکەن لە ژمارەی ئەنفالەکان، بۆیە ڕۆژی پاشتر کاتێك من چوومە دانیشتنەکە پێم گوت: گوایە تۆ نیگەران و پەست بووی لە قسەکانی شاندی

---

(١) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣٥.

(٢) کوردستان٢٤، وتاری مەسعود بارزانی لەگەڵ پیاوانی ئایینی ڕۆژی ٢٠١٧/٨/٩ لە هە ولێر.

(٣) عەلی حەسەن مەجید، گەلی کورد بە عەلی کیمیایی ناودەبەن (٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤- ٢٠١٠)، ئامۆزای سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق (سەدام حوسێن)ە، یەکێك بووە لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس و وەزیری بەرگری عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ەکان، بڕوانە ماڵپەڕی: www.ar.wikipedia.org.

ئێمە، ئەویش لەوەڵامی من گوتی: ئێوە دەڵێن گوایە من سەد و هەشتا هەزار کەسی کوردم ئەنفال کردبێت، من تەنیا فەرمانم جێبەجێ کردووە، من فەرمانم دەرنەکردووە، بۆیە منیش پێم گوت: باشە وای دانێ سەد هەزار کەسە، باشە چارەنووسی پەنجا هەزار کەسمان پێ بڵێن؟ بێ دەنگ بوو لە شوێنی خۆی هیچ وەڵامێکی منی نەدایەوە، لەوێوە تێگەیشتم گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانێك کە گەلانی خۆیان قەڵاچۆکردبێت، هیچ سوودێکی نابێت[1]، وێڕای ئەو گرژییانەی لەنێوان شاندی دانوستانکاری بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق درووست بوون، کەچی لەم خولەی دانوستاندا کەمێک پێشکەوتن هەبوو، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نەبوو کە هەموو شتێك چارەسەرکراوە، بۆیە بارزانی و شاندە یاوەرەکەی گەڕانەوە کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی پرسەکە لەگەڵ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، پاش هاتنی شاندی عێراقی بە سەرۆکایەتی عزەت دوری دووبارە لە ١٠ی تەمموزی ١٩٩١ مەسعود بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندی دانوستکار گەڕایەوە بەغدا، بۆ واژۆ کردن لەسەر خاڵەکانی ڕێککەوتنامەکە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی کە ناڕوونییەك لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق هەستی پێدەکرا سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە، زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەکرا حکومەت مەبەستی نیە چارەسەری دۆزی کورد بکات لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەقینە، بەڵکو دیموکراسیەکی دەویست بۆخۆی بڕیاری لێبدات، سەرەنجام هیچ ئەنجامێك وەدەست نەهات[2]. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕێکەوتنەکەی ڕەتکردەوە، بەمجۆرە وتووێژ لەنێوان حکومەتی بەعس و بەرەی کوردستانی بە بێ گەیشتن بە هیچ ڕێککەوتن و ئەنجامێك کۆتاییپێهات[3].

---

(١) کوردستان٢٤، وتاری مەسعود بارزانی هەمان سەرچاوە.

(٢) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦، فەتاح تۆفیق فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(٣) حامد محمود عيسى، القضية الكردية فی العراق من الاحتلال البريطانی الى الغزو الامريكى ١٩١٤-٢٠٠٤م، مكتبة مدبولى، قاهرة، ٢٠٠٥م، ص٤٣٢.

## هۆکارەکانی شکستی دانوستان

ئەنجامدانـی دانوسـتانەکانی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ حکومـەت، هەوڵێـك بـوو بـۆ دۆزینـەوەی ڕێـگا چـارەی ئاشـتیانە و دبلۆماسـیانە بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـی گەلـی کوردسـتان، بـەڵام لـە ئەنجامـی سـەرەڕۆیی حکومەتـی عێـراق و خۆدزینـەوە لە چارەسـەریەکی بنەڕەتیانە، ئـەم هەوڵانە سـەریان نەگـرت و دانوسـتان هیـچ ئەنجامێکـی لێنەکەوتەوە[1]. زەمینەسـازی کـرا بـۆ ئـەوەی شـاندی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ دانوسـتان بچێتـە بەغـدا، بێگومـان ڕازی بوونـی سـەرکردایەتی کـورد بـە دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق چەنـد هۆکارێکـی هەبـوو، لەوانـە بـێ هەڵوێسـتی هاوپەیمانـان بەتایبەتـی ئەمریـکا بـۆ ڕێگەگرتـن لـە شکسـتی کـورد و کـۆڕەوی خەڵکـی سـیڤیل، ناچـار بـوون ڕازی بـن بـە دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتێـك کـە هیـچ بـڕوا و متمانەیـان پـێ نەبـوو[2]. هێـرش و پەلامارەکانـی سـوپای عێـراق بـۆ داگیرکردنـەوەی کوردسـتان و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی باشـوور و ناوەڕاسـتی عێـراق و سـەرکوتکردنیان بە دڕندانەترین شـێوە، ترسـێکی لای سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد دروسـتکرد، نەبـادا هەمـان سـیناریۆ لـە کوردسـتان دووبـارە ببێتـەوە، بۆیـە بـۆ ڕێگـە گرتن لە خوێن ڕشـتن و جینۆسـایدی خەڵکی سـڤیل، کـورد هەنـگاوی بـەرەو دانوسـتان هاوێشـت[3].

حکومەتـی عێـراق لـەڕووی سیاسـی و ئابـووری لـە بارودۆخێکـی خـراپ دابـوو، بۆیـە بـە ناچـاری پەنـای بۆ دانوسـتان بـرد لەگەڵ کـورد، بەهـۆی ئەو کـۆڕەوە ملیۆنیەی دەسـتی پێکرد لە ترسـی دووبارە نەبوونەوەی جینوسـایدی خەڵکـی سـڤیل لـە لایـەن حکومەتـی بەعـس، ئەمـەش وای کرد هاوسـۆزی و

(١) المصدر السابق ص ٤٣٠.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٦.

(٣) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص٥٢٨.

پشـتگیرییەکی نێودەوڵەتـی بـۆ کـورد دروسـت ببێـت، حکومەتـی عێراقیـش بەهەمـوو شـێوەیەك هەوڵـی دەدا کـە ڕێگری بـکات لەوەی کورد سـوود لەو دەرفەتـە ببینێـت، بۆیـە بـە ناچـاری دانوسـتانی لەگـەڵ کـورد دەسـتپێکرد[١]. سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی گرنگتریـن داواکاری و خواسـت و مافـە نەتەوایەتییەکانـی کوردیـان لـەو دانوسـتانانەدا خسـتە بـەردەم حکومەتـی عێـراق، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە بنەڕەتـەوە حکومەتـی عێـراق دانوسـتانی وەك کارت و گەمەیەکـی سیاسـی بەکاردەهێنـا، بۆیـە ئاراسـتەی دانوسـتان بـەرەو چارەنووسـێکی نادیـار هەنـگاوی نـا، چونکە ئـەو داواکارییانـەی کە لە دانوسـتانەکانی پێشـووتری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان و حکومەتـە یەك لـە دوای یەکەکانـی عێـراق ڕەزامەنـدی لەسـەر نەدرابـوو، کە خۆی لە پرسـی چارەنووسـی کەرکـووك و سـنووری کوردسـتان و ڕاگرتنـی شـاڵاوی تەعریب و تەبعیـس و ڕاگواسـتن و پرسـی بـە دیموکراسـیکردنی پرۆسـەی سیاسـی عێراق و مافـی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کـورد دەبینییـەوە، بۆیـە یەکـەم گـەڕی دانوسـتان بـێ ئەنجامی بـوو[٢].

چەنـد بۆچوونێکـی جیـاواز لـە نێـو سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی سـەبارەت بـە دانوسـتان دەرکەوتـن، هەندێکیـان پێیـان وابـوو حکومەتـی عێـراق تـا ئـەو ڕادەیـە لاواز بووە، توانـای شـەڕکردنی لەگەڵ کـورد نییە، بۆیە پێشـنیازی دانوسـتانی کردووە، ئەمەش بۆ سـوود بینین لە کات، تاکو دەرفەت وەرگرێـت خـۆی ڕێك خاتەوە بۆ دووبـارە داگیرکردنەوەی تەواوی کوردسـتان، چونکـە هەرگیـز حکومـەت خـۆی پابەندی ڕێککەوتـن لەگەڵ کورد نـاکات[٣]، بۆچوونـی تـر هەبـوو کـە پێیوابـوو مەحاڵـە بتوانرێـت لەڕێگـەی دانوسـتان شـتێك بـۆ کـورد وەدەسـتبهێنرێت، چونکـە هەرگیـز حکومەتـی عێـراق مـل نـادات بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو داواکارییانـەی شـاندی بـەرەی کوردسـتانی

---

(١) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧١٦-٧٢١.

(٣) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

داوای دەکات، بەپێچەوانەشەوە حکومەت هەندێک داواکاری هەبوو لەشاندی کوردی کە زۆر بی مانا بوون، بۆچوونی تریش هەبوو پێی وابوو نارۆشنی هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی جیهان وەك ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا لە بەرانبەر حکومەتی عێراق و چاوپۆشینی لەهەمبەر دووبارە هێرشکردنەوە سەر کوردستان و هەڵوێستیان لە بەرانبەر پرسی کورد کە لەو ساتەوەخت و قۆناغەدا زیاتر و زۆرتر هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی بوو[1]، هەڵوێستێکی سیاسی نەبوو، بۆیە دەکرێت لەهەر ئان و ساتێك حکومەتی عێراق هەمان سیاسەتە شۆڤێنیەکانی خۆی بەرامبەر گەلی کورد دووبارە بکاتەوە، هەروەها بە هۆی دڕندەیی کاربەدەستانی حکومەتی عێراق و گەورەیی و کاریگەریەکانی کۆڕەوی خەڵکی سڤیلی کوردستان، هەموو ئەمانەش هۆکار بوون کە مەسعود بارزانی زیاتر لەگەڵ دانوستاندا بێت، جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە کە داخوازی کورد ئەوەنییە سەدام حوسێن دەست بەرداری دەسەڵات بێت، بەڵکو دیموکراسی ڕاستەقینەی بەمەرجی سەرکەوتنی دانوستان دانا بوو[2]، بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕەوشە دژوار و خراپەی کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتبوو[3].

کۆمەڵێك هۆکار هەبوون بۆ شکستی دانوستانی بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق، تێڕوانینی جیاواز بۆ پرسی دانوستان لەنێوان هەردوولا هەبوو، لەهەمان کاتیشدا ناڕاستگۆیی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەقینە، هەروەها حکومەتی عێراق بە عەقڵیەتی نکۆڵیکردن و شۆڤێنی دەیڕوانییە پرسی کورد، هەوڵی بە پاشکۆکردن لە زهنی بەرپرسانی عێراقی ڕەنگی دەدایەوە، وێڕای ئەو مێژووە پڕ لەخوێنەی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای

(١) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص٥٢٨.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٩.

(٣) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٧.

خـۆی، زۆر ناحەقـی و سـتەمی بەرامبـەر کـراوە، بۆیـە ئـەوەی تێبینـی دەکـرا لـە بەغـدا بەچـاوی تاوانبـار سـەیری ئێمـە و خەڵکـی کوردسـتانیان دەکـرد[1]، حکومـەت تەنیـا هەوڵـی کات کوشـتنی دەدا، بۆ ئـەوەی کورد سـوود لە هیچ دەرفەتێـك وەرنەگرێـت، چونکـە لـەو ئـان و سـاتەدا فشـاری فرەنسـا بۆسـەر ڕای گشـتی زۆر بەهێزبـوو بـۆ دەرچواندنـی بڕیارێـك کـە ببێتـە فاکتـەری پاراسـتنی سـەلامەتی خەڵکـی کوردسـتان و دەرفەتێـك بێـت بۆ ئـەوەی کورد لـە ناوچەیەکـی پارێـزراو لـە لایـەن هاوپەیمانـان بژییێـت، بۆیـە دانوسـتان بە شکسـت کۆتایـی هـات و هیـچ ئەنجامێکـی لێنەکەوتەوە، حکومـەت دووبارە هەوڵـی داگیرکردنـەوەی کوردسـتانی دا، بـەڵام بـە هـۆی هەبوونـی بەرگری و بەرخودانـی هێـزی پێشـمەرگەی بەرەی کوردسـتانی ئەو ئاواتـەی نەهاتە دی، ئەمـەش وایکـرد حکومەتـی عێـراق لـە کۆتایی تشرینـی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بەتـەواوی دام و دەزگا کارگێڕییـەکان لـە هەرێمی کوردسـتان بکشـێنێتەوە[2]، ئـەم سیاسـەتەی حکومـەت وای کـرد بۆشـایی کارگێـڕی دروسـت ببێـت، بێگومـان دواجـار کاریگەریـی زۆری دەکـردە سـەر هەمـوو سـێکتەرەکانی ژیـان، سـەرەنجام لایەنەکانـی نێـو بـەرەی کوردسـتانی بیریان لـە ئەنجامدانی هەڵبـژاردن کـردەوە. بەمجـۆرە قۆناغێکـی نوێ لـە مێـژووی هاوچەرخی کورد و جووڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد دەسـتیپێکرد کـە بریتییـە لـە قۆناغـی خەباتـی شـار و ژیانـی دیموکراسـی و مەدەنـی و دامەزراوەیـی لـە کوردسـتان کـە قۆناغێکـی تایبەتمەنـد و جیـاوازە لـە قۆناغەکانـی تـر.

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) فیبی مار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٣.

## بڕیاری ٦٨٨ و نەوای ئارام بۆ کورد

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان، لە ئەنجامی گۆڕانی چەند هاوکێشەیەکی بەرژەوەندیی نێودەڵەتیی تایبەت، بوونە هۆکاری مانەوەی حکومەتی صدام حوسێن لە عێراق[١]، هێزەکانی گاردی کۆماریی عێراق و سوپای عێراق، هەڵیان کوتایەوە سەر کوردستان و تاوان و کوشتارێکی گەورەیان ئەنجامدا و خەڵکی کوردستان لە ترسی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کۆڕەوی ملیۆنیی ئەنجامدا، کۆڕەو؛ نامەیەکی ئاشکرای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بەعس بوو لە کوردستاندا و بەم هۆیەوە ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز، توانیان پشتێنەیەکی ئارام بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دروست بکەن و لەم نێوەندەدا، بە هاوکاریی و پاڵپشتیی هاوپەیمانان ناوچەی دژە فڕین - هێڵی پانی ٣٦ و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دەرکرا، بەم هۆیەوە ڕێگری لەهێرشی بۆمبارانی فڕۆکەی ڕژێمی بەعس و هێرشی زەمینیی سوپای عێراق بۆ سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان کرا[٢].

لە ٢ی نیسانی١٩٩١ فەرەنسا بە فەرمی و بۆیەکەمجار پرۆژەیەکی دا بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. فرانسوا میتێران[٣] داوای

(١) ختال هاجر، تدخل الامم المتحدة لوقف انتهاكات حقوق الانسان فی کوردستان العراق عام١٩٩١، جامعە باجی مختار عنابة، کلیة حقوق، ٢٠١١، صص ١٢٥-١٣٠

(٢) سامان صالح، دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ .(04/07/2020: www.chawykurd.com)

(٣) فرانسوا میتێران، سەرۆکی ئەوکاتی فرەنسا بوو، دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کورد بوو، بە تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی دۆستایەتیەکی زۆر نزیکی هەبوو، پێداگیری سەرۆك فرانسوا میتێران وای کرد ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش بۆ کورد دروست

لـە نەتـەوە یەکگرتـوەکان کرد کە سـەرکۆنەی داپڵۆسـین و جینۆسـایدی کورد بـکات و تەنانـەت هەڕەشـەیکرد کـە ئەگەر ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتوەکان نەجوڵێـت و بڕیارێکـی پێویسـت لـەو بارەیـەوە نـەدات، فەرەنسـا بەتەنیـا بڕیـاردەدات و پڕۆژەکـەی جێبەجـێ دەکات و لەبواری مرۆیی و دیپلۆماسـیدا بـەدەم کوردەکانـەوە دەچێـت، گوتـی: یـان لەگەڵـمان دەبـن بـۆ یارمەتـی کوردسـتان، یـان بـە تەنیـا دەسـتپێدەکەین. جـۆن مێجـەر، سـەرۆك وەزیرانـی بەریتانیـاش پشـتیوانی لـە پرۆژەکـەی فەرەنسـا کـرد و داوای لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا کـرد بـەدەم کوردەکانـی عێراقـەوە بێـن و یارمەتیانبـدەن[1].

ئەمەریـکا لەسـەرەتاوە نەیدەویسـت بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـتێوەردان بـکات و دژی هـەر هاوکارییەکـی گەلی کورد بوو، ئەو پێی وابوو ئەم جۆرە لە دەسـتێوەردان گرفتـی گـەورە بۆ سیسـتمی جیهانـی دروسـتدەکات، ئەمەریکا لـەوە دەترسا عێـراق لـە ناوەخـۆ لێك بترازێـت، بیرۆکـەی سـەرۆکێکی بەهێز لەعێـراق لـە لایـەن ئەمریکاوە پشـتگیری دەکرا، چونکە ترسـیان لـەوە هەبوو وڵاتانـی هەرێمـی، بەتایبەتـی ئێـران، دەسـت بخەنـە نـاو کاروباری عێـراق[2]. چونکـە دەسـتێوەردانی ئێـران لە کارووباری ناوخۆی عێراق و پشـگیری شـیعە مەترسـی لـەلای ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی درووسـت کـرد، بۆیـە مانـەوەی صـەدام حسـێنیان پـێ باشـتر بـوو لـە ڕووبەڕووبوونەوەی شـیعە لە عێـراق[3]. پرۆژەکـەی فەرەنسـا بریتیبـوو لـە بە فەرمـی ئیدانەکردنی سـەدام حوسـێن و

---

ببێـت و پارێـزراو بێـت لەژێـر چاودێـری هاوپەیمانـان، هەروەهـا نابێـت ڕۆڵـی خاتـو دانیـاڵ میـتران لـە یـاد بکەیـن کـە فرانسـۆ میترانـی سـەرۆکی ئـەو کاتـەی فەرەنسـای ناچـار کـرد ئـەم پرسـەی کـورد بەرێتـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی. توێـژەر.

(١) مـام جـەلال، دیـداری تەمـەن، ئامادەکردنـی سـەلاح ڕەشـید، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٩٠.

(٢) چارلز تریپ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٣، ل ٣٤٣.

(٣) ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٤.

ڕاگرتنـی داپڵۆسـینی سـەربازییانەی کـورد و بەهاناهاتنـی مرۆییانـەی کـورد و ڕزگارکردنیـان لـە مردنـی بەکۆمەڵـی حەتمـی. پرۆژەکـەی فەرەنسـا ڕاڕاییەکی بێسـنوری لای وڵاتانـی وەك چیـن، هینـد، یەکێتـی سـۆڤیەت و چەندین وڵاتی دیکـە دروسـتکرد و هەموویـان پێکـەوە دەترسـان لـەوەی کـە لێـرە بـەدواوە ئـەم جـۆرە بڕیارانە شـەرعیەت بدەن بە دەسـتتێوەردان لە کاروبـاری ناوخۆی وڵاتانـدا، بـەڵام لـە کۆتاییـدا دیپلۆماسـیەتی فەرەنسـی یاریەکـەی بـردەوە و هەمـوو لایەکـی قەناعەتپێکـرد و لـە ٥ ی نیسـانی ١٩٩١ دا، ١٠ ئەندامـی ئەنجومەنـی ئاسـایش، بـە یەکێتـی سۆڤیەتیشـەوە، دەنگیـان بـە پرۆژەکـەی فەرەنسـا داو بڕیـاری پاراسـتنی کـورد بـە فەرمـی واژوکـرا. گرنگی ئـەم بڕیارە تەنیـا بریتـی نیـە لـە پارێزگاریکردن لە کـورد، بەڵکـو گرنگیەکەی لەوەشـدایە کـە لـە پـاش لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ لـە کانوونـی یەکـەم ١٩٢٥ دا بـە عێراقـەوە، ئەمـە یەکـەم دۆکیومۆنتـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە کە بـە فەرمی نـاوی کـوردی تێـدا دەهێنرێـت و کـورد وەك گروپێکی سیاسـی باسـدەکرێن و دەخرێنـە سـەر شـانۆی جیهانی. لـە ٨ ی نیسـانی ١٩٩١ دا[١]، بەریتانیا دوورتر دەڕوات و بەفەرمـی داوای دروسـتکردنی ناوچـەی ئارام بۆ کوردەکان دەکات. دوو ڕۆژ دواتـر، ئەمەریکییـەکان داوادەکـەن کـە نـەك هـەر ناوچـەی ئـارام دروسـتبکرێت، بەڵکـو ئاسـمانیش لـە فڕینـی فڕۆکەکانـی عێـراق لـەو دیـوی هێڵـی٣٦[٢] وە قەدەغەبکرێـت. هێڵـی ٣٦ دەکەوێتـە هەمـان ئـەو ناوچەیەی کـە بڕیـاری ٦٨٨ی ئەنجومەنـی ئاسایشـی لەسـەر دراوە و لێـرەوە واشـنتۆن ناچـار نابێـت سـەرلەنوێ بگەڕێتـەوە بۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان[٣].

(١) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١.

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢ نەخشەی دژە فڕینی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق.

(٣) سـلیمانی سـهام، تاثیـر حـق التدخـل الانسـانی علـی السـیادة الوطنیـة دراسـة حالـة العـراق ١٩٩١م، جامعـة جزائیـر، کلیـێ العلـوم والسیاسـة والاعـلام، ٢٠٠٥م، صـص ١٣٨-١٥٠.

## ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ حکومەتی عێراق دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە کوردستان کشاندەوە، کە پێشتر وەك دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاریان دەکرد، لە ئەنجامدا بۆشاییەکی کارگێڕیی بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵکی کوردستان دروستبوو، ئەمەش هانی بەرەی کوردستانی دا بۆ ئەوەی بڕیار لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی یاسایی و ڕەوا، بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستان بدات. ئەوەبوو بڕیاردرا لە مانگی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی هەنگاوێك بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە کارگێڕییە، سەرەنجام لە پاش هەڵبژاردن، یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، چونکە لەو ماوەیەی حکومەتی عێراق دامودەزگاکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە، بەرەی کوردستانی کاروبارەکانی خەڵکی ڕایی دەکرد(١)، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق سەرجەم دامودەزگا کارگێڕییەکانی خۆی بەتەواوی لە باشووری کوردستان کشاندەوە، بڕیاریدا ئابڵوقەی ئابووری بە سەر کوردستاندا بسەپێنێ و ئازووقە و سوتەمەنیشی بەتەواوەتی لێ قەدەغەکردن، لە ئەنجامی ئەمەشدا نرخی خواردن بەتایبەتیش لەزستاندا زۆرگران بوو، بە جۆرێك خەڵك کەلوپەلی ناوماڵی بۆ خواردن دەفرۆشت، مەبەستی حکومەتیش لەمە ئەوە بوو تا بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەوە ڕەوشی کوردستان تێك بچێت وپاشاگەردانی دروست ببێت(٢)، حکومەت مەبەستی خۆی هەبوو لەو ئابڵوقە ئابوورییە، دەیەویست بەو پیلانە نەگریسەی پارتە کوردییەکان لەنێو خۆیان ناکۆك و ناتەبابن، تا خەڵکی سڤیل فشاریان لەسەر بکات بۆ وەدەستهێنانی پێداویستسەکانیان، هەموو ڕێگاکانی نێوان هەرێم و بەغدای داخست و ڕێگا

---

(١) سامان صالح، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢١.

پیادەڕۆکانی مین ڕێژ کرد، لەو دیو سنووریش هێزێکی گەورەی سوپای لێ دامەزراند، داواشی لە فەرمانبەر و موچەخۆرانی کوردستان کرد ، کە ئەوەی دەیەوێت مووچەکەی بمێنێ، دەبێت بچێتە خوار هێلی بەرگریەکە[1].

حکومەتی عێراق، بەهۆی سیاسەتەکانی، دەیەویست هەولێك بدات بۆ لەباربردنی خەونەکانی گەلی کورد، بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەر، پاشان سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك و خۆ دەرباز کردن لەو بارودۆخە و بۆشاییە کارگێڕییە، ئەوەبوو لە ٨ی نیسانی ١٩٩٢ ڕێککەوتن لەسەر «پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆیی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان» کرا، بەپێی ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە ناوخۆییە ١٠٥ نوێنەر هەڵدەبژێردرێن و ڕێژەی ٧٪ دانرا بۆ بۆ نوێنەرانی پارتەکان، تا بتوانن بچنە ناو پەرلەمان[2]، هەرچەندە زۆرێك لە پارتە سیاسییەکان گلەییان لە سیستەمی ڕێژەیی هەبوو، چونکە پێیان وابوو ڕێژەکە زۆرە بۆیە پێویستە بۆ ڕێژەی ١٪ دابەزێندرێت، بەڵام سەرەنجام گۆڕانکاری لە ڕێژەکە نەکرا و بەپێی ئەم ڕێژەیە ئەنجامی هەڵبژاردن پەسەند کرا[3].

لەبەرەبەیانی ١٩ی مایسی ١٩٩٢دا کەرنەڤاڵێکی پڕ جۆش و خرۆش لە کوردستاندا ئەنجام درا، بەحەماسەتێکی زۆرەوە خەڵك چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگیان بە پاڵێوراوەکانیان دا، ئەم پڕۆسە نیشتیمانییە لە مێژووی بزاڤی ڕزگایخوازی کوردستان وەرچەرخانێکی مەزن بوو، چونکە یەکەم جار بوو کورد لە وڵاتی خۆی بەشداریی لە هەڵبژاردنێکی سەربەخۆ و ئازاد بکات، بەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنە هاتنە کایەی پەرلەمانێکی نێوخۆیی و دامەزراندنی حکومەتی کوردی بوو[4]. ٩٦٧

(١) فیبی مار، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤١٤.

(٢) ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٧.

(٣) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٨.

(٤) ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٧.

هەزار و ٢٢٩ کەس لە هەڵبژاردنی لیستی پارتە سیاسییەکاندا بەشداربوون، پەرلەمانی کوردستان بوو بە یەکەم دامەزراوەی یاسا دانان لە مێژووی کورد و کوردستاندا[١]. ئەوەبوو ئەنجامی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان ٤٣٧٨٧٩ هەزار دەنگی بەدەستهێنا کە دەیکردە ٤٥,٥٪ کۆی دەنگ، یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی زەحمەتکێشان ٤٢٣٨٣٣ هەزار دەنگیان بەدەست هێنا واتە ٤٣,٦١٪ کۆی دەنگەکان[٢]، ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانیش بەم شێوەیە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان لە٥١٪ بوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٤٩٪، حزبەکانی تریش هیچ کامێکیان نەدەگەیشتنە ٧٪، تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامی توانی ٥٪ دەنگەکان وەدەست بهێنێت[٣]، بەڵام ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن یەکێتی نیشتیمانی ڕەتکرایەوە و قبوڵ نەکرا، خەریك بوو گرژی وئاڵۆزی دروست ببێت، بەڵام لەدوای ٣ ڕۆژ لە هەڵبژاردنەکە، هەردوو پارتی سەرەکی بڕیاریاندا ١٠٠ کورسیەکەی پەرلەمان لەسەر بنەمای ٥٠ بە ٥٠ دابەش بکەن، هەردوولا بەشێوەیەکی یەکسان دەسەڵات لە کوردستان بەڕێوەبەرن و کۆتایی بەو گرژی وئاڵۆزیە بهێنن، لەئەنجامی ئەمەشدا پەرلەمان پێك هات کە لە (١٠٥) ئەندام پێکهاتبوو، پێنج کورسییەکەی تر بۆ نەتەوەکانی تر تەرخان کران[٤].

شەهیدانی داستانی کۆڕێ بریتی بوون لەو پێشمەرگە قارەمانانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە:

---

(١) بەدران ئەحمەد حەبیب، هەلبژاردنەکانی کوردستان ١٩ ئایار١٩٩٢، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨، ل٩.

(٢) سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆی کورد، بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد، سەرەنجام، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل٢٧٧.

(٣) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٦.

(٤) ن. لازاریف، سەرچاوە، ل٥٧٧-٥٧٨.

١. شەهید عەلی سلێمان بابکەیی
٢. شەهید محەمەدئەمین مەلا موسا بابکەیی
٣. شەهید فاروق گڕاوی
٤. شەهید محسن عبدالکریم
٥. شەهید فاخر عبدالرحمن
٦. شەهید فەرهاد
٧. شەهید حاتەم
٨. شەهید کارزان
٩. شەهید یونس
١٠. شەهید هەمزە دیبەگەیی
١١. شەهید فەرەج
١٢. شەهید عومەر
١٣. شەهید شێروان

## ئەنجام

شـەڕی کۆڕێ لە مێـژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردسـتان وەرچەرخانێکی مـەزن بـوو، ئـەو بەرگریـەی هێزی پێشـمەرگە لـە دەربەندی کـۆڕێ کۆمەڵێك کاردانـەوەی مەزنـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، بێگومـان توێژینـەوە لـە لـە دەرەنجامـی شـەڕێك کـە ماوەی سـی و یەک سـاڵی بەسـەر تێپەڕیـوە، ڕەنگە کارێکـی هـەروا ئاسـان نەبێـت، چونکـە ئەوانەی ئـەو نەبەردیەیـان تۆمارکرد، زۆرێکیـان هیـچ یاداشـتێکیان تۆمـار نەکرد بـوو، بۆیە بۆ توێژینەوە سـەبارەت بـەو بابەتـە تەنهـا پشـت بەسـتراوە بـە یـادەوەری ئـەو پێشـمەرگانەی لـە ژیانـدا مـاون، بێگومـان شـەڕی کـۆڕێ مشـت و مڕێکـی زۆری لەسـەرە، سـەبارەت بـەوەی کـە کـێ ئـەم شـەڕەی کـردووە، چونکـە ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ڕاسـتی ڕووداوەکان بـەو شـێوەی کـەوا هەیـە باسـی لێـوە ناکرێت، بۆیـە لـە ئەنجامـی ئـەم توێژینەوەیەمـان گەیشـتینە ڕاسـتی ڕوودواەکـە، کـە بـەو شـێوەی خوراوەیـە:

١- پێداگیـری سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لەسـەر بەرگـری کـردن، کـە ئەگـەر باجەکـەی نرخـی هـەر چەنـد بێـت، چونکـە ئـەو چەنـد ڕۆژێك پێش شـەڕی کـۆڕێ ڕاشـکاوانە دەڵێـت: مـردن لەسـەر خاکـی خۆمـان باشـترە لـە ژیانـی پەناهندەگـی ئـەم وڵات و ئـەو وڵات، ئـەم هەڵوێسـتەی سـەرۆك بارزانـی کاریگـەری زۆری هەبـوو لەسـەر ورەو بەرگـری هێـزی پێشـمەرگە. خۆیشـی ڕاسـتەوخۆ ئامادەیـی هەبـووە لـە بـەرەی شـەڕ.

٢- لـە قۆناغـی یەکەمـی شـەڕی کـۆڕێ کـە دەکاتـە ٧ی نیسـانی١٩٩١ تەنهـا هێـزی بـارزان و مەفرەزەیەکـی حالـی دۆلەمـەری بەرگیـان کـردووە، لەگـەڵ سـێ پێشـمەرگەی سۆسیالیسـت و دوو پێشـمەرگەی یەکێتی، کە ئەمە ڕاسـتی ڕووداوەکەیـە، ئـەوەی زیاتـر بگوترێـت زێدەڕۆییـە سـەبارەت بـە ڕاسـتی ڕووداوەکە.

٣- ڕێکخستنەوەی هێلی بەرگری لەلایەن خودی جەنابی سەرۆك، کە لەڕۆژانی ٨ مانگ تاوەکوو ١١ مانگ کە هێرشی دووەم دەستی پێکرد، بۆ خۆی لە شەقڵاوە سەرپەرشتی چەندین کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کردووە بۆ هاندانیان تاوەکوو بەرگری بکەن.

٤- شەڕی دووەمی کۆڕی هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك مەسعود بارزانی بەشداریان کردووە لە بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین. ئەم یەك هەڵوێستیەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بوو بە هەوێنی سەرکەوتنێکی مەزن.

٥- خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و ئەو بەرگریە بەهێزە، حکومەتی عێراقی ناچار کرد پەنا بباتە بەر دانوستان لەگەڵ بەرەی کوردستانی.

٦- بڕیای ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەرێمی دژە فڕین، هەموو ئەوانە دەسکەوتی بەرگری و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە بوون لە کۆڕێ.

٧- هەڵبژاردنی ئازادی ساڵی ١٩٩٢ خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، هەموو ئەوانە بەرهەمی خۆڕاگری و دەسکەوتی نەبەردی شەڕی کۆڕێ بوون بۆ خەڵکی کوردستان.

٨- هێزی پێشمەرگە بە بەخشینی خوێنی سیانزە شەهید توانی بەرگریەکی بێ وێنە بکات و سەروەریەکی مەزنی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تۆمار کرد، لەبەرامبەریشدا زەرەرو زیانێکی زۆر کە بریتی بوو لە کوشتنی سەدان سەرباز و تێکشکاندنی چەندین تانك و زریپۆش بەر سوپای عێراقی کەوت، وێرای ئەوەی هێزەکان نابەرامبەر بوون، لەهەمان کاتیشدا زیانەکانیش نا بەرامبەر بوون، پێشمەرگە بە گیانێکی فیداکارانەو خۆ نەویستانە ئەم داستانەی تۆمارکرد.

لە کۆتاییدا هیواداریـن توانیبێتمان پەردە لەسەر ڕاستی ڕووداوەکە

هەڵبماڵین و ڕاستی ئەم شەڕە مێژووییە وەکوو ئەوەی هەیە بخەینە بەرچاوی خوێنەران و ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

# پاشکۆ و دۆکیۆمێنتەکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

## بەر لە داستانی کۆڕێ سەرۆک بارزانی
## یان دوژمن نایەتەوە وە بۆ کوردستان
## یان دەبێت بەسەر لاشەی ئێمەدا بێتەوە بۆ کوردستان

لەبەر ئەوەی جەماوەری کوردستان ڕاپەڕی و ڕاپەڕینەکەش بە شێوەیەکی مونەزەم و بەرنامە بەڕێوە نەچوو ئێمەش نەمانتوانی یان ئەو مافەمان بە خۆمان نەدا کە تەدەخولێکی ڕاستەوخۆ لە کاروباری جەماوەرەکە دا بکەین، ئێستاش وابزانم ئێوەش کەستان ئامادە نین دەستکەوتێکی گەورەی وەها لە ئازادی هەروا بە ئاسانی لەدەست بدەین و وڵاتە خۆشەویستەکەمان تەسلیم بە دوژمن بکەین، ئەگەر ئێمە ئامادەیی گیان فیدایی و خۆبەخت کردنمان نەبێت بۆچی ڕاپەرین و شۆڕشمان کرد؟ هەندێ شت لە کاتی ڕاپەڕین ڕوویدا کە جێگای داخێکی زۆرەو لە کاتی خۆیدا حەزمان نەکرد ئیشارەتی پێ بدەین بۆ ئەوەی دڵی کەس بریندار نەبێت، یان بیر لەوە بکاتەوە کە ئێمە بە تەمای شتی ترین، بەڵام لە ڕاستیدا نابیت لە میژوودا شتێکی خراپ لەسەر لەسەر ئەم جیلە تۆمار بکریت ئەمڕۆ دونیای تەکەلۆژیایە، هەر بە ئیرادە شەڕناکریت، بەڵکو دەبی چەکێکمان هەبێت تا بەرگری پێ بکەین و شەڕی پێ بکەین، بەداخەوە ئێمە یەك مانگە هاوار دەکەین تا بتوانین ئەو چەکانە بەکار بێنین بە داخەوە هیچ هاوکاریەکی ئێمە نەکراوە، ئێستاش دەبێ هەریەك لە ئێمە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئایا بۆ کوێ بڕۆین؟ ئایا ڕیگەی ترمان لە پیشە تالە غەیری ئەوەی ئەو ئازادی و سەربەستیەی بەدەستمان هێناوە بەرگری لێ بکەین، ئەگەر ڕێگەی تر هەیە قەیدی نیە، بەڵام بڕوا بکەن لە غەیری بەرگری کردن ڕێگەی دیکە نیە، جا لەبەر ئەوە پێویستە بەرگری بکەین هەرچی لە توانامان دا هەیە و بە هەر قوربانیەك کە لەسەرمان دەکەویت و ناشبێت دوژمن بەو ئەفسانەیە بزانن کە بە هێچ شتێك ناشکێت، چونکە هەر ئەو دوژمنەیە

کـە لـە سەرتاسـەری کوردسـتان ئافـرەت لـە پێـش پیـاو بـە چەپڵـە هێرشـیان دەبـردو بـارەگای سـێ فەیلەقتان گرت، دڵنیاتـان دەکەم هەر ئـەو دوژمنەیەو نەگـۆڕاوە، بـەڵام ئێمـە گۆڕاویـن و خەریکـی دەسـتکەوتی شەخسـین و دەسـتکەوتی تەسـك و فەرهـوود و تـاڵان بـووی لـە جیاتـی ئـەوەی خەریکی ڕیکخسـتنی ڕیزەکانمـان بیـن بـۆ بەرگـری کـردن لـە وڵاتەکەمـان، ئەمـە چەند ڕاسـتییێکە و ناچاریـن ئامـاژەی پێبکـەی هەرچەنـدە تالێـش بـن.

بەڵـی ڕاسـتە دوژمنـان هەرچـی هێزیـان هەیـە لـە کوردسـتانیان کـۆ کردۆتـەوە بـۆ کوشـتن و گرتنـی ڕۆڵـەو منـداڵ قسـوریان نەکـرد. ئێمـە مەسـولیەتێکی گەورەمـان بەرامبـەر وڵاتەکەمـان لەسـەر شـانە، جارێکـی تـر دەڵیـم دوژمـن ئـەو دوژمنـە نیـە کـە جارێکـی تـر بتوانـێ هەموو کوردسـتان داگیـر بـکات ئەگـەر چەنـد دەسـتکەوتێکی بەدەسـت هێنـا بێـت لەبـەر ئـەوەی لـە پێشـدا بەرپرسـیاریەتی دابـەش نەکرابـوو (هەمـوو کـەس بەرپرسـیار بـوو، کەسـیش بـەر پرسـیار نەبـوو) لـە وەزعێکـی وادا بـێ شـك تووشـی شکسـت دەبێـت و ئەگـەر چارەسـەریش نەکرێـت توشـی شکسـتی زیاتریـش دەبیـن، ڕاسـتە ئێسـتا دوژمـن لـە هەولێـرە بـەڵام پێویسـتە بزانـن پێشـمەرگەش لـە هەولێـرە، بـە پێویسـتم زانـی کـە بێـم بـۆ شـاری ڕوانـدز چونکـە ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر لـە خوشـك و برایانـی تـری کوردسـتان لـە کـەرك و هەولێـر ڕوویـان کردۆتـە ئـەو ناوچەیـە، بۆیـە ئێسـتاش ئێمـە هـەر دەڵێیـن ڕوانـدز شـارێکی مێژوویی کوردو کوردسـتانە، شـاری پاشـای گەورەیە و ئێمـە پێـی سـەربەرزین، چونکـە یەکەمجـار لـەم شـارەدا میللەتەکەمـان ئیکتیفـای زاتـی کـردووە پشـتی بـە خـۆی بەسـتووە و چەکـی بەرگـری بـە دەسـتی خـۆی دروسـت کـردووە، دوژمـن کـە دەیـەوێ قەزاکەمـان بگـۆڕێ ئـەوەش یەکێکـە لـە پیلانـە گڵاوەکانـی دژی کـورد و مێـژووی کوردسـتان.

هەڵسـانی جەمـاوەر پێـش مانگێـك کارێکـی زۆر گـەورە بـوو لـە بۆچوونـی هیـچ کەسـدا نەبـوو، بـەڵام ئەزموونێکـی زۆر دەوڵەمەندبـوو بـۆ ئێمـەی کـوردو بـۆ هەمـوو گەلانـی ئازادیخـوازی جیهـان کـە ئەگـەر بێـت و

گەلێك ڕیزەکانی ڕێك بخات ئەوا هیچ هێزێك نیە کە بتوانێت ڕێگای خواستەکانی ئەم گەلە بگرێت. بەڵام ئەگەر ناتەبا بن بێگومان ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن.

ئەزموونی ئێمە باشترین ئەزموونە بەو پێیەی لە ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ئەمڕو کە ٧١ ساڵ دەکات شەڕی (هەندرێن و زۆزك) شاهیدی قارەمانیەتی پێشمەرگەی کوردستانن. شاهیدی خۆڕاگری و فیداکاری گەلی کوردە، بەڵام چونکە تەبا نەبووین نەگەیشتین بە ئاوات، بارزانی نەمر کە خۆشتان دەزانن لە سەر شاخی هندرێن و زۆزك ئەیڕوانی بۆ شاری ڕواندز بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە ببینێ لە ڕواندزو هەموو شارو شوێنەکانی کوردستان، کورد بە ئازادی و سەربەستی بژین، بەڵام بە ئاوات نەگەیشت، هەزارەها شەهیدانمان بە ئاوات نەگەیشتن، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین ئێوەی خۆشەویست بە ئاواتی پیرۆزی کوردو کوردستان گەیشتن ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و زەحمەتی سەرکردەکانمانەو دەبێ هەتا ماوین ئەم یەکیەتیە بپاریزین، ئەگەر لەم شوێنە تووشی پاشەکشێ یان شکستێکی سەربازی ببین، بەڵام ئێمە لە ئەنجامدا ئەو برایەتیەو ڕێککەوتنە بپارێزین ئەوا دوژمن زۆر زۆر لەوە کەمترە بتوانێ وڵاتەکەمان داگیر بکات.

ئێمە لە سەرتاوە نەمانتوانی تەدەخول لە ئیشی ئێوە بکەین بە شێوەیەکی فراوان، چونکە جەماوەر خۆی هەڵسابوو، وە بۆئەوەی تەفسیراتی هەلە نەکرێت ویستمان هەموو شتێك بۆ ئیرادەی جەماوەر بێت بەڵام خۆشتان دەزانن هەر کارێك ئەگەر ڕێکخستن و سەرکردایەتی تێدا نەبێت و سیستمێکی تێدانەبێت دوژمن گەورەترین سوودی لێ وەردەگرێت، ئێمەی کوردیش زەرەرمەندی یەکەم دەبین لەو فەوزایە، وە ئەگەر بەرگری لێ نەکەین و ڕێگەی لێ نەگرین زۆر خراپمان بەسەر دێ، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی کە خۆم بێمەوە بۆ ناوچەی ڕهواندز بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست خوشك و برایانی شوێنەکانی تری

کوردستان یەکتر ببینین و بەرنامەی خۆمانتان بۆ ڕوون بکەینەوە.

دوژمن سوودی لە فەوزای ناوخۆمان وەرگرتووە، بەڵام زۆر بێهێزە و ئابووریشی لاوازە، ئەگەر دوژمن جەنازەش بێت نەیشارینەو ئەوا بۆنەکەی هەراسانمان دەکات، ئێمە بۆ هەر شوێنێ بچین ژیانی پەناهەندەگی لەم وڵات یان لەو وڵاتی دیکە ژیانێکی تاڵ و ناخۆشە، مردن لەسەر خاکی کوردستان سەد هەزار جار پیرۆزترو خۆشترە لەوەی مرۆڤ لە ئەوروپا یان لە لە وڵاتێکی تر بژی، بێگومان ئەگەر هیمەت بکرێ هەر وەك پێشتر، نیەت پاك بیت و دەستپاك بیت ئەوە دڵنیا بن دوژمن هیچ نیە، ئەوەشی بەدەستی هێناوە پشت بە خوا پاش چەند ڕۆژێکی تر لێی دەستینینەوە، مومکین نیە ڕێگا بدرێ دوژمن جارێکی تر ئەم وڵاتە جوانەمان لێ داگیر بکاتەوە.

بەرگری کردن لە کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نیە بیر بکەینەوە کوردستان بە جێ بێڵین، ڕۆژی ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە کوردستانی ئازادکراو بپارێزین، ئەوەی دوژمن توانیویەتی بە هۆی نارێکی و فەوزای نا خۆمان توانی بێتی چەند شوێنێکمان لێ وەربگرێ دەبێ لێی بسەنینەوە ئێوە هەمووتان پێشمەرگەن و پێویستە هەموو یەکێك لە ئێوە ئامادە بێت وەك پێشمەرگەیەك بەرگری لەو خاکە بکات، ورەتان بەرز بێت چونکە ورەی پێشمەرگە بەرزە، یان دوژمن نایەتەوە بۆ کوردستان یان دەبێت بەسەر لاشەی ئێمەدا بێتەوە بۆ کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## دوای سەرکەوتنەکەی کۆڕێ

## سەرۆک بارزانی

## ئەم سەرکەوتنە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی هەموو میللەتی کوردە

## بناری سەفین

ئەمڕۆ لەبناری لوتکەی سەفینین کە هەزارەها شەهید و بریندارمان لێیدا هەتا بەم ڕۆژە بگەین، هەموو شاخێکی کوردستان جێ واری شەهیدێکە، جی واری ڕەنج و زەحمەتی چەند قارەمانێکە، بێگومان ئەم سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات ئەگەر هەموو چینەکانی میللەتی کورد نەبووبان بەیەك. من ئەمە بە هەل دەزانم سوپاسی جەماوەری تێکۆشەر کوردستان بکەم، سوپاسی پێشمەرگە شۆڕشگێرەکان بکەم، سوپاسی ڕێکخستنەکانی ناوشاری هەموو حزبەکان بکەم، سوپاسی پیشمەرگە قارەمانەکان بکەم کە وەك برا هەموو شتێکیان لەبیر چوبۆوە تەنها ئازادی کوردستانیان لە هزردا بوو، هەر بۆ ئەوە هەوڵیانداو سەرکەوتن تیایدا، پیرۆز بێ لەگەلی کورد ئەم سەرکەوتن و برایەتیە، چونکە ئەم یەکیەتیە بوو بووە هۆی سەرکەوتنی میللەتی کورد، دەبێ پێش هەموو شتێك بیپارێزین و لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە و ئەوەی ڕابردوو لەبیر هەموومان بچێتەوە، دەبێ بەرەو ڕۆژی ڕوناکترو سەرکەوتن و پیشکەوتن هەنگاو بنێین، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە، بۆ ئەوەی دوژمنان نەڵێن کورد هەر لە جەنگدا چالاکن بەڵکو دەبێ بیسەلمێنین کە کورد لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەشیان زیرەکن ئەگەر بوارمان پێ بدەن.

شۆڕشی میللەتی کورد شۆڕشی ئەم حەوت ڕۆژە، شۆرشی سەرکەوتن شۆڕشی پیرۆزی شۆرشی ئازادی لە دژی زوڵم و زۆرداری و ئوردووگا زۆرە ملێکان بوو، کە ئامانجی ئەوە بوو میللەتی کورد بتاوێنێتەوە، بۆ ئەوەش

بـە سـێ ڕێـگا شـەڕی میللەتـی کـورد کـرد بـۆ ئـەوەی لـە ڕەگـەوە نەهێڵێ و داهـات و ڕزقـی گـەل لەدەسـتی خۆیـدا بـێ، گەلێـك ئەگـەر لـە زەوی خـۆی هەڵکەنـدرا مانـای ئەوەیـە سـەرچاوەی ژیانـی نامێنـێ، ئێمـە وامـان لـێ کـرا، چونکـە ئەگـەر گەلێك لەسـەر زەوی خـۆی هەڵکەندرا وەك خـۆی نامێنێتەوە.

هەمووـمـان دەزانیـن میللەتـی کـورد تـا سـاڵی نەوەدیـش ژیانـی خـۆی لەڕیـگای کشـتوکاڵ و بەخێوکردنـی مـەڕو مـاڵات دابیـن دەکـرد، ئـەم سەرچاوەیەشـی لـێ زەوت کرابـوو. ئۆردوگاکان کـە لـە ژێـر چاودێـری دارودەسـتەی حکومەتـی ناوەنـد دا بـوون بـۆ ئەوەی شـەڕی داب و نەریت و بەهـای میللەتـی کـورد بکـەن، بـەم شـێوەیە ویسـتیان ئێمـە وەك نەتەوەیەك بتاوێننـەوە، کـە ئـەم شـەڕە لـە شـەڕی کیمیـاوی و تانـك و تـۆپ پڕ مەترسـی تـر بـوو، ئـەم شـۆڕش و خەباتـەی ئێمە بۆ نەهێشـتنی ئـەو سـتەم و جەورەیە کـە بەسـەر گەلەکەمانـدا سـەپا بـوو.

ئـەم پیرۆزیـە سـەرکەوتنی میللەتـی کـوردەو ئەنجامـی هـەوڵ و تێکۆشـانێکی گشـتییە، هەمـوو چیـن و توێژەکانـی گەلـی کـورد بەشـداریان تێـدا کـردووە، لەبـەر ئـەوە لـەم ڕۆوە ئێمـە دەبـێ پێـش هەمـوو شـتێك کوردایەتـی بکەیـن، کوردسـتان جێگـەی حزبـەکان عەشـایەر و جوتیـار و مـەلای تێدایـە. وەك گەلێـك دەبـێ مولتـەزم بیـن بـە عـورف و عـادات و قیەمـی خۆمـان، کـورد میللەتێکـی موسـوڵمانە دەبـێ هەمـوو ڕێزێك بـۆ ئاین و پیاوانـی ئایینـی دابـنرێ، هەروەهـا دەبێ دەسـەڵاتی یاسـا هەبـێ نەك هەر کـەس بـە کەیفـی خـۆی بجوڵێتەوە، ئەمـەش دەبێ ئیسـپات بکـرێ، هەروەها ئێمـە خاوەنـی ئەوەیـن کـە کوردسـتان عەدالەتێکـی زۆری تێـدا هەبـێ و فـەرق و جیـاوازی نەبـێ و کـەس مافـی هەڕەشـەو تەعـەدی لـە کەسـی تـر نەبـێ، هـەر کـەس جیـگاو مەوقـع و مافـی پارێـزراو بـێ، دەبێ زوڵم و سـتەم چ لـەلای خۆمانـەوە بـێ چ لـەدەرەوەی خۆمانـەوە بـێ دەبـێ هەتـا هەتایـە ڕیشـەی لـە کوردسـتان هەڵبکەنـرێ، نابـێ جارێکـی دیکـە کـوڕی کـورد چ بە دەسـتی کـورد چ بەدەسـتی بێگانـە تووشـی سـتەم بـێ.

میللەتـی کـورد بـەم سـەرکەوتنە گیانـی هەمـوو سـەرکردەکان، شـێخ سـەعیدی پیران شـێخ عبدولسـەلامی بارزانی، شـێخ مەحمودی نەمر، بارزانی، کاك ئیدریـس و هەمـوو شـەهیدانی کـوردو کوردسـتان وگیانـی هەموویانـی شـاد کـرد، سـوپاس بـۆ خـوا خوێنی شـەهیدان بـە فیـڕۆ نەڕۆیشـت و ڕەنجی تێکۆشـەران بـە فیـڕۆ نەچـوو، سـوپاس بۆ خـوا ئەمڕۆ وا بـە ئازادی گەیشـتین و بیـرو ڕاتـان پیرۆزتـان بێ و زۆر سـوپاس.

# پاشکۆی ژمارە (٣)

## تێکستی بڕیاری ٦٨٨ بە زمانی ئینگلیزی

"The members of the Security Council have considered the report of the Secretary-General of 19 December 1991 on his mission of good offices in Cyprus.[122]

"The members of the Council expressed their deep gratitude to the Secretary-General for his long and tireless efforts in seeking a just and lasting solution to the Cyprus question. They noted with appreciation that thanks to his efforts, progress was made during this year towards achieving an overall framework agreement.

"The members of the Council reaffirmed the Council's position as expressed in its previous resolutions, especially in resolutions 649 (1990) of 12 March 1990 and 716 (1991) of 11 October 1991.

